# هونەری ڕاوەژن

حەمەسەعید حەسەن

هونەری ڕاوەژن
حەمەسەعید حەسەن
ستۆکهۆڵم 2000
چاپی دووەم
بنکەی خەرمانە
بڵاوکردنەوەی سەر ئینتەرنێت: **کۆمەڵەی وەشانی کۆچەر**
www.dengekurd.com

ISBN 91-972097-8-3

ناونیشانی داواکردنی بەرهەمەکانی نووسەر:
Hamasaeid Hassan
Vasa v. 20 B
641 32 Katrineholm
SWEDEN

به **داليا**، ئەو گوڵەژنەی گوتی:

‹ئەگەر پێت ناخۆشە بمرم
تکایە کە ڕامدەمووسی
هۆنراوەم بۆ مەخوێنەوە،
کە شیعرم بۆ دەخوێنییەوە
ماچم مەکە،
من هاوزەمان
بەرگەی هەردووکیان ناگرم.›

**پێشکەشە**

**دوو سەرنج:**

* بە دەم سەر لە نوێ بۆ چاپ ئامادەکردنەوەی ئەم ساتیرانەوە، کە هێندەی من ئاگادار بم لە:
بارزان،
برایەتی،
برایەتی ‹ئەدەب و هونەر›
بەربانگ،
پەیام،
چراخان،
دۆستایەتی،
ڕزگاری،
ڕێگای کوردستان،
ژیلەمۆ،
ژینی نوێ،
سروە،
سەکۆ،
کوردستان،
کوردستانی نوێ،
گزینگ،
گوڵان،
هاوار و
هەڵاڵە›
یشدا بڵاو بوونەتەوە، سووکە دەستکارییەکی هەندێکیانم کردووە.
** ئەم چاپە بە بەراورد لەگەڵ ئەوی پێشوودا، پێنج ساتیری تازەیشی تێدایە.

## وتوویژ

لە کوردستانیش ناو بە ناو ‹هۆنراوە›ی دەنووسی، جا کێ لە کوردستان هۆنراوە نانووسێ! بەش بە حاڵی خۆم کەس شک نابەم شیعری نەنووسیبێ.

بڕوا ناکەم لە بواری زۆربڵێیدا کەس شان لە شانی ڕەحمان کێوەڕەشی بدات، ئەگەر گوێگری هەبێ یەک بینە قسە دەکات، نە وێرگول دادەنێ نە خاڵ، بواری بەڵێ و سەرلەقاندنیش بۆ بەرامبەرەکەی ناهێڵێتەوە، دەڵێی قارەمانی ڕۆمانی جیمس جۆیسە.

من پێشتر سووکە پێوەندییەکم لەگەڵ هەندێ شاعیری ڕاستەقینەدا هەبوو، خەسڵەتی هاوبەشیان: کەمدوویی بوو. لە بیرمە کە کلود سیمون خەڵاتی نۆبێڵی وەرگرت، لە وەڵامی پرسیاری: ‹بۆ دەنووسیت›دا، گوتی: چونکە توانای قسەکردنم نییە. بە منداڵی بەسەرهاتێکم دەربارەی سەرتاشێکی چەنەباز خوێندبووەوە، ڕەحمان ئەو سەرتاشەی بیر دەهێنامەوە و هەرگیز بڕوام نەدەکرد کەسانی هەڵەوەڕ ببنە شاعیر و نووسەر.

ڕەحمان لە کار دەرکرا، شیعریش زادەی بێکارییە، ئیدی دەستی دایەوە شیعرنووسین، دەتگوت تووشی بەلەفیرەی شیعریی هاتووە. شیعری بۆ هەموو گۆڤارە کوردییەکانی ئەورووپا دەنارد، بەڵام هەمیشە ناوی خۆی لە پۆستەی خوێنەراندا دەبینییەوە. ناچار بڕێک لە شیعرەکانی خۆی، لە نامیلکەیەکدا کە بە قەوارە هێندەی دەفتەرێکی خزمەتی سەربازی دەبوو، کۆکردەوە. ڕەنگە بەو کارەی بێبایەخترین کۆمەڵەشیعری بە کتێبخانەی کوردی بەخشی بێت. ئاخر لە هەندێ جێی ئەو دیوانە سووکەڵەیەیدا باسی شتی ئەوەندە پیسی کردبوو، خوێنەر دەکەوتە هێڵنجدان.

ڕەحمان هەر بەو نامیلکەیە ئارامی نەگرت، کاسێتە شیعریشی بە دەنگی خۆی، کەوتە گیرفانییەوە و هەر ناسیاوێکی دەبینی، دانەیەکی پێشکەش دەکرد.

لە سوێد شاعیری کورد نییە گۆڤار دەرنەکا، ڕەحمان سوودی لەو دیاردەیە بینی و بە زۆر بێ یان خوایشت، خۆی لە شاعیرێکی سەرنووسەر نزیک خستەوە، شاعیر بۆ کوێ بچوایە، ئەم لە خزمەتیدا بوو، دەیگەیاندە هەموو کۆڕ و پرسەیەک، ئیدی گونجی بەختی بەربوو. شاعیری سەرنووسەر ناوبەناو شیعرێکی بۆ بڵاودەکردەوە. وای لێ هات کە پێکەوە بۆ کۆڕێ دەچوون، هەندێ دەیانگوت: ئەوە دەنگێک و نووزەیەک هاتن، دەنگەکە: شاعیرەکە و نووزەکەیش: ڕەحمان بوو. جاری وا هەبوو کەسانی داخ لە دڵ تەواو پێیان لێ هەڵدەبڕی و بە ‹دوو مەیموونە چێشتلێنەرەکە›یان دەچواندن.

نەخێر کار لە شیعردا نەما، ڕەحمان کەوتە ‹ڕەخنە› نووسینیش. دەڵێن: ‹ترسنۆک بە خاڵی خۆی دەوێرێ،› ئەمیش هەر کە هاتە دەست، لوولەی ژەنگنی چەکی بێ فیشەکی ئاڕاستەی دوو نووسەری گومناوی هاوشارۆچکەیی خۆی کرد.
جارێکیان نووسەرانی کورد لە سوێد بۆ داکۆکیکردن لە هاوڕێیەکی کوردستانیان، کە جەللادێکی کوردی قەڵەموەشێن بە گیری هێنابوو، ئیمزا کۆ دەکەنەوە و هەواڵی شاعیری سەرنووسەر لە ڕەحمان دەپرسن. ئەمیش هەردوو پێیان لێ دەکاتە یەک تاک کەوشی میللی و لەژێر ڕێژنەی پاڕانەوەدا ناچاریان دەکا ناوی بنووسن. ڕەحمان کە ناوی خۆی لە نێوان ناوی نووسەراندا دەبینێ، لاقی لە زەویی دەبڕێ و خۆی لێ دەبێ بە نووسەرێکی پێنج ئەستێرە.
ڕۆژێک شاعیری سەرنووسەر بە ڕەحمانی گوتبوو: واز لە شیعر بهێنە! تازە زەحمەتە ببیتە شاعیر، ئاخر شاعیرە مەزنەکان، هەر لە ئۆسکار وایەڵد و ڕامبۆ و بۆدلێر و پوشکین و لۆرکاوە، تا ئەلشابی و فروغ و دڵدار و سوارە، هەموو بە گەنجێتیی ژیانیان لە دەست داوە، تۆ کە سەرت بۆیاخ دەکەیەوە درەنگە بۆ شیعر گوتن، ڕەخنە بنووسە، بەڵام پێویست ناکا هەموو جارێ ماستاو بۆ من سارد بکەیەوە، دەنا خوێنەر لە ڕاستگۆییت دەکەوێتە گومانەوە.
ڕەحمان حەبی ئەم توانجانەی پێ قووت نەدرابوو، بەگژ وەستایدا چووبووەوە و گوتبووی: تۆ خۆت هەمیشە دژی کولتووری خێڵ دەنووسی، کەچی لە سەرخێڵ، خێڵەکی تری. لە ئەورووپا ژنت هەیە و دەچی لە ئاسیایش ژن دەهێنی، نە ئەمی ئەورووپات دەزانێ لە ئاسیا ژنت هێناوە، نە ئەوی ئاسیات دەزانێ لە ئەورووپا ژنت هەیە! بۆچی هاوزەمان دوو ژن بۆ تۆ ڕەوایە و من بۆم نییە لە هەردوو بواری هۆنراوە و ڕەخنەدا کار بکەم! مامەحەمەیەتییەکەیش هەر لە خۆتەوە فێر بووم، جیاوازییەکەمان تەنیا مەگەر ئەوە بێ، تۆ بۆ کاربەدەستانی دەکەیت و من بۆ گۆڤاربەدەستان.
کورد کاتێ وتووێژ لەگەڵ دوژمنانیاندا دەکەن دڵیان فراوانە، بەڵام لە نێوان خۆیاندا تەنگەچیکڵدانەن. لەو وتووێژەوە ژێی پێوەندیی نێوان دەنگ و نووزە پسا، دەنگ دەروازەی گۆڤاری بە ڕووخساری نووزەدا داخست، نووزەیش کەوتە کلکەلەقێ بۆ شاعیرێکی دیکە، کە سەرنووسەری گۆڤارێکی دیکە بوو.
1999. 02. 22

# خەم و شیعر

لێرە کرێکار ڕۆژی هەشت سەعات کار دەکا، ڕەحمان قەرەتەپەیی ڕۆژی نۆ سەعات ئیشی دەکرد، لێرە کرێکار هەفتەی پێنج ڕۆژ کار دەکا، ئەو هەفتەی شەش ڕۆژ ئیشی دەکرد، کەچی گیرفانی هەمیشە هەوارێکی خاڵی بوو. تەنانەت توانای کڕینی قاوەیەکیشی بۆ هاوڕێیەکی نەبوو.
بەشێک لەوانەی سەرقاڵی سیاسەتن گێلن، ڕەحمان کە یەکێ بوو لە سوپەر گێلەکان، پێوەندیی بە کۆمۆنیستە هەرە تۆخەکانەوە هەبوو، ئەوانەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، چیمەنیان لەژێر پێی بۆرژوای دنیادا کردۆتە دۆزەخ و هاکا ڕژێمی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان هەرەسی هێنا.
دیارە لەگەڵ نسکۆی ئەو سیستەمە بۆگەنەیشدا، موڵکی تایبەتی کە هەوێنی چەوساندنەوەی ئینسانە، دەبێتە بەشێک لە کەلەپوور، ئیدی جووتیار دەبێتە خاوەنی ئەو زەوییەی کە دەیکێڵێت و کرێکار دەبێتە خاوەنی ئەو کارگەیەی کاری تێدا دەکات و کرێنشینیش دەبێتە خاوەنی ئەو خانووەی تێیدا نیشتەجێیە.
ئەم بەڵێنە شیرینانە بە جۆرێ ڕەحمانیان لە خشتە بردبوو، بە قەرز خانوویەکی گەورەی، یان ڕاستییەکەی تەلارێکی کڕیبوو، بەو ئومێدەی شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ئان و سەعاتدایە و هاکا جیهانی گرتەوە و هەر لەگەڵ بڵندبوونەوەی کڵپەی گڕی ئەو ڕاپەڕینە دنیاگرەوەیشدا، دەبێتە خاوەنی خانووی خەونەکانی. ڕەحمان هەندێ جار دەیگوت:«لە خانوویەکدا دەژیم لای خۆمان وەزیریش نییەتی،» ڕاستیشی دەکرد.
جێی داخە هەورەگرمەی شۆڕش لە هیچ کوێوە چەخماخەی نەدا و بەڵێنە خەونەکان نەهاتنە دی، ئیدی ڕەحمان هێدی هێدی بە دەردی ئەو مامرە چوو، کە لاسایی قازی کردبووەوە. ئاخر ئەو بە هیوا بوو، هەر یەک دوو مانگ قەرزی خانوو بداتەوە، ئیتر شۆڕش هەڵبگیرسێ و چەوساوە ڕاپەڕیوەکان، پەلاماری بانکەکان بدەن و ئەویش قەرزەکەی پاک ببێتەوە.
بای نەگبەتی توندتر دژی بەرژەوەندیی ڕەحمان هەڵی کرد، تا وای لێ هات ئەو قەرزەی دەبوو مانگانە بیداتەوە، لە مووچەکەی زێتر بوو، ناچار وێڕای کاری ڕۆژانەی، بەرەبەیانیان ڕۆژنامەی ساردوسڕی دابەشدەکرد و نیوەڕوانیش «کۆرڤ»*ی گەرموگوڕی دەفرۆشت، بەڵام «نۆرمەکانی»** ژیانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بە زەبری خەونی نەخۆشی هاوڕێیانی ڕەحمان نەهاتنە گۆڕین.
ئەوە چەندین نەوەیە دەوڵەمەند هەر دەوڵەمەندتر و هەژاریش هەر هەژارتر دەبێ.
ڕەحمان چونکە هێستری ئەو بارە نەبوو، لەژێر باری دژواری قەرزدا گلا و بە

قۆڵبەستراوی لە خانووی خەونەکانی کرایە دەرەوە. کورد دەبێژێ: ‹کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە،› ژنە کەمفرسەتەکەیشی کە ڕەحمانی بە مایەپووچی بینی، بڕوای بە ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە نەما و جاڕی جیابوونەوەی دا.

ئێستا ڕەحمان بێ ژن و بێ تەلار، لە خانووچکەیەکی تاکەکەسیدا، یان ڕاستییەکەی لە کونەگورگێکدا خەم دەخوا و شیعر دەنووسێ.

1999 . 04 . 02

* sausage

** ڕێساکانی

## دال و نوقته

ئەوە چەند شەوێکە قارەمانی سەرەکیی چیرۆکە نوێیەکەم دێتە خەوم و داوام لێ دەکا نازناوەکەی بگۆڕم. منیش گۆزەی دڵی ناشکێنم، لە جێی کێوەڕەشی، قەرەتەپەیی دادەنێم. کەچی قومارباز هەر زوو لەم فێڵە تێدەگات و دیسان دێتەوە خەوم و دەڵێ: قەرەتەپەیش هەر کێوەڕەشە، پێت وایە تورکی نابەڵەدم!
لە خۆڕا ئەو نازناوەم هەڵ نەبژاردبوو، مەبەستێکی خاوێنم لە هەناویدا حەشار دابوو. نەدەبوو بیگۆڕم، بەڵام حەزم نەدەکرد قارەمانەکەیشم وەک مەلێکی بریندار، لە چڵی درەختی خۆشەویستیم بتۆرێ.
کابرایەک هەبوو ڕەشەی ناو بوو، ئەندامی پارتی ‹سەوز› بوو کەچی بە ‹ڕەش› کاری دەکرد، هاوڕێکانی بە ڕەشە کەرپیاو بانگیان دەکرد. ڕەشە ڕۆژێ بە برادەرەکانی دەڵێ: هەر ناوێکی دیکەم لێ دەنێن قایلم، بەڵام بە مەرجێ لەو کەرپیاوە ڕزگارم ببێ، ئەوانیش لە دانیشتنێکی داخراودا ناوی دەنێن: قەرەخەرمان. قەرە: ڕەش، خەر: کەر، مان: پیاو، کە هەر دەیکردەوە ڕەشە کەرپیاو. منیش هونەرمەندانە دیسانەوە ئەو بەسەرهاتەم بەگەڕخست و لە بری کێوەڕەشی، یان قەرەتەپەیی هانام بۆ: مۆنتێنێگرۆیی برد. سوپاس بۆ خوای دلۆڤان، ڕەحمانۆڤیچ هێشتا دەرکی پێ نەکردووە کە مۆنتێ: muont کێوە و نێگرۆ negro یش: ڕەش.

*

شاعیرێکی بەناوودەنگ هەیە لە هەموو بۆنەیەکدا، بە تایبەتی لە هەشتی ئاداردا، لەسەر خواستی سەرۆکی هەرێم دەیکات بە هەڵڵا. ڕەحمانۆڤیچی مۆنتێنێگرۆیی وێنەیەکی دووقۆڵی لەگەڵ ئەو شاعیرە زندۆستەدا هەبوو، گەورەی کردبوو، لە چوارچێوەیەکی زیوینی گرتبوو، لە ژووری میوان، لەژێر سەعاتێکی چاڵمەی عەنتیکەدا هەڵیواسیبوو، جێیەکەی هێندە ستراتیژی بوو، هەر میوانێ دەهات، یەکسەر کۆتری سەرنجی لەسەر گومەزی ئەو وێنەیە دەنیشتەوە.
جارێک شاعیرێکی بیرەوان، میوانی ڕەحمانۆڤیچ دەبێ، پێی دەڵێ:
- ئەو وێنەیە لا ببەی چاکترە، تۆ ئەگەر خۆت هیچ نەبی، بەوەی وێنەت لەگەڵ ئەو شاعیرەدا گرتووە، نابی بە هیچ.
شاعیری بیرەوانی میوان، بەراوەژوو سوود لە بێدەنگی و میواندۆستی خانەخوێ وەردەگرێت و لەسەر ئاسنەڕێی قسەکانی دەڕوا:
- خۆ وێنەی دووقۆڵی بەڵگەنامەی زانکۆی ئۆکسفۆرد نییە، تا جێی شانازی بێ.
نارنجۆکی ئەم ڕستەیەی دوایی هەرەس بە بەربەستی پەنگاوی قینی ڕەحمانۆڤیچ

دەهێنێ و ئیتر وشە بەڕوو ئاسا، لە کوانووی دەمییەوە، بێ بڕانەوە، بەرەو ڕووی شاعیری میوان دەتەقنەوە:

- کاکی خۆم ئەدی ڕەخنە لە خۆت بۆ ناگری، لە پەیمانگای حیزبی خوێندووتە، کەچی ‹دال›ێکت خستۆتە پێش ناوەکەتەوە! پێت وایە نازانم خاوەنی دوکتۆرا نیت و بە ساختە ئەو حەرفی دال و پنتکە لە پێش ناوەکەتەوە دەنووسی! کاکی خۆم دەزانم زانکۆکانی وڵات هیچیان دانی خێریان بە بەڵگەنامەکەتدا نەنا، بۆیە لۆژەلۆژ گەڕایتەوە بۆ هەندەران. جا کاکی خۆم خۆ ئەگەر زانکۆکانی وڵات دەرچووانی پەیمانگا حیزبییەکان بە مامۆستا ڕابگرن، هاوڕێیان نانیان دەکەوێتە گۆمی ڕۆنی زەیتوونەوە و هەرچی کادیرە دەبێ بە ئوستاد!

ڕەحمانۆڤیچ هەلی ئەوقبوونی شاعیری بیرەوان لە کیس نادات و لەسەر داوا ڕەواکەی خۆی سووری تۆختر دەبێ و درێژە بە چەمی خوڕی قسە دەدا:

کاکی خۆم ئەگەر ڕاستە خاوەنی دۆکتورایت، کامەیە تێز و نامەکەت؟ بۆچی دیدەی خەمناکی خوێنەری کوردی پێ شاد و کتێبخانەی سواڵکەری کوردستانی پێ دەوڵەمەند ناکەی؟

*

ڕەحمانۆڤیچ و بیرەوانی شاعیر ئەگەرچی تازەکی لەبەر بەرژەوندی باڵای کوردستان و لەسەر خواستی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کورد ئاشتبوونەوەی گشتی و سەرانسەرییان پەنجەمۆر کردبوو، بەڵام هەمدیسان بایاندایەوە سەر بای بەرە کۆن و گڕ و کڵپەی شەڕەقسە لە ئێزگە دەمەراشەکانیانەوە بڵندبووەوە و هێندەی نەبرد کەوتنەوە تەپە و تەپۆڵکە و گرد و گردۆڵکە و یاڵ و قوتکەی لە ڕووی جیۆپۆلیتیکەوە گرنگ، لە یەکتری گرتن.

1999 . 04 . 10

## گەڕان لە دووی سەروا

بەرهەمی پیکاسۆ بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە: کلاسیک، شەشپاڵوویی، پەمەیی و شینی ئاسمانی. منیش لەشکری لە ژمارە نەهاتووی خوێنەرانم ئاگادار دەکەمەوە، کە تا کۆتایی ئەم سەدە جەنجاڵە هەر درێژە بە قۆناغی ڕەحمانی دەدەم.

جیم بریندراری سەرنووسەری گۆڤاری ڕاچوون، یادی بە خێر، ڕەخنەگرێکی ناودار بوو، ئەوی دەستی بۆ قەڵەمی شیعر بردبا و شیعرێکی خۆی نیشان دابا، وا بە شان و باڵیدا دەهات، وەک باسی خانی یا نالی بکات، بەڵام کە شاعیری فریوخواردوو، هەمان شیعری بۆ گۆڤارەکەی دەنارد، لە پۆستەی خوێنەراندا دەیکرد بە پەند. جیم کڵاوی لەسەر ‹ڕەحمان سیاچپایی›ش نابوو، پێی گوتبوو: هەر هێندەی دوو سێ هۆنراوەت بڵاوبوونەوە، ئیدی منیش بواری هەڵسەنگاندنیانم بۆ دەرەخسێ و کارێ دەکەم شاعیرانی زلناو ئێرەییت پێ ببەن. ڕەحمان گەلێ جار لە پۆستەی خوێنەراندا نموونەی بەرهەمی بڵاوکرابووەوە، لەوانە:

فرمێسکی من بۆ دڵی تۆ
وەکوو ئاوە بۆ چیمەنتۆ.
یان:
ئەگەر دەستم لە یەخەت گیر نەبێ
دەبا لە گەچ بگیرێ.
یان:
ئەوە دڵمە لە ناو دەمتا دێت و دەچێ
یا بنێشتە؟
ئەوە حەشرە پێمی دەکەی
یا خوێی چێشتە؟

شەوێکیان مام ڕۆستەم دابووی بەسەر گومرگی سلێمانیدا و تاڵانی شۆڕشگێڕانەی کردبوو، ڕەحمان بەو بۆنەیەوە شیعرێکی بۆ یەکێ لە دەنکەکانی نووسیبوو، ‹ئاخر ئەوەندەی هەنارێ دەنکی هەبوو،› تێیدا گوتبووی:

گوڵم
بە مام ڕۆستەمی چاوانت بڵێ
با دەست هەڵگرێ
لە گومرگی دڵم.

ڕەحمان جارێکیان لە بارەگای کۆمەڵەی کولتووریی کوردی گوتبووی: ڕاستە من کارەکەم سەختە بەڵام هەستم ناسکە، حەننا مینە بەرگدروو بوو، ئێستا یەکێکە لە ڕۆماننووسە هەرە باشەکانی عەرەب، محەمەد شوکری بارهەڵگرێکی بێسەواد بوو، هەنووکە لەسەر ئاستی جیهان ناوێکی ناسراوە. زەکەریا تامیری ئاسنگەر چیرۆکنووسێکی چاکی لێ دەرچوو، کێ دەڵێ منیش نابمە شاعیرێکی بەرزەفڕ؟
ڕەحمان لە گەرمەی کاردا شیعری خۆی بۆ سەرنشینەکانی پاسەکەی دەخوێندەوە، هەندێ جار دەبووە کڵۆیە شەکر و لە پەرداخە ئاوی شیعرێکی خۆیدا دەتوایەوە و بە جۆرێ ئاگای لە دەوروبەری دەبڕا، هێندەی نەدەما پاسەکە قلْپ بکاتەوە. جارێک ناسیاوێکی لێی دەپرسێ: چۆن دەتوانی بە دەم شیعر خوێندنەوەوە، پاس لێ بخوڕی؟
ئەم پرسیارەی بە سەد لیرەی زێڕ دەکڕی. ڕەحمان ئەگەرچی بڕوای بە وەڵامی حازربەدەست نەبوو، بەڵام لە مێژ بوو وەڵامی ئەم پرسەی ئامادە کردبوو:
- شیعریش جۆرێکە لە خەون، من کە وەک قارەمانی شیعرەکەی لۆرکا، بە دەم خەوەوە دەڕۆم، ئاساییە بە دەم شیعریشەوە پاس باژۆم. هێندەی نەما بوو قەیچیی شیعر نانی شاعیر ببڕێ. هەندێ خانەنشین بە خاوەنکارەکەی ڕەحمانیان گوتبوو:
ئەو شوفێرە سەرڕەشە بڕوای بە دیالۆگ نییە، هەر خۆی قسەدەکات، هێندە سەرقاڵی قسەیە، ژیانی هاووڵاتیانی خستۆتە مەترسییەکی ڕاستەقینەوە. باش بوو سەندیکا لایەنی شیعر و ڕەحمانی گرت، ئەگەرنا فت کرابوو.
ڕۆژێکیان ڕەحمان بە پاسەکەیەوە بە لای سێ ناسیاویدا کە پیاسەدەکەن، ڕەت دەبێ و بە خەمگینییەوە سڵاویان لێ دەکا. یەکێکیان بەوانی دیکە دەڵێ:
- دەزانن لەبەرچی پەست بوو؟ چونکە شەش گوێی لە کیس چوو، پڕیان بکا لە شیعر.
ڕەحمان ‹کە بەرەو ڕوو ستایش و لە پاشملە زەمی خەڵکی دەکرد،› شاعیرێکی سەرواسواو بوو، هەمیشە بۆ قافیەی شەو، هانای بۆ خەو دەبرد، بۆ دوور، سوور، بۆ پەنجە، لەنجە، بۆ گوڵ، دڵ. شەوێک لەسەر قافیەی ‹خێڵ› پەکی دەکەوێ. شین و مۆر دەبێتەوە پەیدای ناکا، ناچار زەنگ بۆ شاعیرێکی سەرواسوار لێ دەدا، ئەویش یەکسەر: ‹ڕەهێڵ› پێشنیار دەکات و بە فیزەوە دەکەوێتە لێکدانەوەی وشەکە:
ـ لە لایەکەوە هەر ڕەهێڵەیە کە بارانی بەخوڕ دەگرێتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە مەبەست لە: تەخت لەسەر زەوی درێژبوونە، لە ئەنجامی سەرسمدانەوە.
ڕەحمان دەکەوێتە سوپاس کردن و پەسندانی شاعیری سەرواسوار، ئەویش بە هەلی دەزانێ و دەڵێ:

ـ تۆ وا ڕاهـاتووی ڕوو بە ڕوو ســتــایش و لە پاشــملە زەمـم بکـەی! پێم ســەیرە شاعیر دووڕوو بێ.

ڕەحمانیش وەک فیشەکەشێتە بە ڕوویدا هەڵدەشاخێ:

ـ کەس لە تۆ دەبڵـمۆراڵتـر نییـە، لە پایتـەختی هـەرێمی کوردسـتـان، ڕێ بە ژن و خـوشک و ژنخـوشکت نادەی بۆ کۆڕی شـیـعر بچن، کـەچی لە پایتـەخـتی سـوێد، خـۆت لە کۆڕی ژنانی شـاعیـردا، بە قـاتی سـمـۆکن و بۆینباخی ئاوریشـمـەوە لە ڕیزی پێشـەوە دادەنیشی!

*

ئێـسـتـا نێـوانی ئەو دوو شـاعیـرە، وەک نێوانـی مـار و سـیـری لێ هـاتووە، بەڵام شیـعردۆسـتـان گەشبـینن، چونکە وەڤدێکی باڵای شاعیران، وەک مەکۆی جۆڵایی، بە مـەبەسـتی ئاشـتکردنەوەی هەتاهـەتایی و یەکـجـارەکـیـان، لە نێـوانیـاندا، لە هـاتوچۆدایە.

1999 . 04 . 25

## شاعیری گۆڕستان

تا سەر نەبۆتە گۆ ، دە لە دنیا دە تۆ شەقێ
هەر ئەو شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لە هیچ
مەحوی

ـ نزیکەی دوو ساڵە خوشکە گچکەکەم پێوەندیی بە ئێمەوە نەماوە، لەگەڵ کوڕێکدا دەژی. ڕاستە من خۆم بە ڕادیکاڵ دەزانم، بەڵام ئێمە ئەورووپایی نین و کولتوورمان جیاوازە، ئیتر توانای بینینی ڕۆڵی دۆڕاوی خوێنشیرینم نەماوە، تۆ و باوکی کوڕە ناسیاون، وەک برایەک تکات لێ دەکەم، بەڵکو قایلی بکەی بێتە خوازبێنی خوشکەکەم.

ڕەحمان تەپەڕەشی لەو پیاوانە نەبوو کە پێکەنینیان بە کارەساتی کەسانی دیکە بێت، قسەکانی هاوڕێکەی بە جۆرێ کار لە ناخی دەکەن، سەرەتا زمانی لە گۆ دەکەوێ، پاش قەدەرێ قومێک لە چایەکەی و مژێک لە جگەرەکەی دەدا، سەرنجێک دەگرێتە بنمیچەکە، سەرێک بادەدا و بە حەسرەتەوە دەڵێ: کابرایەک ژنەکەی ناساغ دێتە بەر چاوی، لێی دەپرسێ:

ـ ئەوە چییە ئافرەت نەخۆشی؟

ـ گوێم سمیوە، ئازارم هەیە.

ـ ئەوی دەبوو لە ماڵی باوکت بیسمی، لێرە دەیسمی، ئەوی دەبوو لێرە بسمرێ، لە ماڵی باوکت سمرابوو!

ڕەحمان بڕوای بە چی هەبووایە ئەوەی دەگوت و دەکرد، بەڵام کە دەبینێ هاوڕێکەی مات و سەرسامە، بە مەبەستی دڵدانەوەی درێژە بە قسەکانی دەدا:

ـ برام لە چیرۆک و فیلمدا ڕووداوەکان پاش و پێش دەخرێن، بەڵام ژیان مارێکە هەمیشە بەرەو پێشەوە دەکشێ و لە توانای کەسدا نییە ئاوڕێکی پێ بداتەوە. خوازبێنی نەریتێکی کۆمەڵایەتییە، لە ڕوانگەی فۆرمالیستەکانەوە گرنگە، لای مۆدێرنیستەکان تاک گرنگە نەک کۆمەڵ. وەک دەزانی لە کۆمەڵگای نوێدا بەها ماددییەکان جێیان بە بەها ڕۆحییەکان لێژکردووە، ئێستا ئیدی ئابووری گرنگە نەک کۆمەڵایەتی، لەش نەک ڕۆح، خۆپەرستی نەک بە تەنگ کەسانی دیکەوە هاتن و خزمایەتی، ئیدی سەردەمی کۆتایی هاتنی ئایدۆلۆژیا، مێژوو، هەموو بەها دێرینە پیرۆزەکان و تەنانەت ئینسانیشە.

*

هەندێ بیریار وەک ڕەشەخەڵکەکە دەپەیڤن، ئەم ڕەحمانەی ئێستا وەک فەیلەسووف دێتەگۆ، لە دەروازەی بە پێنجخشتەکی کردنی فۆلکلۆرەوە هاتە ناو

جیهانی ئەدەبەوە، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا ئەسپەشێی قەڵەمەکەی لە لەغاوی فۆلکلۆر یاخیبوو:
خاڵێ ها وە بان گۆنای یارەوە
ئەڵێی پشقلە وە دیوارەوە.
ڕەحمان چاوی لەو سووکایەتییە نەپۆشی، کە لە ڕابردوودا بە ژن دەکرا، بۆیە ئەو دێڕە شیعرەی لە بناغەوە هەڵتەکاند و وەهای دارِشتەوە:
خاڵێ ها وە بان گۆنای جوانەوە
ئەڵێی فیراقە وە ژووانەوە.
وای لێ هات لە بواری نووسینی شیعردا بۆ سەر کێلی گڵکۆی ئازیزان، شانی هیچ شاعیرێ نەدەگەیشتە داوێنی ڕەحمان:
و إلى الله ترجع الأمور
گۆڕەکەت پڕبێ لە ڕێحانە و نوور.

*

بێ تاوان کوژرام لە سی و یەکی ئاب
إن ربک شدید العقاب.

*

لکم دینکم و لی دینی
لە دنیای ڕۆشن خۆشیم نەبینی.
هەر بۆیەش شاعیرانی کورد لە هەندەران، لە دوا کۆنگرەی فراوانیاندا شەرەفی نازناوی ‹شاعیری گۆڕستان›ی پێ دەبەخشن.
‹ئەگەر شۆڕشمان پێ نەکرێ، خۆ پێمان تێکدەدرێ.› ڕەحمان ڕۆژێ لە ژێر ڕەشماڵی کاریگەرێتی ئەو گوتەیەدا، کە گوایە سەرێکی زلی کورد کردوویەتی، لە بارەگای شاعیران دەڵێ:
من نەک هەر شیعرم پێ دادەنرێ بەڵکو پێشم تێکدەدرێ، بڕوانن چیم لەم شیعرەی گۆران کردووە:
کوردستان گەڕام
دۆڵاودۆڵ پێوام
نە لە شار و نە لە دێ
نەمدی هیچ
وەک تۆ جوان بێ
مۆسکۆڤیچ.
لە دوای ڕاپەڕینەوە هەندێ ڕەحمان ناو، خوویان دابووە ئەدەب، خەسڵەتی هاوبەشی ئەو ڕەحمانانە ئەوە بوو، یەکی ناوی شاعیرێکی گەورەیان لە خۆیان

نابوو، یەکێکیان پەلاماری مام هەژاری دابوو، یەکێکی دیکەیان مامۆستا گۆرانی بەگیر هێنابوو. ڕەحمان تەپەڕەشی کە هەمیشە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بەرهەمی بڵاودەکردەوە، لە کۆڕێکدا دەربارەی ئەو جۆرە ڕەحمانانە گوتبووی:
دەرزیکوتێ دەناسم لە شۆڕشدا دوکتۆریان پێ دەگوت، ئەوەندە لێزانە پێویستی بەوە نییە نەخۆش ببینێ، بە تەلەفۆن نەخۆشی دەستنیشان دەکا، بە پێی بۆچوونی مشتومڕ هەڵنەگری ئەو دەرزیکوتە بلیمەتە، ئەو کۆمەڵە ڕەحمانە تووشی گرێی کەمسەری بوون.
لە بیرمە بە منداڵی کەمخوێنیم هەبوو، نوژدار سپڵی بزن و جگەری مەڕی بۆ نووسیم، تۆ بڵێی دڵی گوێرەکە و گورچیلەی مانگا چارەسەری کەمسەری نەکەن؟
‹درۆیەکی ئاڵۆز› کە ناونیشانی دوا کۆهۆنراوەی ڕەحمانە، لە بەرگەکەی نووسراوە:
‹من پێم وایە شتی تازەم پێیە بۆیە دەنووسم، من دەمەوێ ئەو شتە نوێیانەم بە شێوەیەکی نوێ بڵێم، ئەوە نییە سەرقاڵی گەڕانم بە دوای زمانێکدا، نە زمانی ڕەشەخەڵکەکە بێ، نە زمانی مامۆستایانی زانکۆ و مزگەوت.

*

من بۆ ئەوانە دەنووسم کە نامەکانیان بە شیعرەکانم دەڕازێننەوە.

*

ئەوە نامۆیی ڕۆحی بوو، وای لە شاعیری ڕۆمانتیک کردبوو، پشت بکاتە واقیع، ئەوە نامۆیی فیکرییە وای لە من کردووە، بە گژ واقیعدا بچمەوە.

*

ئەوە درۆکردن بوو شەهرەزادی لە مردن قوتارکرد، ئەوە ڕاستی گوتنە دەشێ من بە کوشت بدا.

*

بۆ ئەوەی نەکەومە زەلکاوەوە، بۆ خاوێن ڕاگرتنی ڕۆحی خۆم، ڕاستەوخۆ وەڵامی دەست و داوێن و دەروون پۆخڵان نادەمەوە.

*

شیعرفرۆش خەو بەوەوە دەبینێ جەللاد بە شیعری سەرسام بێ، من خەو بەوەوە دەبینم، شیعرم خەو لە چاوی جەللاد بتۆرێنێ.

*

چونکە هەمیشە بەرەو ڕوویان دەبوومەوە، نەیاندەتوانی لە پشتەوە دەستم لێ بوەشێنن.

*

منیش وەکوو ڤیکتۆر هیگۆ کە باسی خۆم دەکەم، ئەوە مەبەستم باسکردنی

ئێوەیە.›
ڕۆژێ جێگری سەرۆکی شاعیران بە ڕەحمان دەڵێ:
- ئەو ڕستانەی بەرگی دیوانە خنجیلانەکەت لە بەرهەمی خامە بەبڕشتەکەت ناچن، دەشێ لە بیرت چووبێ ئاماژە بۆ ژێدەرەکانیان بکەی.
ڕەحمان کە لە وەخت و جێی خۆیدا بۆ قسەی گونجاو پەکی نەدەکەوت، بەم بەرقە وەڵامی بەردی ئەو پلارەی دابووەوە:
- هاوڕێم ئەوە خۆتی دزی لە نووسەران دەکەی، ئەوە نییە کە کتێبیان بۆ چاپ دەکەی، هەقەکەی لە دەزگای ڕۆشنبیری و لە خۆیشیان دەستێنی.
*
دوێنێ جێگری سەرۆکی شاعیران بە پەیامنێری مانگنامەی ‹هەتاوی گیراو›ی گوت: بڕیاری کاربڕم داوە کە سکاڵای خۆم بدەمە دادگا و دەبێ لەسەر ئەو بوختانە مەزنە، ڕەحمان دوو ساڵ زیندانی بکرێ.
1999. 05. 02

## گەڕان لە دووی ژن

لای خۆمان جیابوونەوەی ژن و مێرد کارەساتە، لێرە: ناڵێم کارێکی ئاساییە، بەڵام هێندەیش سەخت نییە. لێرە ژن لە ڕووی ئابوورییەوە پاشکۆی پیاو نییە و ژنی جیابووەوە، بە چاوێکی سووکەوە سەرنجی نادرێ.
جێی داخە دیاردەی جیابوونەوەی ژن و مێرد لە نێو کوردی سوێددا، بە جۆرێ پەرەی سەندووە، کورد لە سوێدییەکانی تێپەڕاندووە.
وا پێ دەچێ وڵات نەبێ لە جیهاندا هێندەی سوێد ڕێزی ژنی تێدا بگیرێ. لێرە: ناڵێم ژن پیاوی خواردووە، بەڵام ئێستا لە خێزانی سوێدیدا ژن بۆرژوایە و مێردیش پرۆلیتار. لێرە: خوایە گیان بە کوفری وەرمەگرە، بە پێچەوانەی دەقی قورئانەوە، ژن سەرداری پیاوە!
مایەی خۆشییە من یەکێک نیم لەو پیاوە زۆروزەبەندانەی بە دەست ژنەوە داماون و وەک لایەنگری ژنیش ناسراوم و نیازی بادانەوەیشم نییە، بەڵام چونکە نامەوێ ڕاستی لە خوێنەر بشارمەوە ناچارم بڵێم: بەشێک لە ژنی کوردی سوێدنشین، چونکە لە پڕ بە هەموو مافەکانیان شاد دەبن، بەراوەژوو سوود لەو ئازادییەی ئێرە وەردەگرن و جیابوونەوە بە شتێکی هێندە ئاسان دەزانن، بۆ <تەڵاقدانی> پیاوەکانیان هەمیشە لەسەر پێن.
ڕەحمان قەرەشاخی یەکێک بوو لە لەشکری پیاوانی بە نارەوا تەڵاقدراو و بە دوای ژندا دەگەڕا. پیاو زێتر لە پەنجا پاییز بەسەر لە دایکبوونیدا تێپەڕی کردبێ و لە سەگیش سواڵ بکات، دیارە نەک هەر پێشمەرجی نابێ، بەڵکو وەک لای خۆمان دەڵێن، بە دۆیش دەیژەنێ.
ژنێ هەبوو سەردەمی زوو لەگەڵ ڕەحماندا هاوبیر بوون، ژنگەلێکی زۆری دەناسی و جێگەی متمانەیشیان بوو، ڕەحمان پێی گوتبوو: خوشکی چاک بە ژنێکم بۆ پەیدا بکە، بێژنی هەر بۆ خوا باشە. تۆ ژن زۆر دەناسیت و دەزانیت هەندێکیان لەگەڵ مێردەکانیاندا ناکۆکن و دەترسن شوویان دەست نەکەوێتەوە، بۆیە جیانابنەوە. تۆ یەکێ لەو ژنە دوودڵانە، دڵنیا بکە و لە بری من پێی بڵێ، ئەمڕۆ جیاببێتەوە:
یەکەم: سبەینێ خوازبێنیکەران دەنێرمە سەر بەڕەکەی.
دووەم: هیچ مەرجێکم نییە و بە هەموو مەرجەکانیشی ڕازیم.
سێیەم: هەمیشە پانیبەرزەکانی دەخەمە سەر تەپڵی سەرم.
ڕەحمان زۆری هەوڵ دەدا بەڵام هەمیشە هەر دڕکی دەدوورییەوە، یەکێ لەو ژنانەی ئەم مرخی لێ خۆش کردبوو، گوتبووی:

من ژنی پاشای شار بووم، چۆن شوو بە شوفێر دەکەمەوە!
یەکێکی تریان کە دەستی شیعریشی هەبوو گوتبووی:
با خەو بە ئامێزی منەوە نەبینێ
شوێنی شیاوی قالۆنچە هەر شیاکەیە.*
یەکێکی دیکەیان گوتبووی:
ئەم کۆلکەشاعیرەیە خۆی لە من کردبوو بە مامۆستا گۆران!
ڕەحمان تەنیا وەڵامی ئەمەیانی دابووەوە:
- جا ئەو ئاگای لە چییە؟ من حاڵی حازر لەسەر خواستی شاعیرە ناسراوەکانی کورد، سەرقاڵی کردنەوەی کۆرسێکم لە زانکۆی ئوپسالا، بەو مەبەستەی، بە مانگێ فێری ڕێسا شارستانییەکانی شیعر نووسینیان بکەم.
ڕەحمان وەک کەسێکی قوماربیشە بە گیانێکی وەرزشکارانەوە، بە ئارامێکی ئەییووبانەوە و بە ورەیەکی هەڵۆیانەوە پێشوازی لە تێکشکانە یەک لە دوای یەکەکانی دەکرد و بە برینەکانییەوە هەڵدەستایەوە و هەموو جارێ کە دەستیان بە ڕوویەوە دەنا، وەک سەرەکتیرەیەکی کۆڵنەدەر دەیگوت: لەقەی ماین ژانی نییە. ئێستا هێندەی نووکە دەرزییەک جێ لە جەستەی نەماوە، لەقەی ماینێکی پێوە نەبێ.
ڕەحمان لە هەموو شەوە کوردییەکاندا ئامادە دەبێ و چاوێکی دەکات بە چوار و بۆ ژنی دەگێڕێ، لە یەکێ لەو شەوە جەنجاڵانەدا کە هاومێزی بەرپرسی ئەشکەنجەدانی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەبێ، بە شانازییەوە بە شاعیرێکی قسە لە ڕوو دەڵێ:
- لەگەڵ کاک هیوا غەفووردا پێکەوە دانیشتووین، پێم خۆشە بە یەکدیتان بناسێنم.
- ببوورە من دەست ناخەمە ناو دەستی جەللادەوە.
شەوی کوردی نییە شەڕی تێدا نەبێ، هەر هەمان شەو هەندێ چەقۆکێشی سەرخۆش، برێ سووکە نووکەچەقۆ لە ڕەحمان دەدەن. بۆ سبەینێ بەرپرسی چەقۆکێشان بە چەپکێ گوڵەباخەوە، سەردانی شاعیرۆکەی بریندار دەکا و پێی دەڵێ: ببوورە ئەو کەمفامانە بە هەڵە پەلاماری تۆیان دا، دەبوو لە شاعیرە زماندرێژەکە بدەن.

*

سیمون دی بۆڤوار لە نامەیەکدا بە ‹نیلسۆن ئالگرین›ی ڕۆماننووس دەبێژێ:
‹ماڵت بۆ گەسک دەدەم، چێشتت بۆ لێ دەنێم، قاپوقاجاغت بۆ دەشۆم، وەک ژنە عەرەب گوێ لە مستت دەبم و ناپاکیشم لێ بکەی هەر پێت قایلم.›
ڕەحمانیش نەگبەت بوو، پاپووجی ژنانی وەک تاج لەسەر دەنا، کەچی هیچیان بە

چاوی سۆزەوە سەیرێکیان نەدەکرد. ڕەحمان شەوێ کرۆکی خۆی خستبووە ڕوو، بە سەرخۆشی گوتبووی: گۆڕەکەی ئیمامی شافیعی پڕ بێ لە وەنەوشە و نێرگز، هەر ئەو نیشانەی پێکاوە کە فەرموویەتی: ‹ژن ئەگەر ڕێزی بگری، سووکایەتیت پێ دەکا، ئەگەر سووکایەتی پێ بکەی، ڕێزت دەگرێ.›

ژاری ماری حەوتسەر لە چاو ئەو ژانەدا ژن بە گەرووی ڕەحمانیدا کردبوو، شەربەتی مێوژ بوو، کەچی هیچ سوودی لە ئەزموونی تاڵی خۆی وەرنەگرتبوو، کە بۆ ژن دەگەڕا لە نێچیرێک دەچوو بە دوای ڕاوچیدا بگەڕێ.

لەوەتەی ڕەحمان دەناسم کە لێی دەپرسن: خەریکی چیت؟ دەڵێ:

دەسووڕێمەوە وەکوو هەنگ

بۆ ژنێکی شۆخ و دەبەنگ.

لەوەتەی دەیناسم نەمدیوە دەستی لە دەستی ژندا بووبێ، دەستیم هەر لە کیسەی نایلۆندا بینیوە.

1999. 05. 11

* نالی چییە وا میسلی جوعەل** غەرقی شیاکەی!

خۆ تۆ بە حیسابێ وەکوو پەروانە شەمت بوو.

** قالۆنچە.

# چەک و قەڵەم

کێ ئەبێ وەک من ئیتر تالعی خوار، بەختی ڕەش
تێ چەقیبێ تا چەنەی لەو قوڕەی دەور تەپەڕەش
عەلی مەردان

محەمەدی حاجی مەحموود لە بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانیدا باسی پێشمەرگەیەک دەکا، کە تاکێ پێڵاوی لە کاتی چالاکییەکدا، لەو قوڕە خەستەی شارەزووردا لێ بەجێدەمێنێ، ئیدی هاوسەنگەرەکانی هێندە سەر دەکەنە سەری، ناچار چەک دادەنێ و ڕوودەکاتەوە شار.
پارە پارە ڕادەکێشێ، زەبروزەنگ دەخوڵقێنێ و قسەیش قسە دێنێ. ڕەحیم تەپەڕەشی تازەکی هاتبووە چیا، تفەنگێکی ژەنگنی پێ بوو، دەتتوانی بێ دڵەڕاوکێ و ترسولەرز ئاڕاستەی سنگی برای شیرینی خۆتی بکەی. هێشتا نە بەشداری هیچ چالاکییەک و نە تەقەی لە هیچ نیشانەیە کردبوو. ڕۆژێکیان لەگەڵ هەندێ پێمیمدا بە بەرۆکی چیای سوورێنەوە، لە ژێر درەختێکدا پاڵدەکەوێ. شەرع شەرمی بۆ نییە، لە ناکاو بایەکی لێ بەردەبێتەوە. ئیدی ئەوە یەکەمین تەقە و دوا تەقەی ئەو دەبێ، لەم شۆڕشە نوێیەدا. ئاخر هەر ئەو ڕۆژە شاعیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕی قۆشمە، کە پێشمەرگەی هەمان کەرت و گوێبیستی زرمەکەیش دەبێ، ئەو ڕووداوە دیرۆکییە لە ‹شیعر›ێکدا بەرجەستە دەکا:

هاوڕێی تێکۆشەرم ڕەحیم
شەققەی بای دەنگداری ئێوە
شادی بەخشە
بە دەروونی پێمیمەکانی ئەم کێوە،
پاڵ کەوتبووی گرمەی هینت وا گەورە بوو
ئاخۆ زرمەی چۆن بێ ئەگەر
یەکێ لێ بدەن بە پێوە؟
لە تاو تۆپ و خومپارەی تۆ
چ قورەتە ڕوو لێرەکا
ئەگەر شێرە، ئەگەر دێوە،
لوولەی چەکت
با ڕووی لە چەمی زەڵم بێ
دوژمن نیازی

هێرشی هەیە لەوێوە،
ئەگەر ویستت چەک فڕێ دەی
لە ناو شاردا
ئاگاداری پاشەڵت بی
هین گیاندارێکی بزێوە.

شیعرەکە بە لای پێشمەرگەکانی کەرتەکەوە ئەوەندە جوان و ڕەوان دەبێ، هەموو وەک فاتیحا ڕەوانی دەکەن. هەر ئەو ڕۆژە فەرماندەی کەرت بە هۆکی تۆکی دەیدا بە فەرماندەی تیپ، سەرتیپ بە ڕاکاڵ دەیدا بە مەڵبەند، فەرماندەی مەڵبەند بە سەرکردایەتی، جێگری سکرتێر بە ئێزگەی شۆڕش، هەر ئەو ئێوارەیە دوا بە دوای چالاکییەکانی پێشمەرگە، فەرهاد گەرمیانی بە دەنگە دلێرەکەی، لە سەرەتای بەرنامەی ‹ئەدەبی بەرەنگاری›دا، پێشکەشی جەماوەری فراوان و لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی دەکا.

لەبەردەم ئاگری بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرەدا، وڵات دەشتێک بوو لە پووش. ئەو شیعرە ناوچە ئازادکراوەکان لە ژێر پێی ڕەحیمدا دەکا بە دۆزەخێکی ڕاستەقینە. ئەو گەرچی بە گردێ ورە و گۆلێ بڕواوە ڕووی کردبووە شاخ و پێش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە چەند جارێ گوتبووی: خەبات چەند درێژە بکێشێ منیش وەکوو کێوی سوورێن، ئەم دەڤەرە بەجێ ناهێڵم و ئامادەم بە تاقی تەنیا بە گژ هەموو داگیرکەراندا بچمەوە، بەڵام زەبری شیعرەکە هێندە گورچکبڕ دەبێ، نەک هەر چەکی تێکۆشان لە شانی دادەماڵێ، بەڵکو ڕەوانەی هەندەرانیشی دەکا.

ڕەحیم لە سوێد دەگیرسێتەوە، کۆششێکی زۆر دەکا و کۆڵ نادا تا خۆی لە هەندێ شاعیری ناسراو نزیک دەخاتەوە و ناو بە ناو بەردەستییان دەکا، ئەمیان دەگەیێنێتە فڕگە، ئەویان دەبا بۆ بەندەر، ئەمیان دەینێرێ بۆ پاکەتێ، ئەوی تریان بۆ شەربەتێ. خوا هەڵناگرێ ئەویش تا بڵێی وەڕوێرکەیەکی* لەشسووک دەبێ. هەر کە شاعیرێ کارێکی پێ دەسپێرێ، وەک کێچ ڕادەپەڕێ و ماندووبوون ناناسێ.

چونکە کەس لە عەقڵی خۆی ناڕازی نییە، ڕەحیم بەوەی ناسیاوی لەگەڵ هەندێ شاعیردا دەبێ، پێی وا دەبێ خۆیشی بووە بە شاعیر، جارێکیان هەندێ قسەی هەلەقومەلەق بە هەزار شەڕەشەق پێکەوە دەلکێنێ و بانگەشەی ئەوە دەکا کە شیعری چینایەتی نووسیوە. شاعیرێکی قسەلەڕوو کە زوو زوو ڕەحیمی دەنارد لە کۆمەڵەی کولتووری کوردی، ڤۆدگای قاچاخی بۆ بکڕێ، خۆی پێ ڕاناگیرێ و پێی دەڵێ: ‹نە وشەی ناشیرین دەتوانێ لە ڕاژەی مەسەلەیەکی جواندا بێ و نە شیعری پۆخڵیش دەتوانێ خزمەتی مەسەلەیەکی خاوێن بکا.›

ڕەحیم کە لە بواری شیعری تەبەقیدا تووشی نسکۆ دێت، خوو دەداتە شیعری

شەبەقی، لە بابەتی:
بۆ ماچی ناودەمی ئەو ژنە گۆشتنە
گوریسی ئارامم پساوە
جگەرم کون کونە.
لەم ئەزموونەیشدا هەر تووشی هەڵدێران دێت، شاعیرێک کە ڕەخنەیش دەنووسێ و نووسینەکانی سەرچاوەیەکی گرنگی خۆپێگەیاندنی ڕەحیم دەبن، بە ڕاشکاوی پێی دەڵێ: ‹ئێرۆتیکایش وەک شیعری سۆفی، خونچەیەکە تەنیا لە باخی خۆشەویستیدا دەپشکوێ، ئەوی دڵی کانیاوی ئەوین نەبێ، ناتوانێ شیعری نەمری دڵداری بنووسێ.›
ئیدی ڕەحیم تەواو قوشقی دەبێ، چونکە هیچشی نابێ تا لە کیسی بچێ، لەم لا و لەو لا دەکەوێتە درۆ هەڵڕشتن و جنێو فرۆشتن. ماوەیەکە بە دەم ڕێگاوە لەبەر خۆیەوە دەڵێ: هیچ بلیمەتێ لە نێوان هاوولاتییەکانی خۆیدا دان بە توانایدا نانرێ، منیش وەکوو هەموو ڕووناکبیرە مەزنەکان لە ناو شاعیرە بێسەوادەکاندا هەست بە نامۆیی دەکەم. ڕاستە بیست ساڵ لەمەوبەر کۆلکەشاعیرێ توانی چەکم پێ فڕێ بدا، بەڵام هەموو کەڵەشاعیرانی دنیا ناتوانن قەڵەمم پێ دابنێن.
1999. 09. 08

* وەڕوێڕکە: بە ئینگلیزی: ‹boy› بە سوێدی: ‹springpojke›

## کۆیلەی دلۆڤان

چونکە نێوانی ژیان و مردن تاڵەموویەکە، زۆر دەترسم لە ناکاو دڵی ئەوڕەحیم قەرەکوچکی لە لێدان بکەوێ، ئەوسا منی دەست و پێ سپی کەرەسەی ساتیر چۆن پەیدا بکەم و چی بنووسم! ماوەیەکە شەو و ڕۆژ لە خودای مەزن دەپاڕێمەوە لە عومری من هەڵبگرێ و بیخاتە سەر تەمەنی ئەو، ئاخر هەر ڕۆژێکی ژیانی وی، هەوێنی ساتیرە چیرۆکێکی تازەی منە. کە دەمەوێ سەبارەت بەو بنووسم، وا دەستم ڕاهاتووە، هێندە شارەزاییم پەیداکردووە، هەر دەڵێی خۆی ساتیرەکانم بۆ دەخوێنێتەوە. خوایە دەست بە چناری باڵایەوە بگری و نانبڕاوم نەکەی، ئاخر ژیانم هێندەی بە بەرەوە نەماوە، قارەمانێکی تازەی خوێنشیرینی وەک ئەو بخوڵقێنم.

ڕاستگۆیی هونەریی ئەوە نییە، من بێم ڕووداوی ڕاستەقینە بۆ ئێوە بگێڕمەوە، ‹ئەوە کاری مێژوونووسە› بەڵکو ئەوەیە ئەو بەسەرهاتانەی دەیانگێڕمەوە لە ڕووداوی ڕاستەقینە بچن، ئەوە نییە باسی کەسێکی ڕاستەقینەی دیاریکراو بکەم، ئەوەیە کارەکتەرێک بخوڵقێنم لە کەسێکی ڕاستەقینە بچێ، کەسێ لە گۆشت و خوێن، نەک لە کارتۆن و کەتیرە. وەک چۆن بەندە خواکردە، ئەوڕەحیم قەرەکوچکیش منکردە.

ئەوڕەحیم لە کەندوویەکی ماڵانگەڕی پڕ لە وشەی دێرین دەچوو، وشەی وای بەکاردەهێنا، لە هیچ کوێرە دێیەکیش باوی نەمابوو، بە تەماتەی دەگوت: باینجانەسوورە، بە بیبەر: دەلووبیبەر، بە ئەژنۆ: کەشکەژنۆ، بە چەقۆ: قەڵەمبڕ، بە چێشتخانە: لۆقنتە و بە مامۆستا: ئەفەنی.

ئەوڕەحیم ڕەوتاری وای دەنواند، لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا نەدەهاتەوە، کە لە قاوەخانە دادەنیشت بنی پێڵاوەکانی دەکردە خەڵکی، لەسەر ئەم خووەی چەند جارێ لێدانی مزری خواردبوو، بەڵام چونکە مشکعەقڵ بوو، هیچ لە ئەزموونی تاڵی خۆیەوە فێر نەدەبوو. کە خانەخوێ بۆ بەرێکردنی لەگەڵیدا دەهاتە بەر دەرگا، ئەم پێڵاوی بۆ ئەو دادەنا. هێندە چەقەچەناو بوو لە کاتی نانخواردنیشدا بێدەنگیی نەدەزانی، ئیدی ناو بە ناو دەنکە برنج، ساوەر، قەرەخەرمان، لەتکە نۆک و کشمیش، بە تایبەتی کاتێ وشەی وای دەگوت کە حەرفی ‹فێ›ی تێدا بێ، لە دەمی دەردەپەڕی. دوای نانخواردنیش بە چیلکە لەبەر دەمی ئەو خەڵکەدا دەکەوتە بنی دان خاوێنکردنەوە و پاشماوەی خواردنی نێوان دانە شاشەکانی بە جۆرێ بەم لا و بەو لادا فڕێدەدا، ماڵ دەبووە گۆڕەپانی جەنگ و دەمی ئەمیش سووکە مەنجەنیقی بوو. زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم ئەوی لێیەوە نزیک بووایە،

پێویستی بە سەنگەر، یان لای کەم بە قەڵغان دەبوو.
گەلێ جار منداڵەکانی دوای نانخواردن، ئەو شیعرەیان بە گۆرانییەوە بۆ دەگوتەوە کە زارۆک فێری دابونەریتی نانخواردن دەکا. خوویەکی تریشی هەبوو، کە تەماشای تەلەڤیزیۆنی دەکرد، تا قووڵتر بە ناخی ڕووداوەکانی فیلمێکدا ڕۆبچووایە، پەنجەیشی قووڵتر بە کونەلووتیدا ڕۆدەچوو.
زۆر جار دانا باجی ئەو هەڵانە دەدا کە گەمژە کردوونی. منداڵ شانازی بە باوکییەوە دەکا، ئەورەحیم مایەی شەرمەزاری منداڵەکانی بوو، منداڵ دانا بوو، باجی ئەو کارە چەوتانەی دەدا، کە باوکی گەمژە کردبوونی. زۆر سەیر بوو، باوک هێندە گەلحۆ، منداڵ ئەوەندە زیرەک!
ئەورەحیم هێندە خۆشباوەڕ و دڵساف و ساویلکە بوو، لە ئینسانی ئەم سەردەمە نەدەچوو، متمانەی بە هەموو کەسێ دەکرد و بوخچەی نهێنییەکانی خۆی بۆ دەکردەوە و چی لە دڵدا بووایە بۆی هەڵدەڕشت. هەندێ لەوانەیش نەک هەر گاڵتەیان بە عەقڵی دەکرد، بەڵکو جگەرەیشیان بە ڕیشی گرگرتووی دادەگیرساند.
لە زۆربەی پرسە و کۆڕەکاندا، کەسانی کاڵفام لە هەمووان زێتر دەپەیڤن، ئەوانە دەیانەوێ بە پەلە بۆ ئەو خەڵکەی بسەلمێنن کە زۆر دەزانن، بەڵام هەمیشە ئەنجام بە پێچەوانەی خواستی خۆیانەوە دەکەوێتەوە. ئەورەحیمیش یەکێ بوو لەو هەڵەپاسانە و خۆی کردبووە کەرەسەی کات بەسەربردنی کەسانێکی بێکار، کە ناتۆرەی ‹ڕەحە کەمدوو›یان لێ نابوو.
ئەورەحیم کۆلکەنووسەر بوو، ڕێساکانی نووسینی بۆ کەڵەنووسەران دەستنیشان دەکرد! خوا عەقڵی بەش نەدابوو، ئامۆژگاریی لاوانی دەکرد! بەدبەختترین مێرد بوو، پرۆگرامی ‹خێزانی بەختیار›ی پێشکەش دەکرد! توانای کڕینی بیرەیەکی ساردی نەبوو، خۆی بە ڕاوێژکاری ئابووری دەزانی! لە ژیانیدا ژنێ ئاوڕێکی بەخێری لێ نەدابووەوە، نامیلکەیەکی سەبارەت بە ‹هونەری ڕاوەژن› نووسیبوو!
‹پیاو کە خەمێکی قورسی هەبێ مات و بێدەنگ دەبێ، خەمی قورسی ژن ئەوەیە کە بێدەنگ بێ.› ژنان هەمیشە گلەیی ئەوە لە پیاوەکانیان دەکەن کە کەمدوون، ئەم بە پێچەوانەی پیاوانی دنیاوە، لەماڵیشەوە هەر قسەی دەکرد، نەیدەزانی گوێ بگرێ، ئەوەندە چەنەباز بوو شای هەڵەوەڕانی بە نۆکەر ڕانەدەگرت. لەبەر ئەم هۆیانە و هۆیەکی دیکەی لەمانەیش گرنگتر، کە جوانتر وایە بیبەمە ژێر گڵ، ژنەکەی سووک سەرنجی دەدا و زۆر جار پێی دەگوت: ڕەحە شاتە، لە پیاو نەبێ لە هەموو شتێ دەچی.
لە کوردەواریدا ژن دەتۆرێ و ماڵ بەجێ دەهێڵێ، ئەورەحیم وەرچەرخانێکی لەم بوارەیشدا ئەنجام دابوو، ئەم ماڵی بەجێ دەهێشت. جارێکیان ڕەخنەگرێکی

مۆدێرنیست پێی دەڵێ: من پێشبینی ئەوەم دەکرد لە ‹پەخشان›ی کوردیدا قەڵەمبازێ بدەی، کەچی لە ‹تۆران›ی کوردیدا قەڵەمبازت دا.

‹ژن هەتا لە مووبەقدا زیندانی بێ، عەقڵی گەشە ناکا.› ئەوڕەحیم یاپراخی دەپێچایەوە، کفتەی خڕ دەکرد، شفتەی سوور دەکردەوە، گیپەی دەدوورییەوە، قاپ و قاجاخی دەشۆری، دایبیی دەگۆڕی، گەسکی دەدا، جلی دەشت، هەڵیدەخست و لە ئوتوویشی دەدا. لە دەریشەوە بە ڕۆژ ئیشی سپی و بە شەو هی ڕەشی دەکرد، هەر بۆیە بواری خۆ پێگەیاندنی نەبوو. بەستەزمانە ئەگەرچی دەتگوت سەگی چوار چاوە، کەچی خەوی نەبوو، ناچار بە حەب خۆی سڕ دەکرد، ئەمەیش هەر ڕۆڵی لە گێلتر کردنیدا دەبینی.

ئەوڕەحیم حەزی لێ بوو دوو ‹شت› زوو زوو بگۆڕێ: حیزب و ژن، حیزب گۆڕینەکە بۆ ئەو وەک ئاوخواردنەوەی لێ هاتبوو، بەڵام لە ژن گۆڕیندا تا بڵێی کۆڵەوار بوو. دەیزانی شاعیرە گەورەکان هیچیان بە یەک ژن دابین نەبوون، دەیویست هیچ نەبێ لەو بوارەدا لاساییان بکاتەوە، ئاخر وەک تووتی وا بوو، توانای داهێنانی نەبوو، هەر خەریکی لاساییکردنەوە بوو.

قوبادی جەلیزادە دەڵێ: ‹من ژووری نوستنەکەم دەخەمە سەر کاغەز.›* ئەوڕەحیم توانای شیعرنووسینی نەبوو، نەیدەتوانی بیخاتە سەر کاغەز، لەسەر دەمی بوو. ڕۆژێکیان گوتبووی: ‹جاران ژن لە ژیانمدا نەبوو، ئێستا ژیان لە ژنمدا نییە.› پێ ناچێ هەرگیز ژنێ سەرنجێکی گەرمی ئەوڕەحیمی دابێ، ئاخر قوڕبەسەرە دەتگوت مشکە و بە تەڵەوە بووە. ئەگەرچی هەموو بەرەبەیانییەک سەعاتێ خەریکی ڕیشتاشین و خۆشتن بوو، کەچی لە ڕوانگەی ژنانەوە ‹لە شانەیەکی چڵکن دەچوو.›

ئەوڕەحیم کە ژنێکی بە چەپکێ گوڵەوە دەبینی، بۆکوڕووزی هەناسەی دەگەیشتە ئاسمان و دەیگوت: ‹هونەر ئەوە نییە ژنێکت خۆشبوێ، ئەوە هونەرە ژنێک خۆشی بوێی.›

جارێکیان لە ئەوڕەحیم دەپرسن:

- ئەو چەپکەگوڵەت بۆ ژنەکەت کڕیوە؟
- پەنیر بۆ ئەو مشکە دانانێم کە بە تەڵەمەوە بووبێ، بۆ یەکێکی دادەنێم کە هێشتا تەڵەم نەیگرتبێ، من گوڵ بۆ ژنی خۆم نابەم، پێشکەشی ژنێکی دەکەم کە نیازی ڕاوکردنیم هەبێ.

ماوەیەکە ئەوڕەحیم لە شار دوور کەوتۆتەوە، لە ئامێزی سروشتدا دەژی، لە ئەشکەوتدا شیعر دەنووسێ و بە دەنگی بەرز بۆ چیا، دارستان، باڵندە و کانیاوی دەخوێنێتەوە. کە ناو بە ناو خۆی نیشانی خەڵکی دەدا، باس لەوە دەکا، گوایە لە دەنکە مرواریی وشە، ملوانکەی شیعر دەهۆنێتەوە و بانگەشەی ئەوە

دەكا: خەریكی بە زێڕكردنی ئەم سەردەمە قوڕینەیە! لەوە دەچێ ئەوەی زانیبێ، تارمایی شێتی خۆی نیشانی گەلێ داهێنەری مەزن داوە و ئەمیش ڕۆڵی شێت ببینێ، تا بە شاعیرێكی گەورەی تێبگەن.

من چی دی ڕێ نادەم
ئەم خەڵكە جێگەیان زەلكاو بێ،
ماركس نیم، بەڵێنم خەون بێ،
گۆدۆ نیم، نە دەنگم هەبێت و نە كردار،
من هاتووم ژیانێ بۆ ئێوە چێ بكەم
شیاوی ئینسانی مەزن بێ.

ئەوڕەحیم ئەو شیعرەی بە نازناوی ‹كۆیلەی دلۆڤان›ەوە بۆ گۆڤاری ‹تریفە› ناردبوو، سەرنووسەرەكەی ‹كە ڕەخنەگرێک بوو، تا بڵێی زمانبزماراوی و دوژمن بە ڕۆڵی كۆمەڵایەتیی ئەدەب،› لە پۆستەی خوێنەراندا بەم شیعرەی حەزرەتی شێخ ڕەزای تاڵەبانی وەڵامی دابووەوە:

شیعرێ كە تۆ بە چاكی دەزانی شیاكەیە
نەزمێ كە تۆ بەیانی دەفەرمووی گەن و گووە،
هەر وەک تسێ كە جەوهەری خۆی دەربخا بە با
نامووسی خۆت بە شیعری سەفیهانە بردووە.

ئەم بەرسڤە دەرزییەک بوو، میزەڵدانی هۆنراوەی ئەوڕەحیمی فش كردەوە، ئێستا شیعر نانووسێ، تاكسی دەگێڕێ.

1999. 09. 24

* گەلاوێژی نوێ ژ: ٥ ل: ١٦١سلێمانی ١٩٩٨

بۆ نووسینی ئەم ساتیرە سوودم لەم دوو سەرچاوەیە بینیوە:

‹١› دۆن كیخۆتە ی سێرڤانتێس.

2 Håll kärleken levande, Alf Svenson, Relamore Media 1998 Malmö

## سەعاتی ئاو

کووپەی هەموو بۆچوونەکانم لەسەر تاوێری ڕۆژگار وردوخاش بوو، تەنیا یەک لێکدانەوەم بەرگەی زەبری زەمانی گرت و وەک کێو خۆی چەسپاند. هەمیشە پێم وا بووە ئەدەب نەک هەر دەکارێ تاک بگۆڕێ، بەڵکو ڕۆڵی بەرچاوی لە گۆڕینی کۆمەڵیشدا هەیە. ئەم دیتنەم کاتێ ڕاستی و دروستی خۆی سەلماند، کە خوارەحم ڕەشەکەپکی، لەم شەوانەدا زەنگی لێدا و داوای لێ کردم درێژە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی بدەم و ئامادەیی خۆیشی پیشان دا، ئەوپەڕی کۆمەکم پێ بکا.
خوارەحم کە یەکەمین ساتیری منی سەبارەت بە خۆی خوێندبووەوە، هێندە دڵی ئێشا بوو، بە جۆرێ ئاگری گرتبوو، بیری لەوە کردبووەوە، یەک بە دە تۆڵەم لێ بکاتەوە و چی زووترە کارێکی وا بکا، وەک تاوانکارێکی جەنگ ڕابکێشرێمە بەردەمی دادگایەکی نێودەوڵەتی، تا بە سزای شیاو و ڕەوای خۆم بگەم. کەچی ئەوەتا ئێستا وا لەگەڵ ساتیرەکانمدا ڕاهاتووە، نەک هەر خۆی بە زنجیرە بەسەرهاتی ژیانیم بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵکو تکایشم لێ دەکا زوو بڵاوی بکەمەوە و پێی وایە: ‹ساتیر ئیسفەنجێکی مەزنە زووخاوی خوێنەران هەڵدەمژێ.›
ئەوانە لە کوێن گومانیان لەوە هەبوو: ئەدەب ئینسان بگۆڕێ، با گوێ بۆ قارەمانی ساتیرەکانم ڕادێرن، ئەوەتا خۆی دەپەیڤێ:
(لە سوێد هەوڵ دەدەن پەنابەر بخەنەوە سەر ئەو کارەی لە وڵاتی خۆی کردوویەتی. من لای خۆمان ماڵان دەگەڕام و سەعاتی ئاوم دەخوێندەوە، لێرە کە بە وڵاتی سەد هەزار زەریاچە ناسراوە، سەعاتی ئاو نییە و ئاوی هێندە زۆرە، بەلاشە. ئیدی ئەوە بوو دوای زمان فێربوون و بینینی دوو کۆرسی تایبەتی، سەگشتنم دەستگیر بوو. لەم کارەدا ئەگەرچی بۆ من نوێ بوو، بەڵام سەرکەوتنی گرنگم بە دەست هێنا و تەنانەت جارێکیان لەسەر ئاستی ئەو گەورەدێیەی لێی دەژیام، لە پێشبڕکێی ساڵانەی سەگشتندا میدالیای زێڕینم وەرگرت و لەو دوو چاوپێکەوتنەیشدا کە ڕادیۆی گوند و مانگنامەی سەردیواری قوتابخانەی دێ لەگەڵیاندا کردم، ئەو سەرکەوتنە مەزنەم پێشکەش بە گەلە بەشخوراوەکەم کرد و بەمەیش دۆست و دوژمن دەزانن، لەسەر ئاستی ئەو گەورەدێیە ناوی کوردم بڵند ڕاگرت.
بە دەم سەگشتنەوە ناو بە ناو شیعریشم دەنووسی، بەڵام تەنیا دوو گۆڤار بەرهەمیان بڵاوکردمەوە، سەرنووسەری یەکێکیان ‹دیمانە›ی بەخێر خزمی خۆم بوو، لە ڕوودا داما. سکرتێری نووسینی ئەوی دیکەیشیان لای خۆی

هاوشارۆچکەییم بوو، کەچی ئەوەندەی لێ پاڕامەوە بەردیش بووایە دەبوو بە ئاو، هەر ئەوە بوو بەسەر کەوشەکانیدا نەکەوتم، تا سێ دێڕی لە ڕۆمانەشیعرێکم بڵاوکردەوە:

یارێکم هەیە وەک کۆکا کۆلا

ناوقەدی باریک، دەمی بچکۆلا.

*

دەترسم بمرم و ژنێ

بە شێوەزاری سلێمانی

پێم نەبێژێ بەساقەت بم.

*

ـ گوڵی ماڵەکەم، بۆ خورخوڕ دەگریت؟

ـ گیانە ناگریم، ئەوە پیاز دەجنم.

بریا هەر بڵاوی نەکردباوە، ‹ئەگەرچی نووسەر کە دەقێکی نووسی، ئیدی پێوەندی پێوەی نامێنێ و دەسەڵاتی دەقەکە بەرە لەژێر پێی نووسەرەکەی ڕادەکێشێ،› کەچی هەندێ زرەکوردی سەلەفی، ناشارستانی و نائاشنا بە بزووتنەوەی شیعری نوێ، لەسەر ئەو سێ دێرە ئەوەندەیان پێ ڕابواردم، کردمیان بە پەند. ئەوە بوو منیش سێ بە سێ تەڵاقم خوارد ئیتر لە ژیانمدا شیعر نەنووسم. هەر ئەو کۆنەپارێزانە کە دژی ئازادیی ژنانیش بوون، ناویان نابووم: ڕەحە سەگشۆر و پێیان دەگوتم: نان بۆ ئێمە لە قورگی شێردایە، بۆ تۆ لە قوونی سەگدایە. یان دەیانگوت: چۆن موسڵمان سەگ دەشوا؟ ‹ڕاستە من وەک موسڵمان لەدایک بووبووم، بەڵام هەڵسوکەوتم زێتر لە ڕەوتاری حەزرەتی مەسیح دەچوو.› بە هەر حاڵ ناچار وازم لەو ئیشەیش هێنا، ئەگەرچی پاشەڕۆژم لەو بوارەدا ئەوەندە ڕۆشن بوو، هیچ دوور نەبوو ئێستا جێگری سەرۆکی سەندیکای سەگشۆران بوومایە.)

1999. 09. 27

## خەجێ قالۆرە

دژوارترین ئەرکی چیرۆکنووس ڕەنگە ئەوە بێ، بتوانێ خۆی بگرێ دەست نەخاتە ناو ڕووداوەکانەوە و دژایەتیکردن، یان لایەنگیری خۆی بۆ هیچ کام لە کارەکتەرەکانی بە چیرۆکەکەیەوە دیار نەبێ. جێگەی ڕێز و مایەی سوپاس و شیاوی پێزانینە، قارەمانی چیرۆکەکەم: ئەوڕەحمان بەردەڕەشی، خۆی ئەو ئەرکە سەختەی لە کۆڵ کردوومەوە، ئاخر ئەوەتا وەک بەڵێنی دابوو، خۆی بەسەرهاتی ژیانیم بۆ دەگێڕێتەوە و بواری هیچ دەست تێوەردانێکی نە بە چاک، نە بە خراپ بۆ من نەهێشتۆتەوە. بەندە تەنیا ڕۆڵی میرزای ئەو دەبینم، چی دەبێژێ ئەوە دەنووسم، بە موو جیاوازی لە نێوان گفتاری ئەو و نووسینی مندا نییە، ڕەشنووس و پاکنووسم یەکێکە، هێندە بە دەستپاکییەوە قسەکانی دەگوێزمەوە، دەڵێی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەقێکی پیرۆزدا دەکەم.

*

- هەموو تیرەیەک لای کەم چەورەیەکی هەیە، لە سەرەوە سەرەکتیرە چارەی چەورەی ناوێ، لە بنەوە دەست بە سەریدا دەهێنێ و هەندێ کاری پێ دەسپێرێ، کە تەنیا چەورە پێی شەرم نییە و جێبەجێیان دەکات.
ماوەیەک من دژی نووسەرێکی ناسراو ڕۆڵی شەللاتی عەشیرەتم دەبینی، ڕایانسپاردبووم بە ناوی ڕەخنەوە جنێوی پێ بدەم و درۆی بۆ بهۆنمەوە. ئەگەر بەو نووسینانەمەوە وشەیەکی جوان، یان دەربڕینێکی ناسک بەدی بکرێ، بەرهەمی خامەی ئەو نووسەرە قوربانییەیە. ئاخر ساڵانێکی دوور و درێژ ئەوم نەک هەر بە نموونەی باڵای خۆم، بە فریادڕەسیشم دەزانی. کە نامەم بۆ دەنارد بە مامۆستای گەورەم دەستم پێ دەکرد و بە شاگردی گوێڕایەڵتان کۆتاییم پێ دەهێنا. باڵاترین شکۆمەندیم ئەوە بوو، کتێبێکی خۆیم بۆ ئیمزا بکات.
جارێ لە کۆڕێکدا گوتی: ‹وەک چۆن ئەوی جەللاد بێ، ترسنۆکە، ئەویشی مامۆستای ماستاو ساردکردنەوە بی، جێی متمانە نییە.› من ئەو قسەیەم بردە سەر خۆم، بۆیە هەر کە داوایان لێ کردم، جنێوبارانی بکەم، چیم لە دەست هات درێغیم نەکرد و ڕووی بەدناوترین چەورەم سپی کردەوە.
من کەسێکی گومناو بووم، دەمویست لە ڕێی لاقگرتنی ئەو نووسەرەوە ناوبانگێ پەیدا بکەم. چاوەڕێ بووم وەڵامم بداتەوە و ناوم لەگەڵ ناوی نووسەراندا بهێنرێت، بەڵام نووسەری پەلاماردراو گەلێ لەوە سەنگینتر بوو، دەم بخاتە دەمی بۆگەنی سووکەڵەیەکی وەکوو منەوە. ئێستا دەزانم، من تەنانەت مەقاشێکیش

نەبووم بە دەست کەسێکەوە، بەڵکو کەسێک بووم بە دەست مەقاشێکەوە. ئێستا دەزانم، میر بۆیە دەتوانێ بڕیار بدا، چی پیرۆزە و چی پۆخڵ، چونکە کەسانی ملکەچی من ئاسای لەبەر دەستدایە.

* لەوەی گەڕێ، ئەدی بە ڕاست ئەوە بۆچی تا هەنووکە ژنت نەهێناوە؟

ئەوڕەحمان بەردەڕەشی هەستی کرد دەمەوێ بە مەقەستی ئەم پرسە ‹کلکی مارمێلکەی بەسەرهاتی نێوان خۆی و نووسەری ناسراو بقرتێنم، ›بەڵام خۆی لێڵ نەکرد و هاتە سەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکەم:

- شەوێکیان ڕادیۆی شۆڕش دیدارێکی لەگەڵ خەجێ قالۆرە دا، کە تێزەکەی سەبارەت بە بالۆرە بوو، ساز دابوو، منی شەیدای کەلەپووری کوردیش، بە دیارییەوە دانیشتبووم:

ڕادیۆ: وەک دەزانی دوژمن کوردستانی کاول کردووە، ئایا توانیوێتی کەلەپووری کوردی لە بەین ببات؟

خەجێ: ئەو فاشستە وا وا لێکراوانە، سەر و فەصاڵیان خواتەوە، حەدیان چییە، بۆ بە باوکیشیانەوە دەتوانن نەک چیرۆکێکی فۆلکلۆری، تیرۆکێکیش لە ناو ببەن!

ڕادیۆ: ئایا لە سەردەمی ئینتەرنێتدا بالۆرە برەوی ماوە؟

خەجێ: بەڵی ئێستا بازاڕی گەرمترە، من بەش بە حاڵی خۆم پۆستی ئەلکترۆنی بۆ هەر لایە بنێرم، بە بالۆرەیەک دەست پێدەکەم. جاران لەو چیا و چۆڵانە تەنیا کەنیشکە لادێیی بەهاران بالۆرەی دەگوت، ئێستا کیژانی زانکۆ، بالۆرەیان لەگەڵ پۆپ موزیکدا گونجاندووە و بەیانیان وەرزش و ئێواران سەمای لەسەر دەکەن.

دەنگی خەجێ قالۆرە هێندە دلڕفێن بوو، وڵاتێ بووم هەر ئەو شەوە داگیری کردم. دەڵێن گوێ پێش چاو دەکەوێتە گۆمی بێ بنی ئەوینەوە، ئەوە لە من ڕووی دابوو. من ڕەنگی ئەوم نەدیبوو، شێت و شەیدای دەنگی بووبووم. چی خزمم هەبوو چەندین جار بۆ خوازبێنی خەجێم ناردن، بەڵام شووی پێ نەکردم و نەیکرد.

‹خەجاڵەت بی خەجێ شووت پێ نەکردم
نەهاتی دەفعەیە ڕووت تێ نەکردم
گریمان من پێشاوێکی گشتی بووم
نەهاتی کەڕەتێ گووت تێ نەکردم.› *
بە ئەوینی تۆوە ژیانم بەندە
قسەی زبرت: هەنگوین، جنێوت: قەندە
خۆم بە سەگی بەر قاپییەکەت دەزانم
چاوەڕێتم تا هەزارەی ئایندە.

لە چیرۆکی ئەو دڵدارییە یەک لایەنییە، تەنیا ئەو شیعرە دووقۆڵییە بەجێماوە، کە بیستم شووی کردووە، بۆم فاکس کرد. وەک سەدان جار گوتوومە نیازی ژن

هێنانم نییە، منیش مینا قارەمانی ڕۆمانی: ‹ئەوین لە سەردەمی کۆلێرا›دای مارکیز، نیو سەدە چاوەڕێ دەبم تا دوکتۆرەکەی مێردی دەمرێ، ئەوسا دیسانەوە لەشکری خوازبێنیکەران دەخەمەوە گەڕ.

* بە ڕاست نەتگوت، بۆچی ناتۆرەی قالۆرەیان دوا خستبوو؟

ـ ژنانی کورتەبنە و قەڵەو ئێرەییان پێ دەبرد، بالای ئەوەندە بڵند بوو، دەتگوت ئالای سەر باڵەخانەی پەرلەمانی هەرێمە. ناوقەدیشی هێندە باریک بوو، قایشی سەعاتی دەبەست.

1999. 10. 01

* دەقێکی دێرینی کەمێ دەستکاری کراوە.

# هونەری وەرگێڕان

دەشێ ژیاننامەی نووسەر لە ناو چیرۆکیدا ڕەنگبداتەوە، بەڵام ئەوی چیرۆک دەگێڕێتەوە، ئەوە نییە کە چیرۆک دەنووسێ. زۆر جار چیرۆکنووس پیاوێکە، بەڵام چیرۆکگێڕەوە منداڵێکە، ژنێکە، یان چەند کەسێکن و هەر یەکەی لە ڕوانگەی خۆیەوە هەمان چیرۆک دەگێڕێتەوە. تەنانەت دەشێ چیرۆکگێڕەوە گیانەوەرێ بێ، گونتەر گراس کە دوێنێ نوبێلی وەرگرت، مێژووی ئەڵمانیا لەسەر زاری گیانەوەرەوە دەگێڕێتەوە. چیرۆکنووس: نووسەرەکە خۆیەتی، بەڵام چیرۆکبێژ: ئەو ‹کەسەیە› کە چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە. کەواتە ‹من›ی ناو چیرۆک، چیرۆکنووس نییە، چیرۆکبێژە. ئەوە ئێوە بۆچی ئەو هەموو چیرۆکە دەخوێننەوە، کەچی هیچ لەسەر تەکنیکی چیرۆک نووسین ناخوێننەوە!

ئەگەر شتی هاوبەش لە نێوان کەسێک و قارەمانی ساتیرەکانمدا ‹ئەوڕەحمان قەرەکێوی› هەبێ، ئەوە ڕێکەوتە و هیچی تر، بەڵام هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە، خۆی بە ئەو، یان ئەو بە خۆی تێبگا. ئێستا من کڕەبم و میکرۆفۆن بۆ ئەوڕەحمان بەجێدەهێڵم.

*

(جاحظ پێی وا بوو شیعر تەرجومە ناکرێ، کەچی هیگڵ دەیگوت: شیعر ئەوەیە دوای وەرگێڕان دەمێنێ. من پێم وایە شیعر نەک هەر هەتا جوانتر بێ، وەرگێڕانی دژوارتر دەبێ، بەڵکو شیعر وەرگێڕانی لە داهێنانی سەختترە. شیعر وەرگێڕ ئەگەر لێ گەڕێ داهێنەر زاڵ بێ، ئەوا بە دەستی خۆی، خودی خۆی لە ناو قەفەزی دەقەکەدا بەند دەکا، ئەگەر ئازادانە ڕەوتار بکات و جێ پەنجەی خۆی بەسەر دەقەکەوە بەجێبهێڵێ، ئەوا ناپاکی لە داهێنەر دەکا. مەحاڵە شیعر وەرگێڕ ناپاکی لە داهێنەریش نەکات و خۆیشی ئازاد بێ. هەمیشە شیعر وەرگێڕ یان داهێنەر، یەکێکیان دەبنە قوربانی ئەوی دیکەیان. من لە نێوان جەللاد و قوربانیدا، هەمیشە ڕۆڵی یەکەمیان هەڵدەبژێرم.

هەندێ دەڵێن: وەرگێڕان دەبێ وشە بە وشە وەک ئۆرگینال بێ. هەندێکی دیکە دەبێژن: گرنگ گەیاندنی بیری داهێنەرە. هەندێ پێیان وایە: شتی گرنگ لەبەرچاوگرتنی شێوازی نووسینی داهێنەرە. هەندێ وەرگێڕ وای بۆ دەچن، خۆیان لە داهێنەر بە تواناترن و دێن دەقەکە جوانتر و چاکتر دەکەن، لێی فڕێ دەدەن، لێی زیاد دەکەن، دەوڵەمەندی دەکەن، هەڵەی داهێنەر ڕاست دەکەنەوە و

بانگەشـــەی ئەوەیش دەکــەن هێندە بلیــمــەتن، هـەر کــەسێ وەرگــێــڕانــی ئەوان بخوێنێتەوە، وا هەست دەکا ئۆرگینالە.
من یەکێکم لەو وەرگێڕە دەگمەنانە و بە بروسکە سەرنجدانێ، چی مانای گرنگ و بەبایەخ لەو دیو گوتەکانی داهێنەرەوە خۆیان ماتداوە دەیانبینم. دەڵێن شتگەلێکی وا هەن خۆیان لە نەستی کۆی میللەتێکدا مەڵاسداوە، ئەگەر وەرگێڕ سەر بە نەتەوەی داهێنەر نەبێ، دەرک بەو شتە نهێنییانە ناکا، ئەوە کۆسپی بەردەمی وەرگێڕی بێسەوادە، من نەستی کۆی میللەتانیش، وەک سەعاتی ئاو دەخوێنمەوە.
و ما مقامی بأرض دجله إلا
كمقام المسيح بين اليهود *
بەڵام چ قەیدی، با مێژوو خۆی سەدبارە بکاتەوە و گەلە نەفامەکەم وەک پێویست، بە چاوی ڕێزەوە سەرنجی شاکارم نەدات، ئەوە گرنگە خۆم پێم وایە: ‹هەموو جیهان مۆمێکی تواوەیە و دەڕژێتە قاڵبی منەوە.›
بە هێنانەوەی مشتێ لە نموونەی خەرواری ئەو کارانەی لە بواری وەرگێڕاندا ئەنجامم داون، کۆتایی بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیم دەهێنم و دڵنیام نەوەی داهاتوو قەدرم دەزانێ.

Four eyes see better than two.

دەڵێی سەگی چوار چاوە.

*

There is no rose without a thorn.

ئەگەر گوڵ نیت، دڕکیش مەبە.

*

و حلق فی السماء.
بە ئاسمانەوە ڕیشی دەتراشی.

*

یا فؤادی لا تسل أین الهوی.
ئەی فوئاد گیان مەپرسە ئەم بایە لە کوێوە دێ.)

1999. 10. 03

* پلە و پایەم لە خاکی دیجلەدا
دەڵێی پلە و پایەی مەسیحە لە ناو جوولەکەدا. ‹موتەننەبی›

## ڕاوە پیرێژن

بەوەدا چۆمان: دوو چۆم و ‹لوقمان: دوو لوقم› و عەجمان: دوو عەجم و نەعمان: دوو نەعمە، دەبێ بە سیلەی ڕەحم، ڕەحمانیش: دوو ڕەحم بێ.
لەو ڕوانگەیەوە کە ‹دەقی ئەدەبی بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی یان دەروونی نییە، چالاکییەکی هونەرییە لە گۆڕەپانی زماندا ئەنجام دەدەرێ،› ئەوەندە گەمە بە وشەی ڕەحمان دەکەم.
من وەک فۆرمالیستێ پێم وایە ڕستەی شیعری، ڕەنگدانەوەی هەڵچوون و بۆچوونی داهێنەرەکەی نییە، بەڵکو یاریکردنە بە وشە و هیچی تر. لای من گرنگ نیشانە و پێکهاتە دەنگییەکانە و ئەو پێوەندییەیە کە پێکیانەوە دەبەستێتەوە.
ئەو دیتنەی گوایە ‹هەژان هەوێنی هەڵچوون، هەڵچوونیش بناغەی کاری ئەدەبییە و گرنگ ئەوەیە بەرگێکی هونەری بکرێتە بەر هەڵچوونەکە،› بە پوولێکی قەڵب ناکڕم. ئەوەیشی گوایە‹هونەر هەڵوێستێکی داهێنەرانەیە، پێوەندیی نێوان خود و بابەت بەرجەستەدەکا،› دروشمێکی بریقەداری فریودەرانەی دێوجامە ئاسایە.

*

ڕەحمان هێشتا لە کەمپ بوو، کە نازناوی ‹دووڕەحم یەک کولیچە›یان پێ بەخشی، ئاخر شەوانە دەیویست بە تاقە یەک کولیچە، پیرێژنێ ڕاو بکا. ئەو دەیزانی سوێد، سۆماڵ نییە، بەڵام هەر زوو دەرکی بەو ڕاستییە بەڵگە نەویست و حاشا هەڵنەگرە کردبوو، کە سوێدی تامەزرۆی خواردنی وڵاتانی دوورە. ئیدی هەر کە تاریکی دەکرد، بە گیرفانی پڕ لە کولیچەی گوێزەوە، بەو بیانووەی سوێدی بە کولتووری خواردنی کوردی ئاشنا دەکا، سەردانی هەموو باڕ و دیسکۆکانی شاری دەکرد و هەر پیرێژنێکی ڕووخۆشی دەبینی، کولیچەیەکی پێشکەش دەکرد.
وەک چۆن ماسی ناو بە ناو بە قولاپی ڕاوچییەوە دەبێ، پیرێژنیش هەندێ جار بە کولیچەی دووڕەحمەوە دەبوو. لە مێژە دەڵێن: نزیکترین ڕێ بەرەو دڵی پیاو، بە گەدەیدا تێدەپەڕێ. دووڕەحمیش هات مامەڵەیەکی ژندۆستانەی لەتەک ئەو گوتە دێرینەدا کرد و بە کردەوە سەلماندی کە: کورتترین ڕێ بەرەو هەواری دڵی ژنیش، کولیچە بە گوێزە.
‹چۆن فێری ئینگلیزی دەبی لە ماوەی یەک هەفتەدا بە بێ مامۆستا؟› بڕوا ناکەم کەس بەو نامیلکەیە فێری ئەو زمانە بووبێ، بەڵام گەلێ کەس بە نامیلکەکەی دووڕەحم: ‹چۆن ژنێ ڕاودەکەی لە ماوەی یەک سەعاتدا بە یەک کولیچە؟› ژنیان ڕاوکردووە.

لە سوێد، زستانان کە دار و بەرد دەیبەستێ، لم بە ڕێگاوبانەوە دەکەن، تا هاوولاتییان نەخلیسکێن، ئاخر لاق شکانێ زێتری تێدەچێ لەوەی بە درێژایی زستان کرێکارێ خەریکی لم ڕۆکردن بێ.
دووڕەحم نەک خوا نەخواستە لەبەر بێڕەحمی، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەمای نەدەزانی، گەلێ جار پێی دەنا بە پێی ئەو پیرێژنانەدا کە سەمای لەگەڵ دەکردن، ئەوە بوو لە مانگێکدا هەندێ ئێسکی ناسکی پێی دوو پیرێژنی خانەنشینی کورد دۆستی وردوخاش کرد و بەمەیش زیانێکی بەرچاوی بە ئابووریی کۆمونەکەی گەیاند. ئیدی دەسەلاتداران شەوگەڕ باڕەوباڕیان لێ قەدەغە کرد و ڕەوانەی کۆرسێکی فێربوونی دانسیان کرد. دوای ئەو کۆرسە چڕە کە دوو هەفتەی خایاند، قورئان بە هەقت کە دەڕەقسی، دەتگوت جۆن تراڤۆڵتایە.

*

(لە نیوەی دووەمی سالانی حەفتادا، کە تازەکی تروسکەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەدی دەکرا، ڕژێم بۆ سەرقاڵکردنی لاوانی کورد بە شتی لاوەکییەوە، خاوەن سینەماکانی کوردستانی بۆ نیشاندانی فیلمی ڕووت هان دەدا.
ناوی فیلمەکان هەمیشە بە عەرەبی دەنووسران، ئەمەیش هەر جۆرێ بوو لە سیاسەتی بەعەرەبکردن. ‹إمرأة من نار› یەکێ بوو لەو فیلمانە، ئێمەیش کە چوار لاوی خوێنگەرم بووین و بڕیارمان دابوو، بۆ بینینی بچین، بە دەم ڕێی سینەماوە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتبووین، ئەوی بە لەبارترین شێوە ناوی فیلمەکە تەرجومەی کوردی بکا، ئەوانی ترمان پارەی بلیتەکەی بدەین. یەکەممان گوتی: ژنێک لە ئاگر. دووەم: ژنێکی ئاگرین. سێیەم: ژنێکی گەرموگوڕ. وەک دەزانن کوڕە ئازاکە هەمیشە لە دواییدا دەست، یان دەم دەکاتەوە، منیش گوتم: ژنێکی بە ئاڵۆش. ئەوە بوو بێ مشتومڕ وەرگێڕانەکەی من پەسەند کرا.
‹غەریبێ لە سوێد› یەکێ لەو فیلمە ڕووتانە بوو، کە ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیم، قارەمانەکەی سەردانێکی کورتی سوێد دەکات، حەوت شەوی لێ دەمێنێتەوە و هەر شەوەی ئافرەتێکی قژزێڕینی، چاوشینی، قەدباریکی، بالابڵند و خوێنشیرین لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە. دوای ئەو فیلمە بوو، بڕیاری کاربڕم دا، بەهەشتی سەرزەمین: زێدی شیرینم بەجێ بهێڵم. ئیدی هەدادانم نەبوو تا لە سوێد خۆم گرتەوە.
ڕاستە من شەوانە وەک ڕووکەش بە مەبەستی ڕاوەژن، باڕان دەگەڕام، بەلام بڕوا بکەن گرنگ نێچیرەکە نەبوو، گرنگ ڕاوەکە بوو. ئەوە گرنگ نەبوو ئارەزووەکەم دێتە دی یان نا، گرنگ ئەوە بوو، هەوڵی بەدیهێنانی بدەم.
دڵم مەلێکە ئەنگاوتە،
ناکرێ درەختی بالات

تاقە شەوێ داڵدەی بدات؟
پەنجەم تەزیوە
مەگەر پشکۆی گۆی
مەمکی سرکی تۆ
گەرمی ڕابێنێ.

ئەم شیعرەم لە کاتی سەمای هێمنی کۆتاییدا، هێندە بە گوێی پیرێژنانی شاردا چرپاندبوو، هەموویان وەک سروودی نیشتمانی لەبەریان کردبوو.
‹کە کوتان دژی ئاوڵە گەیشتە هیندستان، ئەو خوداوەندەی خەڵکێکی زۆر پێیان وابوو چارەسەری ئاوڵەی لایە، کەس نەما کوڕنووشی بۆ ببا.› منیش هەر کە ژنەکەم گەیشت، ئیتر نە پیرێژن لە خەیاڵمدا ما و نە کولیچە لە گیرفانمدا.)

1999. 10. 09

## مەمک و نارنجۆک

هیچ شتێ ئەوەندە باڵا نییە کە نەتوانین گەمەی پێ بکەین.
گونتەر گراس

(نازانم چۆن هەندێ پیاو فریای گەڕان بە دوای حەرامدا دەکەون! خوا شاهیدە، من هێندە شەکەت و سەرقاڵم، فریای حەڵاڵیش ناکەوم. بڕواتان هەبێ لە ژیانمدا بە چاوی تەماعەوە مژم لە هیچ ژنێ نەداوە، ئاخر مژلێدانی قووڵی وا هەیە، هێندەی لە زینا نەگەڕاوەتەوە.
من و ڕەحمە کە یەکتریمان پەسەند کرد، هەر لە سەرەتاوە ئەو دەیویست بەو جۆرەی خۆی دەیەوێ، بمگۆڕێ، بەڵام من دەمویست ئەو چۆنە، هەروا بمێنێتەوە، وەلێ خواستی هیچمان نەهاتە دی. ئەو تەواو گۆڕا، منیش وەک خۆم مامەوە.)[١]
مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە. نازانم ئەوە قسەی مارکسە، یان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد؟ هی هەر کامیان بێ، هەر لە محەمەدی دزیوە، ئاخر ئەو زۆر پێشتر گوتوویەتی: ژن چاکترین کوتاڵە.
من ژن بە کوتاڵ نازانم، بە پردی نێوان خودی خۆم و ئاسمانی دەزانم. لای من، ژن جەستە نییە، ڕۆحە، بۆیە بە زەین دەیبینم نەک بە چاو. بڕوایشم بە کۆنتاکتی جەستەیی نێوان خۆم و ژن نییە، لای من، وەسڵ: توانەوەیە لە تاڵە تیشکێکی ئەوینی خوداییدا.
هەندێ لەوانەی سەرومڕ بە قوونی چاو سەرنجی سمت و کەفەڵ و سنگ و مەمکی ژنان دەدەن، پێیان وایە منیش ڕێوی ئاسا، لێوم ناگاتە دەنکە ترێی گۆی مەمکی ئافرەت و دەڵێم ترشە. جیاوازی نێوان من و ئەوانە، وەک جیاوازی نێوان هەڵۆ و کیسەڵ. یان ڕاستتر باڵەفڕ و پاس وایە.
ڕاستە بناغەی بیری نوێ، تەنیا ئەڵمانەکان دایانڕشتووە، کانت، هیگڵ، نیچە، مارکس و هایدگەر هەموویان ئەڵمان بوون و تەنانەت فەرەنساییەکانیش لە باشترین حاڵەتدا شاگردی ئەوانن. ئاڵتۆسیر قوتابی مارکسە، دولۆز شاگردی نیچەیە، سارتەریش هی هایدگەر، بەڵام ئێستا سەردەمی جیهانگیرییە و سنوورەکان کاڵبوونەتەوە، بۆیە دەشێ لە نێو ئێمەی کوردیشدا بیرەوانی ئەڤانگارد، (ئەوی زێتر لە عەکسی قەمەر دەچێ لە ناو حەوزێکی لیخندا،) هەڵبکەوێ، کەچی جێی داخە ئەوی لە نێو دارستانێکدا بێ، دارستانەکە نابینێ.
بریا ڕۆشنبیرانی کورد نەختێ لە دارستانەکە دووردەکەوتنەوە و سەرنجێکیان

دەگرتە بەرهەمی بیری بەندەی دلۆڤانیش.
پێش ئیسلام چواریەکی تالانی بۆ سەرۆک بوو، محەمەد پێنجیەکی دەسەند، ئەویشی دەهاتە سەر ئایینی وی، باجی کەمتری لێ وەردەگرت، بۆیە کە لەشکرەکەی ولاتێکی داگیردەکرد، پێشەکی دەوڵەمەندەکانی دەهاتنە سەر ئایینی ئیسلام. من تاکە سەرۆک و بیریاری بەرزەفڕم، کە نەک هەر باج وەرناگرم، باجیش دەدەم، کەچی تەمەنم لە پەنجای تێپەڕاندووە و هێشتا داهێنانم مەرزی ولاتی پۆستەی خوێنەرانی نەبەزاندووە!
تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حسابم
بێ ناڵە نییە سانییەیەک تاری ڕوبابم.
عەتا قەرەداغی لە لێکدانەوەی ئەو شیعرەی گۆران دا دەنووسێ: ‹سەرجەم توخمەکانی زمان، لە فرمان و ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵفرمان بەشداری پێکهێنانی بنیادی شیعرەکە دەکەن.›‹٢›
من وەکوو شاعیرێکی دوای نەوەی گۆران، زۆر لەمێژە تامەزرۆی نوێکردنەوە و ئەزموونگەریم. هەمیشە بە دوای داهێنانی ڕێبازی نوێ و شۆڕشی شیعریدا وێڵم و دەزانم بەو زمانە دێرینە، گوزارشت لەم جیهانە تازەیە ناکرێ، بۆیە خەریکی تەقاندنەوەی زمانی کۆن، سووتاندنی کتێبخانەی شیعری و خاپوورکردنی پەرستگاکانی دابونەریتی ئەدەبیم و سەرقاڵی ئەوەم شیعرێ بنووسم هیچ کام لە توخمەکانی زمانی تێدا نەبێ، وەلێ ‹هەر چەند دەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،› بەبێ توخمەکانی زمان ‹بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم.›
‹من ژن بوومایە بە مەمک سەنگەرەکانم داگیردەکرد.‹٣›
وەک چۆن زۆرداری، هەوێنی شیعری بەرەنگارییە، هەروایش کە تەرزەی ئایین دادەکا، شیعری ئێرۆتیک لە دایک دەبێ. پێم وایە ئەو شیعرەی بەئاشکرا باسی بەی گوشین و لێو مژین و لێکئالان بکا، شیعرێکە بە گژ دەسەڵاتی ئیسلامدا دەچێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە قوبادی جەلی زادە، کە زەحمەتە هیچ شاعیرێکی کورد هێندەی وی مەمکی جوان خستبێتە ڕستەوە، شۆڕشگێڕترین شاعیری کوردە و هەر لەبەر بە مەمک هەڵگوتندا، هۆمەری دزەییش ڕادیکالترین گۆرانیبێژی کوردە.›
هەر کە ڕەخنەگرەکە لە قسەکانی بووەوە، بێ ئەوەی مۆڵەت لە کۆڕگێڕ بخوازم، گوتم: جاران شۆڕشگێڕ کەسێ بوو، نارنجۆک بخاتە ناو دوژمنەوە، ئێستا کەسێکە مەمک بخاتە ڕستەوە!
ئەوە بوو یەکسەر ئەدەبدۆستان هاوزەمان لە قاقای پێکەنین و هاڕەی چەپڵەیان دا. مەخابن، ئەوە یەکەمین و دوا جار بوو لە ژیانی ئەدەبیمدا، سەر بۆ بلیمەتیم نەوی بکرێ.

نیچە جارِی مەرگی خوای دا، فۆکۆ مەرگی ئینسان، بارت مەرگی نووسەر، منیش چونکە نووسینم خوێنەری نییە، بەڵێن بێ هەر بواری قسەم بۆ برەخسێ، جارِی مەرگی خوێنەر بدەم.)

*

ئەوی خوێندتانەوە دوو سێ رِووپەلی بڵاونەکراوەی دیکەی یادداشتەکانی رِەحمانۆک قەرەبەردی بوو. بەوانەی ئالوودەی ساتیرم بوون، دەڵێم: وەک گفتم پێ دابوون، تا کۆتایی ئەم سەدە بە هات و هاوارە، هەر درێژە بە بڵاوکردنەوەی لاپەرِە پرشنگدارەکانی دەفتەری بیرەوەرییە سەرنجراکێش و گرنگەکانی ئەو سەربازە گومناوە دەدەم.

1999. 10. 19

(1) Håll kärleken levande Alf B Svenson.

‹٢› رِێگای کوردستان ژ ٣٨١ رِۆژی ١٧ ـ ١٢ ـ ١٩٩٧ هەولێر.

‹٣› قوبادی جەلی زادە ل ٣١٨ سلێمانی ١٩٩٨ بنکەی گەلاوێژ.

## ڕەخنە لە خۆ گرتن

مردووەکان لە ناخماندا دەڕۆن، هەندێ جار پێڵاوەکانیشمان لە پێ دەکەن.

ڕیتسۆس

(ئایین زادەی هەلومەرجێکی مێژووییە، کەچی چەندین سەدە بەسەر ئاوابوونی خۆری ئەو هەلومەرجەدا تێپەڕیوە و چرای ئایین هەر خامۆش نەبووە. ئایین لای مارکس: تێڕوانینێکی میللیە بۆ گەردوون، کەچی تێڕوانینە زانستییەکان تا هەنووکە جێیان بەو تێڕوانینە میللیە لێژ نەکردووە.

ئیسلامی کۆن، مارەبڕین، تەڵاق و خەتەنەکردن لە جوولەکەوە فێربووە، کەچی ئیسلامی هاوچەرخ، هیچ لە چەپەکانەوە فێر نەبووە! قورئان ڕووی زاری تەنیا لەوانەیە کە بڕوایان بە غەیب هەیە، ‹الذین یؤمنون بالغیب. البقرە ٣› کەچی ژن دەناسم، بڕوای بە غەیب نییە و لەچکیش دەکا!

لە لایەکەوە خوا خالقی خۆمان و کردەوەکانیشمانە: ‹واللە خلقکم وما تعملون. الصافات ٩٦› کەچی لەو لا ترەوە، هەرچی چاکەمان بێتە ڕێ، کاری خوایە، وەلێ تووشی هەر خراپەیەک ببین، سووچ و گوناهی خۆمانە! ‹فما اصابک من حسنە فمن اللە، وما اصابک من سیئە فمن نفسک. النساء ٧٩›

‹محەمەد درووودی خوای لێ بێ، پازدە ژنی هێناوە، لەگەڵ سێزدەیان نوستووە، ڕێکەوتووە یازدەی هەبووبێ، کە کۆچی دوایی کرد نۆ ژنی هەبوو.›‹١› ئیدی بۆچی ڕەخنە لەو سەرکردانە بگرین کە ژمارەی ژنیان هێندەی ژمارەی پارتییە ئیسلامییەکانی هەرێمیش نابێ!

مێرد تەنانەت کاتێ بە ویستی خۆیشی بزر دەبێ، ژن پێویستە چەند ساڵێ چاوەڕێ بێ، تا مۆڵەتی شووکردنەوە وەردەگرێ، کەچی ژن کە حازریش بێ، پیاو دەتوانێ ژنی دیکە بخوازێ! ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی یەکسانییە، یان سووک سەرنجدانی ئافرەت؟

جارانی زوو تاک ژنومێردایەتی سەرپێچیکردن بوو لە ئایین، ئەو ژنەی نیازی شتی وای هەبووایە، دەبوو بۆ سڕینەوەی ئەو سەرپێچییە، پێشەکی ماوەیە لەگەڵ کۆمەڵێ پیاودا نوستبا.‹٢› ئێستا ئەگەر ژنێ لە لەندەن گومانی ئەوەی لێ بکرێ، لەگەڵ غەیری مێردی خۆی نوستووە، دەینێرنەوە بۆ سلێمانی، لەوێ دەیدەنە بەر ڕێژنەی گوللە! پێ دەچێ هیچ شارێکی کوردستان هێندەی سلێمانی بۆ قەلاچۆکردنی ژن لەبار نەبێ.

جاران جۆرێکی تر بوو، فرەژنی و فرەمێردیش هەبوو. ئەگەر لە تیرەکەی خۆت کیژ زیندەبەچاڵ کرابا، سووک و باریک لە تیرەیەکی دیکەی کچدۆست، ژنێکت

دەفراند. ئیسلام دژی زیندەبەچاڵ و زێدە لە ماڵی باوک مانەوەی کچە. جەعفەری سادق پێی وایە ‹یەکێک لە نیشانەکانی بەختیاری، کچ بەشوودانە، پێش ئەوەی بزانێ بێنوێژی چییە.›
جاران دژی ژنی مەکرباز بووم، بەڵام کە بینیم ‹إن الله خير الماكرين. ال عمران ٥٤› ڕەخنەم لە خۆم گرت. جاران گاڵتەم بە کەس نەدەکرد، بەڵام کە دیتم ‹الله يستهزى بهم. البقره ١٥› خووم دایە ئەدەبی گاڵتەجاڕی. جاران فێڵم لە کەس نەدەکرد، بەڵام کە بە وردی سەرنجم دا ‹ان المنافقين الذين يخادعون الله، الله خادعهم. النساء ١٤١› ئامۆژگارییەکانی مام ڕێویم وەک ئەی ڕەقیب لەبەر کرد.
فەلسەفە لە کتێبدا نییە، لە ڕەوتاری هەڵگرانی فەلسەفەکەدایە. من لە دەقە دێرینەکاندا بۆ وەڵامی پرسیارە نوێیەکانم ناگەڕێم. من لە دووتوێی کتێبدا بۆ شەریعەتی خوا ناگەڕێم، ناو دڵی ئینسانی بۆ دەپشکنم. ئیسلام لە هەڵسوکەوتی ڕێبەرەکانیدایە، ‹القرأن بين دفتى المصحف لا ينطق، وانما يتكلم به الرجال. الامام على.› با هەموو ئەوانەی لە دەقی قورئاندا بۆ ئیسلام دەگەڕێن، بە خۆیاندا بچنەوە.
ئەوانەی دەیانویست بە پاچی جنێو بەردی بناغەی تەلاری دەسەڵاتی ئیسلام لەق بکەن، گلان. گلان شەرم نییە، ئەوە شەرمە گلاو، هەوڵی هەڵسانەوە نەدات. نابووتبوونی بانکی ئیسلام، بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەندە، نەک بە لێکدانەوەی بێسەوادانەی دەقی قورئانەوە.
ئەوی دەیەوێ کەلەپووری ئیسلام، لە مۆزەخانەی فۆلکلۆردا تۆزی لێ بنیشێ، با لایەنگری ئەو هەوڵانە بێ، کە بۆ ڕووخاندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان لە گۆڕێدان. بەینی خۆمان بێ، مەترسی ئەوە هەیە، ژێرخانی کۆمەڵی کوردەواری بە تەواوی خاپوور ببێ، وەلێ سەرخانەکەی ‹کە ئایین یەکێکە لە بەشە هەرە گرنگەکانی،› مێشێ میوانی نەبێ.)

*

ئەو سەرنج و تێبینییانە کە زێتر لە ورێنەی کەسێک دەچن لە گیانەڵڵادا بێ، ڕەشنووسی وتارێکی ڕەحمان قەرەگابەردی بوو، ‹کلیلی بەهەشت› کە ئۆرگانی باڵی چەپی حیزبی خوای شۆڕشخوازە، پاکنووسەکەی بە ئاگری دۆزەخ سپارد.
1999. 10. 22

‹١› السطح و القاع جمال جمعه الناقد عدد ٥٢ ت١ ١٩٩٢ لندن.
‹٢› اصل العائله و الملكيه الخاصه و الدوله انجلس ص ٨ موسكو دار التقدم.

## ژن له ڕوانگەی سەرکردەوە

سەرکردە ساختەکان زەندەقیان لە وشەی ئازاد چووە.

(زۆربەی خەڵکی کوردستانی باشوور هێندە سنگتەسک و بەرچاوتەنگن، تەنیا ڕێبەری لایەنەکەی خۆیان، بە سەرکردە دەزانن. من وا نیم، سەرۆکی لایەنی زل، مامناوەندی و گچکەیش هەر بە ڕێبەری خۆم دەزانم. هێندە ساکار و دڵپاکم، ئەندامانی سەرکردایەتی دوو لایەنە زەبەلاحەکەیش هەر بە سەرکردەی گەل دەزانم.

سەرکردەیەکی بەساڵداچوومان هەیە کە ئەویش هەر دوای ڕاپەڕین ژنی تازەکردەوە، جاران سەرۆکی بزووتنەوەیەکی هێندە بەرین بوو، ژمارەی ئەندامی سەدان هەزار بوو، ئێستا بەرپرسی گرووپێکە، بە خۆی و خزمەکانیشیەوە، بیست کەس نابێ، کەچی وا گیرۆدەی خەبات بووە، تا یەک کەسی لەگەڵ بمێنێ، دەست لە سەرۆکایەتی هەڵناگرێ.

من جاران ئارەزووم پوول کۆکردنەوە بوو. سەرکردەیەکی کەمەرئەستوورمان هەیە، ئارەزووی ژن کۆکردنەوەیە، بەڵام چونکە خۆی بە چەپڕەو نازانێ و بڕوای بە پیاوسالاریش پتەوە، هیچ ڕەخنەی لێ ناگرم، تەنیا لەوە ئاگاداری دەکەمەوە، کە سوعال ‹لە ئەو دوور بێ› کۆکەیە نەک پرسیار.

سەرکردەیەکی دیکەمان هەیە، هەتا بڵێی خانەدانە و تەنیا لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەی بەرینتر بێ، زوو زوو ژن دێنێ، ئەگەرنا فێمینیستێکە ئاو لێڵ ناکا. خەوشی ئەو لای من تەنیا ئەوەیە، لە بری سیمبۆل: سونبول بەکاردەهێنێ. سونبول: گوڵەگەنمە، سیمبۆل* ڕەمزە. تکایە با ڕاوێژکارە ڕۆشنبیرییەکەی لەم هەڵەیە کە منی وەک ڕەخنەگرێکی ئەدەبی هەراسان کردووە، ‹ئاخر ڕەمز لە ئەدەبدا ڕۆڵێکی گرنگ وازی دەکا،› ئاگاداری بکاتەوە.

سەرکردە پێویستی بەو جۆرە لووتانەیە، بەر لەوەی مەترسییەکە ڕوویدابێ، بۆنی کردبێ. هەندێ لەو سەرکردانەی لووتیان هەستیارە،** هەر زوو بۆنی مەترسی جیهانگیرییان کرد، بۆیە لە سۆنگەی ئەوەوە ئەورووپا سەنتەری جیهانە، ئەگەرچی زۆربەی وەختیان لە ئاسیا بەسەر دەبەن، بەڵام سەرو ژنیشیان ڕەوانەی ئەورووپا کرد.

تەنیا یەک سەرکردەمان چونکە نەیتوانی لەگەڵ جیهانگیریدا خۆی بگونجێنێ، لە ژنەکەی ئەورووپای جیا بووەوە. ئەو سەرکردەیە کە ئەگەری ئەوەیش هەیە بە

وریاییەوە دژی جیهانگیری بێ، لە ستۆکهۆڵم، لە کۆڕێکدا پێشمەرگەیەکی دێرینی خۆیی لێ پەیدا دەبێ و پێی دەڵێ:
ـ بیست ساڵ لەمەوبەر بە فەرمانی تۆ، بە شەق پیرەمێردێکی بێدەسەڵاتم بۆ مەڵبەند هێنا، چونکە ژنێکی گەنجی مارەکرد بوو. بە ڕاست ئەدی ئەوە چۆنە خۆیشتان سەرو ژنی جەحێڵتان هێناوە؟
سەرکردەی تازەزاوایش گوتبووی:
ـ بۆچی تۆ خۆت هەر لەگەڵ هەمان ژندا دەژیت؟
ـ بەڵێ، خۆ ژن پێڵاو نییە، زوو زوو بیگۆڕم.
لە هەشتی ئاداری ئەمساڵدا سەرۆکێ چونکە کەمێ ناساغ دەبێ، دەیەوێ لەبری خۆی ئەندامێکی سەرکردایەتی بنێرێ، تا بە ناوی حیزبەوە، لەو ئاهەنگەدا کە ڕێکخراوی ژنان سازیانکردووە، بپەیڤێ، کە سەرنجی فایلەکانیان دەدا، لە هەموو سەرکردایەتی ژندۆستێکی دەستگیر نابێ، ناچار خۆی دەچێ.
سەرکردەیەکی دیکە لە ئەڵمانیا لە کادیرێکی خۆیانی پرسی بوو:
ـ بە ڕاست لێرە کرێی نوستن لەگەڵ ژنە لەشفرۆشێکدا چەندە؟
ـ سەد مارک.
ـ جا خۆ من لای خۆمان بەو پارەیە لەگەڵ بیست ژنە شەهیددا دەخەوم.
دوای هەڵبژاردنەکە لایەنێ لە کۆبوونەوەیەکدا مشتومڕ لەسەر دەستنیشان کردنی وەزیرەکانی خۆیان بۆ کابینەی یەکەم دەکەن، سەرکردەیەکی ‹کە وەک خۆیشی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی کردووە› بە دژە ژن ناسراو، دژی ئەوە دەبێ، ژن ببێ بە وەزیری شارەوانی. کە ناچاری دەکەن هۆکارەکەی دیاری بکات، دەڵێ: ‹ئاخر شەقام و ڕێگاوبانی کوردستان پڕن لە قۆرت و چاڵ، شوفێری کوردیش دەمپیسن، هەر لە تاسەیە بدەن، جنێوێکی بۆ دەنێرن، بەمەیش ئابڕووی حیزب بریندار دەبێ.›
کە دوای ڕاپەڕین دیسان شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە، ژنانی کورد چەندین جار دژی ئەو شەڕە پۆخڵە، دەنگی ناڕەزاییان بڵندکردەوە. سەرکردەیەکی شەڕخواز، کە وا باوە بانکی هەڵەبجەشی تاڵان کردبێ، گەیشتبووە تینی و گوتبووی: ‹ژن، جاران هەر لنگی هەڵدەبڕی، ئێستا دەنگیش هەڵدەبڕێ.›
پیاو قسەیە بۆ دزیش بکا، لە ئەزموونە ساواکەی ئێمەوە، سوێد کە بە مەڵبەندی دیموکراتی ناسراوە، فێری فیفتی فیفتی بوو. ئەگەرنا ئەدی بۆچی جاران نە سەرکردایەتی حیزب، نە کابینە و نە پەرلەمان هیچیان لە نێوان ژن و پیاودا نیوە بە نیوە نەبوون؟)

*

ڕەحمان قەرەتاوێری نیازی وا بوو لەو سەرەمەقەستانە، ڕۆمانەکەوایەک بدوورێ،

پڕ به بەری ئەو سەرکردانه بێ و له هەشتی ئازاری ساڵی داهاتوودا بیخاته سندووقی پۆستەکانیانەوە، بەڵام جێی داخ و مایەی نیگەرانی و هەوێنی پەژارەیەکی قووڵە، پاسەکەی قلّپ بووەوە و مەرگ مەودای نەدا.

1999. 10. 23

* symbol

** هەستیار: حەساس.

# حەبی خەو

من وەکوو ڕەعدم و تۆ وەک گوڵ و سەبزەی دیمەنی*
من دەگرییم و دەناڵێنم و تۆ  پێدەکەنی
‹نالی›

‹زانینی ڕاستی با تەنانەت دژی خۆیشمان بێ، هەر یارمەتیمان دەدات و ڕێی بەرەو لوتکەمان بۆ تەختدەکا.› چونکە ڕۆسۆ، ئەندریە جید و ئۆسکار وایەڵد بیرەوەرییەکانیان خوێنەری لە بەرهەمەکانی دیکەیان زێترە، منیش  بە مەبەستی ڕاوەخوینەر، ناوبەناو خەریکی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانم لە شێوەی ساتیردا دەبم و ئیدی هێندە خۆم بە نووسینی شیعر و ڕەخنەوە سەرقاڵ ناکەم.
کلۆدیا سییەس کە دەروونناسێکی ئەڵمانە دەڵێ: ‹پێکەنین و گاڵتەکردن بە هەڵەی کەسانی دیکە، دیاردەیەکی شارستانییە، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو گوشارەی لەسەر خەڵکی هەیە و ماندوویی لە لەش و گیانیان دەردەکات، بۆیە ئەوی بە هەڵەی کەسێ پێبکەنێ، هیچ پێویست ناکا، سەرزەنشتی خۆی بکا.›
میلان کوندێرا دەڵێ: ‹ساتیر هونەرێکە لە ڕێی گاڵتەکردن بە بیر و کردەوەی کەسانی ناخپووچەوە، پەیامی خۆی دەنێرێ.› منیش نامەیەکم پێیە، دەمەوێ بە ساتیردا بینێرم. لەو ڕوانگەیەوە کە ‹خراپترین شیعر، شیعرێکە بیروڕایەک بەرجەستەبکات و هەر کارێکی ئەدەبی مانای هەبێ، کارێکی سەرکەوتوو نییە،› ناو بە ناو بە مەبەستی جەختکردن لەسەر بێمانایی ژیان، شتی پەرتوبڵاو و بێمانا دەنووسم.
شاعیر نەک هەر لەو وشانەدایە کە دەیاننووسێ، بەڵکو لەو شوێنانەی لاپەڕەکانیشدایە، کە بە سپێتی ماونەتەوە. گوستاف فلۆبیر دەڵێ: ‹نووسەر ـ بە کوفر نەبێ ـ وەک خوا وایە. خوا خۆی هەموو شتێکی خوڵقاندووە، کەچی لەناو هیچ شتێکدا خۆی دیار نییە، ئاگاداری هەموو شتێکە و لە هەموو شوێنێکدایە، کەچی لە هیچ کوێ نابینرێ.›  نووسەریش خۆی داهێنەری بەرهەمەکەیە، ئاگای لە وردودرشتی کارەکەیەتی و هەر کارەکتەرێکی هەر ڕۆمانێکی بگری، بەشێکی بچووکی لە نووسەر تێدایە، کەچی هیچیشیان نووسەر نین و خۆی دیار نییە.
هیچ شاعیرێکی عەرەب هێندەی نیزار قەبانی، ڕەخنەی توندی لە سەرانی نەتەوەیی عەرەب نەگرتووە، کەچی لە شام کە لەژێر دەسەڵاتی نەتەوەییەکاندایە، کە زرپوزیندوو بوو، ناویان لە شەقام نا، کە نەخۆش کەوت، ئەرکی

چارەسەرکردنیان گرتەئەستۆ و سەرۆکی وڵات نوێنەری خۆی ناردە سەردانی، کە کۆچی دواییشی کرد فڕۆکەیەکی تایبەتییان نارد، تەرمەکەی هێنایەوە.
ئەوەی باشە دەسەڵاتدارانی لای خۆیشمان دەرس لە ئەزموونی دەرودراوسێوە فێر دەبن. ڕەفیق پشدەری لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: بەعسییەکان کە دەسەڵاتیان گرتە دەست، کەوتنە ژنی تازە هێنان. بەرپرسانی لای خۆیشمان دوای ڕاپەڕین، پێیان خستە ئەو ئاوەوە کە بەعسییەکان ڕشتبوویان و سنگیشیان بۆ ڕەخنە هێندە فراوانە، ئەگەر قسەیەک لە سەد ڕووەوە لە کوفر بچێ و تەنیا لە یەک ڕووەوە لە کوفر نەچێ، بە کوفری وەرناگرن.
لەوساوە یەکێتی بڕیاری داوە، مام جەلال سەرۆکی کوردان بێ، پارتیش جاڕی داوە، کاک نێچیرەوان سەرۆکی وەزیران بێ. هەمیشە لە جێی سنگدان، قوززەڵقورت بووە و تا هەنووکە هیچ شتێ نائاسایی و نایاسایی نییە، با هەندێ کەسی بوغز لە سکیش پێیان وابێ، یەکێتی مافی دەستنیشان کردنی سەرۆکی هەرێمی نییە.
یەکێتی گەلێ جار گۆڵی مێژوویی لە پارتییە کوردییەکان کردووە. چونکە وا باوە، بەتەمەنترین ئەندام، کۆنگرە بکاتەوە، یەکێتی بۆ هەموو کۆنگرەیە ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ خۆی دەبا. ناوبراو چونکە لەدایکبووی ساڵی هەزار و نۆ سەد و هیچە و هیچ پارتێ کەسی لەو پیرتر شک نابا، بۆیە کلیلی کردنەوەی چی کۆنگرەی کوردستانی هەیە، لە گیرفانی خۆیدایە.
<لە ڕووسیا قەدەغەیە شوفێر بە سەرخۆشی ماشێن باژوێ، کەچی سەرۆک بە سەکرانی** هەموو ڕووسیا لێ دەخوڕێ.> لە سوێد کە تەمەنت بوو بە شەست و پێنج ساڵ، بۆت نییە لە چێشتخانەیەکدا زەڵاتە دروست بکەی، چونکە ئیدی پیر بوویت و دەشێ دەستی خۆت ببڕی، یان زەڵاتەکەت پوخت و خاوێن نەبێ و زیان بە هاووڵاتیان بگەیەنی. بەوەدا لای ئێمە دەشێ تەمەنت لە حەفتایش هەڵکشاوتر بێت و سکرتێر، سەرۆک یان جێگری سەرۆکی حیزبیش بیت، دیارە سەرکردایەتی کردنی حیزب، لە زەڵاتەکردن ئاسانترە. درێژ بێ تەمەنی ئەو پیرەمێردانەی خزمەتی خۆیانیان پێ ناکرێ و دەست لە خزمەتکردنی کورد هەڵناگرن.
بەوەدا لە کۆنگرەی دوازدەی پارتیدا مەسرووری کوڕی مەسعوود بە شێوەیەکی سوپەر دیموکراتی، بە زۆربەی هەرە زۆری دەنگ، گەیشتە لوتکەی قوچەکی پارتی، پێشنیار دەکەم ناوبراو بکرێتە سەرۆکی پەرلەمان. دڵنیام ئەوسا لە سێگۆشەی مەسعوود: سەرۆکی پارتی، نێچیر: سەرۆکی وەزیران و مەسروور: سەرۆکی پەرلەماندا، گەلی باشوور، بە چاوپۆشین و گوێ ئاخنین لە ڕەنگ و دەنگی ئەوانەی سیر دەخۆن و زوڕنای پارتی بنەماڵە لێ دەدەن، پاشایانە دەژی.

دیمـوکـراتی بەوانە دێتـە بەرهەم کـە بە بەرهـەمی ڕەنجی شـان و بیـری خـۆیان دەژین، نەک بەوانەی بەری کۆششی کەسـانی دیکە و سامـانی وڵاتیش دەدزن. من ئەو شتـانە دەڵێم کـە زۆربە پێی وایە، بۆ گـوتن ناشێن، ئەو شتـانە دەنووسم کە نووسەرانی دیکە لێیان بێ دەنگن. کە دەنووسم هیچ شاکارێکی هیچ نووسەرێکی مـەزن، ناکەم بە نموونـەی باڵا و پێوانە، خـەو بە ڕچە شکاندنـەوە دەبینم. من وای بۆ دەچم بەرهـەمی ئەدەبی نەک هـەر پێوەندییەکی قووڵ و پتەوی بە واقیعەوە هـەیە، بەڵکو بەشـداری لە گۆڕینیشـیدا دەکا، ئەوە نەبوو ڕۆمـانی کووخـەکـەی مـام تۆم، یاسای ئەمریکای سەبارەت بە کۆیلە گۆڕی.
جـاران ڕەخنەی ڕووخـێنەرم دەنووسی، مـاوەیەکـە نەک ڕووخـێنەر، هـی بە ئاسـتـەم ڕووشێنەریش نانووسم و تا بلێی نەرم و نیان سەرنجی ژیان دەدەم. مـەسعوود و مـەسـروور هـەردووکیان بە مـانای دڵشـاد دێن، کـامـیـان تۆزقـاڵێ دڵشـادترە؟ ئەوە نازانم، بەڵام دەزانـم نەدەبوو سـەرۆکی پارتییەکی دێرینی کوردی، ناوی عەرەبی لە زارۆکی بنێ.
چلەی هـاوین بوو، ئەدەبدۆستێ دەستی تەوقەی درێژ کرد و خۆی پێ ناساندم:
ـ عەبدولڕەحمان.
* بەم گەرمایە! من لە بری تۆ بم، هـاوینان هـەر بە ‹ڕەحمان›ەوە دێمە دەرەوە.
منداڵ ئەگـەر ناوێکی جوان و لەباری هـەبوو، لە ژیانیدا دڵنیاتر و پشتی بە خـۆی قـایمـتـر و بڕوای بە خـۆی پتـەوتر دەبێ. ناوی سـەیری وا هـەیە دەبێتـە مـایەی گاڵتـەجاڕی، بۆیە بـاوک دەبێ زۆر بە وریاییەوە ناو لە منداڵی بنێ. ئـەو کوردەی لە سوێد بژی نابێ کچی ناو بنێ: مینا، چونکە بە مانای لوغم دێ.
بریا کـابینەی چوارەم بـواری بە هیچ کـوردێکی باشـوور نەدەدا، ناوی عـەرەبی، تورکی و فـارسی لـە منداڵی بنێ. نـازانم ئێـمـە بۆچی هـێندە دیلی کـولتـووری داگـیرکـەرانمـانین! کـەس سـەرۆکی پـارتییـەکی عـەرەبی، تورکی یان فـارسی دەناسێ، ناوێکی کوردیی لە زارۆکێکی نابێ؟
هـەندێ لـەوانەی بـەر زەبری ڕەخنـەی زبرم کـەوتوون، دڵخـۆشی خـۆیان بـەوە دەدەنەوە، گوایە نـەخۆشیی دەروونیم هـەیە، ئەگەرچی هیچ کامیان هێشتا جۆری نەخـۆشـییـەکەمـیان دیاری نەکردووە. من لێرەدا لە پێناوی سـارێژکـردنی برینی قـووڵی ئەو هێژایانـەدا دەڵێم: من شـیـزۆفرێنیـام هـەیە، کەسـایەتیم لەتوپەت بووە. هـاوزەمان سێ کـەسم ڕەخنەگرێ، هۆزانڤانێک و سـاتیرنووسێک، بەڵام هێشـتا لە ئەنجامی ئەم نەخۆشییەوە، حەبێکی هێمنکەرەوەم قووت نەداوە.

1999. 11. 18

* دیمەن: کۆی دیمنەیە، واتا سەرەنوێلک. دیوانی نالی ل: ٦٦٩

** سەکران: سەرخۆش.

## بەسەرهاتی قەڵەمێکی سەرکێش

«ناچارم مەکەن هەر سەرقاڵی داکۆکیکردن بم لە قەڵەمەکەم،
لێم گەڕێن با پێی بنووسم.»

پیاوی ڕۆژهەڵاتی گوێ لە ژنەکەی دەگرێ، بەڵام بە قسەی ناکا. من ئەوی بە ساتیرم سەرسام نەبێ، نەک هەر بە قسەی ناکەم، گوێشی لێ ناگرم. کێ ڕەخنەی توندی لێم هەیە، با بڵاوی بکاتەوە، وەلێ مەرج نییە بیخوێنمەوە. هەموو دنیا دژم بێ، من هەر لەسەر بەزمی خۆمم و هەر ئەوە دەنووسم کە خۆم دەمەوێ.
ئەگەر کەسێکیش لە دڵسۆزییەوە دەیەوێ واز لەو جۆرە نووسینە بهێنم، ئەوا با قسەی خۆی لە گابەرد نەدا، یەک سەدە قسەم بۆ بکا، یەک وشەی سادە ناگۆڕم، چ جای لێکدراو. لێرە وەک لای خۆمان نییە، وەخت پارەیە، با سامانی خۆی بە فیڕۆ نەدا.
بە لای منەوە ئەوە گرنگ نییە هەمیشە لەسەر هەق بم، گرنگ ئەوەیە هەمیشە بوێرم چی بە هەق دەزانم، بینووسم. بە هەموو ئەوانەی بە هەر بیانوویەکەوە هەوڵی دەمکوت کردنم دەدەن، دەڵێم: من بتی خەیاڵی خۆم دەپەرستم، نەک خوای واقیع. من دژی زیندانی کەلەپوور، بڕیاری زۆربە و بیروڕای باوم، من لەگەڵ خۆڕسکی و یاخیبووندام.
بە لای لیڤی شتراوسەوە، «لە نووسیندا کەس ئازاد نییە، هەر کەسێ دەگری ملکەچی کۆمەڵێ ڕێسایە، کە لە نەستیدا خۆیان حەشار داوە، بۆیە ئەوی پێی وابێ سەربەستانە دەنووسێ، بە هەڵەدا چووە و ڕاستییەکەی لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵێ ڕێسای پێش وەختدایە.» ئەوە من بووم دەرگای ئەو بۆچوونەی شتراوسم لە گرێژەنەوە دەرهێنا، ئاخر من سەرم بۆ هیچ ڕێسایەکی سەپێنراوی دێرین و نوێ، ئامادە و ون، نووسراو و نەنووسراو، نەوی نەکردووە و ناکەم.
هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە، دەقێک با بە لای منیشەوە پیرۆز بێ، بە پۆخڵی بزانێ، بەڵام کەس بۆی نییە، هەوڵی سڕینەوەی دەقێک «با بە لای خۆیشیەوە پۆخڵ بێ» بدات.
با کەس خەمی من نەخوا، خۆم زۆر چاک دەزانم، چی دەنووسم و چی نانووسم. هەموو وشەیەک بەو پەڕی وریاییەوە هەڵدەبژێرم و دەزانم لەبەر چی لە فلان

ڕستەدا، فلان وشەی دیاریکراو بەکاردەهێنم و پەنا بۆ هاوواتایەکی دیکەی نابەم. مایەی داخە ڕێدەکەوێ، ئەگەرچی زۆر بەدەگمەن، تەنانەت منیش هەڵەبکەم، بەڵام وەک لە ئەنجامی ئەزموونێکی درێژەوە بۆم دەرکەوتووە، ئەوە تەنیا خۆمم کە دواتر هەست بە هەڵەی خۆم دەکەم، ئاخر هەڵەی من گەلێ لەوە وردترە، کەسانی درشتبین دەرکی پێ بکەن.
ژمارەیان لە دەنکی هەنار و ناوکی شووتی زێترە ئەوانەی خەو بەوەوە دەبینن، بوێرن وەک من ڕاستییەکان بدرکێنن، کە زات ناکەن، ئێرەییم پێ دەبەن و دژایەتیم دەکەن. بیست ساڵ زێترە باجی ڕاستگۆیی و بوێریی خۆم دەدەم.
قینتان لە منە کە باسی لایەنە پۆخڵەکانی ژیانتان دەکەم، دەبوو قینتان لەوە بووایە کە ژیانی پۆخڵ کردوون. تا دەمرم بە تەنیا گۆرانی دەڵێم، دوور لە گرووپ. بە تەنیا دەفڕم، دوور لە پۆل. بە تەنیا دەخەبتم، دوور لە شۆڕش. بە پێچەوانەی ڕێڕەوی ڕووبارەوە مەلەدەکەم. دژی خواستی با شەن دەکەم.
چارەکە سەدەیەکە سەرقاڵی ڕەخنەی ئەدەبیم، کەچی کەسی وا کە بە درێژایی ژیانی وتارێکی لەو بوارەدا نەخوێندۆتەوە، ڕێنوێنی ئەدەبیم دەکا، جا توو خوا ناهەقمە ئەگەر لەگەڵ ‹نالی›دا بڵێم: ‹ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە؟›‹١›
ماوەیەکە یەکێکی نەناسراو پڕوپاگەندەی ئەوە بۆ خۆی دەکا، گوایە من ناویم بردووە، دەیەوێ لەو ڕێگا دزێوەوە ناوبانگێ پەیدا بکا، کەسی ناونەبراو بەو شێوازە بێبەهایە، تەنیا بەدناوی دەدوورێتەوە و چاویشی بپەڕێتە پاژنەی، ناوی ناهێنم. ئەو کەسە ساڵانێکی دوور و درێژ قوتابیی خۆم بوو، تاقە سەرچاوەی خۆپێگەیاندنیشی هەر بەرهەمی من بوو. ‹ئەو منداڵەی خۆم ئێستا ڕەنجێکی بێهوودە دەدا، بۆ ئەوەی بەو چەکەی لە خۆمی قەرزکردووە، بمکوژێ.›‹٢›
بۆ پشتگیریی قسەکانم، ناچارم بەشێک لە نامەیەکی ئەو شاگردە سپڵەیەم، کە چوار ساڵ لەمەوبەر بۆی ناردووم، بخوێنمەوە:
‹ئینسانیش سەیرە، با باڵای تەمەنیشی هەڵکشابێ، هەر پێویستی بە دڵسۆزێ دەبێ، لە هەڵەکانی ئاگاداری بکاتەوە، کە گەوجێتییەکی نواند، بینێ بە ڕوویەوە و کە تەواو ناخۆشی کرد، پێی بڵێ: هۆش! من هەتا دەمرم لەژێر باری چاکەی تۆ دەرناچم، ئاخر من گەوجێتیم کردبوو بە گاڵتەی منداڵان، سوپاس کە توند گوێچکەت بادام. گەمژەیی من گەیشتبووە ئاستێ، بەیاننامەیەکی توندوتیژم دژی ژنەکەم نووسیبوو، دەمویست بڵاوی بکەمەوە، ئەوە تۆ بووی بە زللەی دەستی پیرۆزت، هۆشیارت کردمەوە. جا باشە من ئەوەتا دیسان چوومەتەوە لای، ئەگەر ئەو بەیاننامەیەم بڵاوکردباوە، ئێستا چۆن لە ڕووم هاتبا، خۆم نیشانی خەڵکی بدەم؟›
خوێنەرێکیش پێی وایە، من شووڵم لێ هەڵکێشاوە و پێستی ناسکی شەرمیم

ڕووشـــاندووه، بەو ئـازیزه دەڵێم، بـا بچێ کــەلەپووری ئـیـســلام ‹الف لیله و لیله، الأغانـی، العقد الفرید و الروض العـاطر فی نزهه الـخـاطر› بخـوێنێـتـەوه، تا به چاوانی گەشی خۆی ببینێ، چۆن بێ پەرده تەنانەت باسی سێکسی نێوان نێر و نێریش کراوه. به ڕاست ئەو خۆشەویسته له حەزرەتی نالی بەئەدەبتره، که سەد و پەنجـا سـاڵێ لـەمـەوبەر به ڕاشـکاوی باسـی ‹دیوانه›ی خـۆی و ‹کـانـی›ی شـازاده مـەسـتووره خـانمی کـردووه!‹٣› تۆ بلێی شـیـعـری ڕووهـەڵماڵراوانەی شـێخ ڕەزا، ئەدەب، مەلا غەفووری حافزی مەهابادی و هێمنی نەدیبێ؟‹٤›

*

دەمـێکه له دوو قـۆڵەوه هـێرشـێکی خـەسـتم لـەسـەره، لـه سـەنـگـەری ئەوانەوه کـه شـمـشـێری ئـیـسـلامـیـان هـەڵبڕیوه و له مـەتەرێزی ئەوانەیشــەوه که پشـتـیـان به دەسـەڵات قـایـمـه. دڵم بەوه خـۆشـه، ئەوی سـەر به شـمـشـێـر و دەسـەڵات بێ، هـەر چییەک بێ، ڕۆشنبیر نییه.

منیش وەک ‹کلیمـانس برینتـانۆ›ی شـاعیـری ئەڵمـان، ‹تا دەمرم، منداڵانه دەژیم. چیم پێ باش بێ ئەوه دەکـەم، بێ گوێدانه سـەرئەنجامی کـارەکانم.›‹٥› من بۆیه به ناوی ئاشکرای خۆمـەوه، یەکه یەکه بەدکـاران دادەشـۆرم، تا نەوەی داهاتوو سڵ له بەدکاری بکاتەوه.

گـــەورەترین ســـووکـایـەتی ئینســان بـه خـۆیی بـکـا، ئەوەیه ڕۆڵـی جـەلـلاد ببـینـێ، گەورەترین سووکایەتی ڕۆشنبیر به خۆیی بکا، ئەوەیه ستایشی جەللاد بکا. پڕ به دڵ بەزەییم بەو ‹ڕۆشنبیران›ەدا دێتەوه که ڕاژەی شمشێری جەللاد دەکەن.

ئیسلامییەکان پێیان وایه، له ڕۆمـانی ‹منداڵانی گـەڕەک›ی ‹نەجیب مـەحفوز›دا، ‹جـەبەلاوی› چونکه به تەنیـا دەژی و کـەسـیش نایبـینێ، خـودایه، ‹ڕەفـاعـه›یش عیـسـایه، ئەدی خـودا عیـسـای بڵند نەکردەوه بۆ ئاسـمـان؟ کـەوابوو ئەو نووسـەره سووکایەتی به ئایین کردووه و خوێنی حەڵاڵە.

‹یەک حـەرفم له هیچ کتـێـبێکی نەجیـب مـەحـفـوز نەخـوێندۆتەوه، بەڵام هـەر کـه میرەکەم گوتی کافره، ئیدی ویستم به شـەرعی خودای لەگەڵدا بکـەم. ئەگەر هـەلم بۆ بڕەخـسـێتـەوه، هـەمدیسـان بەرامـبەر بەو کـافـره، پەنا دەبەمـەوه بـەر شـەرعی خودا.›

ئەوه قسـەی ئەو ئیسـلامـه توندڕەوه بوو کـه نەجیب مـەحـفـوزی بەر چەقـۆ دا. من ئەو چەقـۆوەشـێنه بێسـەوادەم له ‹ڕۆشـنبیـر›ێکی یان ڕاسـتـتـر له قـەڵەمکوتێکی جەللادپەرست پێ مرۆڤدۆستتره.

1999. 10. 17

‹١› به ڕیا باری تەکالیفی ڕوسومی بۆ خەڵق

چ دەکێشی؟ ئەمە حومقێکە عەلاوەی کەرییە. ‹دیوانی نالی ل: ٥٨٦›
‹٢› ئەدونیس.
‹٣› لەو کانییەدا چووزەرە ڕێواسێ ڕوابێ
بەو چووزەرە ڕێواسە کەمێکی قەڵەشابێ.
دێوانە کە زانی کە دەبێ عوقدە گوشابێ
هەستاو و گوتی: ئەشکی ڕەوانم بە فیدابێ.
مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، فاتیح عەبدولکەریم و محەمەدی مەلا کەریم پێیان وایە، ئەو شیعرە:‹نیشانەی چاونەترسان و بزێوی و جەسارەتێکی بێ سنوورە لە نالییەوە و بەڵگەی ئەو ئاگری یاخیگەرییەیە لە سینەیدا کڵپەی سەندبوو، بۆیە دەبێ بە چاوی ڕێزلێگرتنەوە سەیری بکرێ و وا دابنرێ شتێکی نوێ و گرانبەهای خستۆتە سەر گەنجینەی ئەدەبی کورد.› ل٦٠٣ دیوانی نالی.
‹٤› وەک تازە هەڵووژێ کە لەناو دوولقەدا بێ
وا ڕێک گوشرابێ کە لە دوو لاوە قوپابێ
هیندێکی قوپابێ وە کەمێکی قەڵەشابێ
قەڵەشانێ نە وابێ کە بە چاو فەرقی کرابێ
هەر وەک کە لە سێوێکی درابێ دەمی نەشتەر.
یان :
بەو مێزەر و دەستارِ و سەر و گەردەنی ئەستوور
بێ وەی کە دەقولباب بکا سەر زەردە چووە ژوور
سوبحانە لە بێعاری ئەو کوێرەیی ئەعوەر.
‹دیوانی مصباح الدیوان ادب ل٧٤ مصطفی ایلخانی زادە انتشارات محمدی سقز.›
کەنگێ بۆم دادەکەنی خۆمی بەسەردا کێشم
کەوشەکەت ماچکەم و سەر دانێمە بەر پێت کز و مات
نایەڵم بێشێ وەرە پێشێ دەبا بۆت تێخەم
ئەم دوو ئەنگوستیلە ئاڵتوونە لە قامکت بە خەڵات.
‹مەلا غەفووری حافزی مەهابادی›
تۆ ئەوەندەی ڕادەدەی بۆ پێشەوە
ئەو دەڵێ کوێر بووم کوڕە بیکێشەوە
قەت بەری تۆ ناگرێ ئەو قون خڕە
هیچ شکم تێدا نییە کوتک و ترە.
‹هێمن مامۆستای کورد ژمارە ١٠ ل ٣٦ پاییزی ١٩٩٠ سوێد›
‹٥› شاعران و قصیدتان ابوالعید دودو المدی عدد ٢١ ص ٢١

## نامەی دڵداری

لیڤی ئەشکۆڵ سەرکردەیەکی ئاشتیخوازی ناسراوی ئیسرائیل بوو، هەمیشە لە خودای مەزن دەپاڕامەوە جوامێرێکی وا لێهاتوو بە ئێمەی کوردیش ببەخشێ.
شوکر خواستەکەم هاتە دی، ئەوە بوو خودای دلۆڤان لە بری لیڤی ئەشکۆڵ، بلە کەشکۆڵی بە ئێمە ڕەوا بینی.
ڕۆژان هاتن و چوون، بڵێسەی ئاگری شەڕی ناوخۆ، هاوزەمان لە کوردستان و لوبنان بڵندبووەوە و تەڕ و وشکی دەسووتاند. ئیدی قەڵەم سەری کز کرد، ڕۆژ ڕۆژی شمشێر بوو.
ئێمیلی حەبیقە کە ڕێبەری گرووپێکی میلیشیای لوبنان بوو، ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی دژایەتیکردنی شەڕی براکوژی بوو. منیش لە کوردستان ئومێدم بە بلە کەشکۆڵ نەمابوو، خەوم بە فریادڕەسێکی وەک ئێمیلی حەبیقەوە دەبینی، کە شمشێری حەق بە ڕووی شەڕی چەپەڵی براکوژیدا بڵند بکاتەوە و ئاشتی و تەبایی بۆ گەل دابین بکات. ئەگەرچی بەدیهاتنی ئەو خەوەم گەلێ دواکەوت، بەڵام نەمهێشت ڕیشووڵەی نائومێدی لە دڵی درەختی بڵند هەڵچووی ورەمدا، هێلانە چێ بکات، تا لەم دواییەدا پەڵەهەوری ئەو خەونەیشم گرماندی و دایکردە باران.
وطني ليس حقيبه
و أنا لست مسافر.*
ئەوە بوو خودای بەخشندە لە بری ئێمیلی حەبیقە، کامیلی حەقیبەی بە ئێمە بەخشی.
«لێ ناگەڕێم کوردستان ببێتە لوبنان.»
ئەوە یەکەمین هاواری کامیلی حەقیبە بوو. کامیل تەنیا هەر شۆڕشگێڕ نەبوو، جانتاگێڕی شۆڕشیش بوو، کەچی هەندێ کەسی بەدناو، گومانیان خستبووە سەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی، ئەویش لە ژمارە ٢٥ی گۆڤاری «ڕاچوون»دا، لە وەڵامی ئەو گەجەروگوجەرانەدا نووسیبووی: «من جەواڵدڕی هەمان ڕێبازی باوکمم، کە گەورەترین شۆڕشگێڕی سەردەمی خۆی بوو.» بەڵام چونکە چەمی ڕۆژنامەگەریش بێ چەقەڵ نابێ، بۆیە مانگنامەی کوردستان، لە ژمارە چواری تەباخی ساڵی پاریاندا، لە پۆستەی خوێنەراندا بە چوار نیشانەی سەرسوڕمان،

که یەکی ئەوەندەی سووژنێ دەبوون، وەڵامیان دابووەوە. هەفتەنامەی ‹گوڵان›یش ئەوی بە قەولی سەرنووسەری سەر و زمانلووسی ڕاچوون، ‹بە دراوی ڕژێم لە پایتەختی هەرێم دەردەچێ› لە ژمارە ٢١٥ی ئەمساڵیاندا، کەللەیە شەکریان پێشکەشی کامیلی شیرینگفتار کردبوو.
زنجیرە ڕەنجی لە پسان نەهاتووی کامیل بۆ ئاشتی و تەبایی هیچ ئەنجامێکی نەبوو، کەس هینی بە کڵاوی ئەم نەدەپێوا، بۆیە خووی دایە جنێوەگوتار، فەرهەنگی جنێوی هێندە دەوڵەمەند بوو، شای جنێوفرۆشان ئێرەیی پێ دەبرد.
جارێکیان سەرنووسەری ڕاچوون بە کامیلی جانتاگێڕ دەڵێ: ‹تۆ تا ئێستا چەند جارێ لە بارەگای قارەمانی ڕاستەقینەی شەڕی براکوژیدا، بە چۆکدا هاتوویت و داوای لێ بوردنت لێ کردووە، گەرچی هەمیشە ئەو سووکایەتی بە تۆ کردووە، وەرە مەردی چاک بە، با دوو قۆڵی تەنیا جارێ داوای بەخشین لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەیش بکەین کە جنێومان پێ داون.›
کامیل سوورتر هەڵدەگەڕێ و دەڵێ: ‹من داوای بەخشین لەو پێڵاوانە بکەم!›
هێندە پێڵاوی خستبووە ڕستەوە، وەک پێڵاو دەهاتە بەر چاوی خوێنەران. ئەوەندە خۆش پێڵاو بوو، لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا کە لە پاریس سازکرا، لنگە پێڵاوێکی گرتبووە یەکێ لە بەشداربووان. ئیدی ئەندامانی کۆنگرەیش بە زۆربەی هەرە زۆری دەنگ، بڕیاریان دابوو پێڵاوبارانی بکەن.
کامیل ماوەیەک سەرنووسەری وەرزنامەی ‹هەتاو› بوو، کە حسابی ساداتیان بۆ نەکرد و خۆی گوتەنی هەرچی و پەرچییەکان مووچەیان بڕی، ئیتر هەتاو گیرا.
لای خۆمان کە خۆر دەگیرێ، بەو ئومێدەی بەرببێ تەنەکەی بۆ لێ دەدەن، کە هەتاوی کامیل گیرا، هەندێ ئەدەبدۆستی سەرچڵ، بە پاچ و پێمەڕە و بێڵەکان و بێڵەوە چووبوونە سەردانی و پێیان گوتبوو:
‹بیستوومانە وەرزنامەکەت کە ڕاستتر وا بوو ناوی - گونج - بێ، چونکە زێتر شتی پیسی پێدا دەڕۆیشت، گیراوە، هاتووین بەری بدەین!›
کامیل کە لەم دواییەدا تەواو نائومێد بووبوو، جارێکیان بە گەرووی پڕ لە گریانەوە گوتبووی: ‹بە هەرزەکاری ماڵمان بەرامبەر قوتابخانەیەکی کیژان بوو، هەفتە نەبوو نامەیە بۆ کیژێ نەنێرم، هەفتە نەبوو کیژێ لە وەڵامی نامەیەکمدا پێڵاوەکانیم نیشان نەدا، ئێستایش هەر هەمان بەزمە، هەفتە نییە نامەیەک بۆ سەرۆکێکی کورد نەنووسم ، هەفتە نییە سەرۆکێکی کورد پێڵاوەکانی بە نامەیەکم نەسڕێ.›
ئینگڤار کارڵسۆن کە دوای ئۆلف پاڵمێ سەرۆکی سۆسیال دیموکراتەکانی سوێد بوو، چونکە ڕووخساری لە پێڵاو دەچوو، هەوادارانی میدالیای تاکە پێڵاوێکیان لە بەرۆکیان دەدا. ئەو پێڵاوە خزمەتێکی زۆری بە من کرد، بەودا بۆم دەرکەوت

جیاوازی لە نێوان کولتووری میللەتانیشدا هەیە، ئاخر جاران پێم وا بوو لە سەرانسەری جیهاندا تەنیا دوو کولتوور هەنە: کولتووری بۆرژوا و کولتووری پرۆلیتار. سەیرە پێڵاو هەر پێڵاوە، کەچی لە باشووری کوردستان نیشانەیە بۆ سووکایەتی پێ کردن و لە باکووری ئەورووپا هێمایە بۆ خۆشەویستی.

1999. 06. 10

* نە وڵاتەکەم جانتایە و نە من ڕێبوار. (مەحموود دەرویش)

## دیمانەیەک
## لەگەڵ ڕێبەرێکی گەلدا

ـ بە پێی قسەی وەزیری داد: ‹لە کوردستانی ئازاددا هیچ بەندکراوێکی سیاسیمان نییە،› هەندێ کەسی گومانلێکراو کە خۆشبەختانە ژمارەیان لە پەنجەکانی یەک دەست تێپەڕ ناکا، گومان لەو قسەیە دەکەن، ئێوە چی دەڵێن؟

* ئەگەرچی بە شێوەیەکی گشتی جێی سەرسوڕمانە کەڵەسیاسی ڕاستی بدرکێنێ، بەڵام ئەو قسەیەی وەزیری داد سەد دەر سەد ڕاستە، چونکە ئێمە هەرچی دژی بەرژەوەندیی باڵای حوکومەتی هەرێم بیر بکاتەوە، بەندی ناکەین، بەڵکو ئەگەر ئەو کەسە، سەر بە لایەنێکی دەرەوەی بەرەی کوردستانی بێت، چونکە هیچ لە جەماوەر ناشارینەوە، بە عالەمی ئاشکرا، بە ڕۆژی نیوەڕۆ، لە شوێنێکی گشتیدا، بە سزای گەل و شۆڕشی دەگەیینین، وەک: ڕەئووف کامیل و نەزیر عومەر عەلی. ئەگەر لە ناو ڕیزەکانی بەرەیشدا بێت و وەک بەرە بیر نەکاتەوە، ئەوا بە شەوی نیوەشەو، تۆڵەی خوێنی پاکی شەهیدانی لێ دەکەینەوە، وەک: ڕێناس و سۆران و جەمالی حەلاو.

ئێمە ناچین بەعس ئاسا نەیارەکانی خۆمان زیندانی بکەین، ئەشکەنجەیان بدەین و دواتر بە دزی میللەتەوە بیانکوژین. ئێمە تەواو بە پێچەوانەی بەعسی دڕندەوە هەڵسوکەوت دەکەین، نە هیچ لە جەماوەر دەشارینەوە، نە جەماوەریش لە بەندیخانەدا دەشارینەوە.

ـ ئەم ڕاستگۆییەتان هانم دەدا بوێرم بپرسم: دەڵێن ماوەیەک لە سەروەختی شەڕی ئێران ـ عێراقدا، ئێران پردێکی هەوایی لە نێوان قەرارگای ڕەمەزان و شارباژێڕدا هەڵبەستبوو، ڕۆژانە بەو پردەدا چەک و ئازووقەتان بۆ دەهات، ئایا ئەمە هەر قسەی ڕووت بوو، یان ڕاستی؟

* من خودی خۆم بەشێکی زۆری وڵاتی ئێرانم دیوە، لەوێ پردی وام بەر چاو نەکەوتووە لەوەی قلیاسان درێژتر بووبێ، نازانم چۆن بڕوا بەوە دەکرێ، ئێران پردێکی هێندە درێژی بۆ ئێمە دروست کردبێ! ئێران گەر ئەو توانایەی هەبووایە، پردێکی وەهای لە قەسری شیرینەوە بۆ بەغدا هەڵدەبەست و بەغدای دەگرت.

ـ پێوەندیتان لەگەڵ ئەبو ظەبی هەبوو؟

* نەخێر پێوەندیمان زێتر لەگەڵ ئەبو حیکمەت هەبوو، ئەو بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی شیوعی بوو.

ـ بیرورِاتان بەرامبەر بە کۆتایی پێ هاتنی قۆناغی شەڕی سارد چییە؟
* نازانم چی هانی داون ئەم پرسیارە ئاڕاستەی کەسێکی وەک من بکەن؟ منێک کە لە کاتی شەڕدا ئەوی گوێی پێ نەدەم ساردی و گەرمییە. من وەک چۆن لە چلەی هاویندا لەو گەرمیانە سەنگەرم لە دوژمن گرتووە، هەروایش لە چلەی زستاندا لەو کوێستانە، لە ناو بەفردا بەرامبەر دوژمن شەوم ڕۆژ کردۆتەوە.
ـ لەو شەڕ و نەبەردانەدا ڕێکەوتووە دەستەویەخە بە چەکی سپی شەڕتان کردبێ؟
* نەخێر بە درێژایی سالانی شۆڕشی کۆن و نوێ هەرگیز چەکی سپی و کالەوەبووم بە شانەوە نەبووە، هەمیشە خەنجەر و دەمانچە و تفەنگم لە بەختی کورد ڕەشتر بوون. وەک دەبینی ئێستایش چەکەکەی قەدم دەلێی ڕەشمارە.
ـ بیرورِاتان بەرامبەر بە سەرهەلدانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان چییە؟
* ئەو سەردەمە بەسەر چوو، لە کوردستان کەس بتوانێ بە کاری سەربەخۆ هەلبسێ، ئیدی لەمەو دوا بێ پرسوڕای ئێمە، کەس بۆی نییە سەربەخۆ هیچ کارێ ئەنجام بدات.
ـ ئایا بیرتان لەوە نەکردۆتەوە تۆلەی ژارباران و ئەنفال لە عەلی کیمیاوی بکەنەوە و گیانی پۆخلی بە دۆزەخ شاد بکەن؟
* ڕاستییەکەی ئێمە دوای کۆڕەوەکە بۆیە ڕێگەی وتووێژمان گرتەبەر تا بتوانین بەو بیانووەوە ناوبراو لەناو ببەین، بەلام کە دەستمان پێی نەگەیشت، هاتین لە بری ئەو، لە تۆلەی قوربانیانی ئەنفال و کیمیابارانەدا، ‹عەلی بۆسکانی›مان لەناو برد. خۆی ئێمە لە خۆیدا زێتر گرنگی بە کاکل دەدەین، عەلی کاکلە، کیمیاوی بێ یان بۆسکانی، ئەوانە توێکلن. ئەم کاکل و توێکلە وا بزانم لە ئەدەبدا دەبێتە ناوەڕۆک و شێوە.
ـ باسی ئەدەبتان کرد، بە ڕاست ‹کۆلن ولسن›تان پێ چۆنە؟
* ئەوەتەی لە بیرمە، هەمیشە لە کاتە هەرە دژوارەکانیشدا، لای کەم ڕۆژی جارێ دانەکانم بە کۆلینۆس خاوێن کردوونەتەوە، هەر بۆیە دانەکانیشم وەک باوەڕم هەرگیز لەق نابن.

1995. 06. 12

## دیدارێکی نێوان
## نووسەرێک و سوڵتان

ـ لە مێژە سەرقاڵی خەباتێکی بێ وچانی دژوارم، بۆ ئەوەی بە دیداری نوورانیتان شاد ببم. سوپاس بۆ دڵفراوانی ئێوە و دەریای ئارامی خۆم، وا ئەو ئاواتە دێرینەم هاتەدی و هەر چەند دەکەم نەتوانم ئەو شادی و شانازییە بشارمەوە، کە لە ئەنجامی هەڵکەوتنی ئەم شاهەلەوە هەستیان پێ دەکەم و ...

* تکایە لە دەرگای باسەکە بدە.

ـ وەک لە هێژاتان شاراوە نییە، گەلەکەمان بە قۆناغێکی گەلێ ناسکدا تێپەڕ دەبێ، لەم قۆناغە مێژووییەدا کۆمەڵێ ئەرکی گرنگمان بەرەو ڕوو دەبێتەوە، بە پێی بۆچوونی من یەکێکیان کە بایەخێکی تایبەتی هەیە، پشتگیرییکردنە لە ئازادیی بیروڕا دەربڕین، چونکە کاتی ئەوە هاتووە فێر بین گوێ لە کەسانی دیکە بگرین، کەسانێ کە وەک ئێمە بیرناکەنەوە و خوێندنەوەی جیاوازیان....

* بە ئەرکی مەزانە بچۆ ناو باسەکەوە.

ـ وەک دەزانن کۆمەڵێ گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچن، بەڵام مایەی داخە هیچ کام لەوانە سەربەخۆ نین و هەر کامێکیان دەگری لەغاوی لایەنێکی لە دەمدایە، بۆیە ئەگەر بڵندگۆیەکی وایش بێتە ئاراوە کە بە ڕاشکاوی بیروڕای خەڵکانی بێلایەن دەرببڕێ، ئەوا بە بیری من...

* نیازت نییە بچیتە سەر کرۆکی مەبەستەکەت؟

ـ ئێمە کۆمەڵێ گەنجی پیرۆزین، کە دەتوانم بڵێم سەر بە نەوەی نوێین، یان وەک ناحەزەکانمان دەڵێن: ئەولادی ئەم عەسرەین، ئەو نەوەیەی هاوزەمان سەربازی و پێشمەرگایەتی ، ڕژێم و شاخی ڕەتکردەوە و چاوی بڕییە ئاسۆیەکی دیکە، خۆری ڕاپەڕینیش ناڕاستەوخۆ هەر لە کەلی ئەو پیشخواردنەوەیەوە سەری هەڵدا. ئێستایش دەمانەوێ هەر درێژە بەو ڕێبازە بدەین، ڕێبازێ کە قامچی ئایدۆلۆژیا بڵند ناکاتەوە، بڕیار ناداتە دەستی یەک کەس، مەعریفە کۆنترۆڵ ناکات، لەژێر دەواری خێڵدا هەڵناکات و..

* دیسان ناچارم قسەکانت پێ ببڕم و داوات لێ بکەم چیت دەوێ بێ پێچ و پەنا ئەوە بڵێ.

ـ ئێمە ئەو نەوە نوێیە پێویستمان بە بڵاوکراوەیەک هەیە، جیاواز لەوانەی

گەرماوی گۆڕەپانەکەیان قۆرخ کردووە، بڵاوکراوەیەک لە مەلێ بچێ دوور لە پۆل بخوێنێ و ئاوازێکی نوێ بە گوێی هەڵبژاردەدا بدات، ئاوازێکی هاوچەرخ کە وەڵامی خواستی سەردەم بداتەوە و چاو لە داهاتوو ببڕێت. ڕاستە ئێمە کەم و زۆر کاریگەریێتی ‹فۆکۆ›مان لەسەرە، کە بەستەزمانە بە نەخۆشی ئایدز مرد، بە داخەوە لە کۆمەڵگای دواکەوتووی ئێمەدا نەک ئازادیی بیروڕا دەربڕین، ئازادیی هەست و ئەوین دەربڕینیش نییە، بۆیە خەڵکانێکی ناهاوچەرخ ناو و ناتۆرە دوای کەسانی هۆمۆسێکسوێل، با بلیمەتێکی وەک فۆکۆیش بێ، دەخەن. ئێمە گەرچی بیر و بۆچوونی فۆکۆمان لا پەسەندە و گوێ بە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی نادەین، بەڵام پێویستە ئەوەیشمان لە یاد بێ فۆکۆ بەو پەڕی هۆشیارییەوە هەوڵی دا تا تووشی ئایدز ببێ، بەو مەبەستەی واقیعییانە لەسەر حاڵەتەکە بنووسێ. جێی داخە مەرگ مەودای نەدا و ...

* کەسانی کۆنەپارێز بە چاو پۆشین لە هەستی تاک و نەستی کۆ، ئەو خەسڵەتەی فۆکۆ بە پاژنەی ئاخیلی هەندێ لە هەڤاڵانی ئێمەیش دەزانن. لەوە گەڕێ و بە شێوەیەکی کۆنکرێت داخوازییەکانت بڵێ.

ـ دەمویست باسی ئەو پرۆژەیەتان بۆ بکەم، کە زۆر لە مێژە بۆتە خولیامان و هەراسانی کردووین، پرۆژەیە کە زادەی ژانێکی پیرۆزە و ئەگەر دەست بە باڵییەوە نەگیرێ، ئەوا نەک هەر ناکەوێتە سەر پێی خۆی، بەڵکو دەشێ هەر بە ساوایی ماڵئاوایی لە ئەویندارانی بکات و شەوگاری کوردستان ڕۆشن نە...

* دەتوانی بە کورتی و بە کوردی پێم بڵێی، بۆ چی هاتووی؟

ـ هاتووم داوای ئامێزی ناز، داوای خۆراک و پۆشاک، داوای یارمەتی دارایی بۆ ئەو کۆرپەیە بکەم.

* ئێمە لە هەموو بوارێکدا بڕیاری ئامادەمان هەیە، هەر لە سەرەتاوە هۆی ئەم سەردانەتم دەزانی و بڕیاریشم دابوو یارمەتیت بدەم. ئێمە هەرگیز هەڵوێستی جوامێرانەی تۆمان لە یاد ناچێ، لەو کاتە ناسکانەدا کە ئێمە بە تەنیا بە شاخەوە بووین، کەسانی تۆ ئاسا باخی شاریان لەژێر پێی دوژمندا کردبووە کێڵگەی بە مین چنراو و نەیاندەهێشت هەست بە تەنیایی بکەین، بۆیە ئێستا کە دەستی سەوزی چاکە و پڕ لە کۆمەکت بۆ درێژ دەکەین ، پێمان وایە قەرزێکی مێژووی دەدەینەوە و لە بری ئەو یارمەتییە هیچ داخوازییەکمان نییە، بەڵام با سەرەڕەمی ڕەخنەتان تەنیا ئاڕاستەی سنگی لایەنێک نەبێ و هەمووان بگرێتەوە. ئێمە هیچ کەسێ هێندە بە پیرۆز نازانین کە جێگەی ڕەخنە نەبێ و بڕوامان بە بڤڤە و تابو نییە. ئێمە ئەگەرچی خاوەنی دەسەڵاتین، بەڵام بە ڕێزەوە سەر بۆ دەسەڵاتی دەقەکانی ئێوە دادەنەوێنین. پێمان خۆشە ناو بە ناو دەرزی بە ئێمەدا بکەن و سوژن ئاژنی ئەوانیش بە ئەرکی هەمیشەیی خۆتان بزانن.

ئێمە بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەوە کە قینێکی ئەستووریان لە شیعری حورٍ و عەسکەری فێرار بوو، ئەو شیعرەمان لا پەسەندە کە خۆی لە کۆت و پێوەندی کێش و پاشبەند ئازاد کردبێ. ئێمە گەرچی حەزدەکەین قارەمانی چیرۆک گۆڕەپانی شەڕ چۆڵ نەکات و هەڵاتن نەناسێ، بەڵام ئەو نووسەرەمان بە لاوە چاکە لەگەڵ تەجدید بووبێت و سەری بۆ تەجنید شۆڕ نەکردبێ و لە سەربازیی هەڵاتبێ.
ئێوە دیارە ئەوە دەزانن کە پێویستە خۆتان لە خوێندنەوەی نوێی دەقە ئایینییەکان بە دوور بگرن، چونکە ئەو تێکستە ئاسمانییە پیرۆزانە لە سەرووی ڕەخنەوەن، ئەگەر سەرکێشێکی سەر بە نەوەی ئێوە، ئەو سنوورە هەمیشەییەی بەزاند، ئەوا نابێ چاوەڕێی پشتگیری ئێمە بێ.
ـ قوربان بەرامبەر ئەو یارمەتییە کە دڵنیام حاتەمی دەبێ، تەنیا ئەو سووکە داخوازییانەتان هەیە؟
* ئێستا بەڵێ ، بەڵام لە داهاتوودا چاوەڕێی ئەوە لە جوامێرێکی وەک تۆ دەکەین، ناوی ڕاستەقینەی ئەو نووسەرانەمان بۆ ئاشکرا بکەی کە بە ناوی نهێنییەوە، لە نەشارەزاییەوە ڕەخنەمان لێ دەگرن. حەزدەکەم گۆڤارەکەتان وەک زمانحاڵی ئەوان نیشان بدەی، تا لە ڕێی تۆوە بۆمان بگونجێ بیانناسین و بە دیاری و یارمەتی بەسەریان بکەینەوە. ئێمە هەمیشە بەرامبەر نووسەران نەرم و نیان بووین و ئەگەر لە ڕابردوودا بە شێوەی توند و تیژ مامەڵە لەگەڵ یەک دووانێکدا کرابێ، ئەوا بێ ئاگاداری من بووە و ئەو هەڤاڵەیشی لێی بەرپرسیار بوو، لە مێژە گوندۆرەی پاشگەزبوونەوەی بە کەشکەژنۆی شکاندووە.
ـ بۆ ئەوەی ئیلهام لە جیهانبینیتان وەربگرم، دەتوانم بپرسم فەلسەفەی ژیانتان چییە؟
* هەمزاتۆف بە هەڵەدا چووە کە دەڵێ: ‹ئەوی گوللە بە ڕابردوویەوە بنێ، داهاتووی تۆپی پێوە دەنێ.› ئێمەیش وەک ئێوە ڕابردووی خۆمان ڕەت دەکەینەوە و لەوە دڵنیاین کە ڕابردوو گوللەباران دەکەین، داهاتوو گوڵبارانمان دەکا.
تۆ چاک دەزانی ژیانی کادیر و پێشمەرگە بە خواردنی بەری ڕەنجی کەسانی دیکەوە بەندە. ئەوی بار بێ بەسەر شانی کەسانی دیکەوە و پێی شەرم نەبێ، کەسی وا سڵ لە هیچ ناکاتەوە. ئێستا پەتای ئەم دیاردەیە سەراپای کۆمەڵگای گرتۆتەوە، سەردەمی ڕۆمانسیبوون بەسەر چووە و نەوەیەکی مفتەخۆر و هەوانتەچی سەری هەڵداوە. ئێمە بە قازانجی بزووتنەوەی لە وەستان نەهاتووی بەرەو پێشەوەچووی گەلەکەمان، سوودمان لەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییە وەرگرتووە و لایەنی پۆزەتیڤمان لەو دیاردە نێگەتیڤەدا دۆزیوەتەوە و بۆ بەرژەوەندی جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵک بەگەڕمان خستووە. بە کورتی فەلسەفەی من ئەمەیە:

لە ڕەشترین لاپەڕەدا بۆ خاڵی سپی دەگەڕێم و گوڵە ژاکاوەکانیش گەش دەبینم. لە هەر گۆمێکدا بیگەمێ تۆڕێ بەجێ دەهێڵم، هاوزەمان لە گەلێ بنەدا خۆم حەشارداوە و چاوەڕێی نێچیری جۆراوجۆرم.

ــ قوربان ئێوە پێتان چۆنە، ناو بە ناو ڕەخنەی قووڵ و زانستی لە عەقڵی سیاسی کوردی بگرین؟

* من دژی ئەوەم، چونکە ئەو ڕێگەیە بەرەو سەرابتان دەبات. ئەوی نیازی ڕەخنەی لەو جۆرەی هەبێ، مانای نیازی هیچی نییە. من پێم خۆشە ئێوە سەبارەت بە شتێک بنووسن کە بوونی هەبێ، کورد کوا عەقڵی سیاسی هەبووە و هەیە، تا ئێوە ڕەخنەی لێ بگرن! ئێمە با لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆ بین، کام سەرکردەی کورد ڕستەیەکی لە پاش بەجێماوە، بکەوێتە خانەی فیکرەوە؟

ــ ئایا لە ڕەخنەکانماندا باسی شتە تایبەتییەکانیش بکەین، بۆ نموونە بەو جۆرەی هێژاتان لە پەرلەماندا ‹١٢ی ٩ی ١٩٩٢› بۆ پووچەڵ کردنەوەی پلانە گڵاوەکەی پەکەکە، تەنانەت باسی ژنەکەی ‹ئاپۆ›یشتان کرد؟

* گرنگ گەیشتن بە ئامانجە. هەر ڕێگەیە لە ئامانجی باڵا نزیکمان بخاتەوە، ڕێگەیەکی پاک و پیرۆزە. ئێوە جۆگەلەیەکن ئارەزووی خۆتانە ملی کام ڕێ دەگرن، ئەوە گرنگە هەموومان بڕژێینەوە سەر هەمان گۆم، گۆمی بێبنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی، ئیدی چۆن دەنووسن ئەوە خۆتان بڕیار دەدەن و بۆ ئێوە هێشتا زەڕنەقووتەی سانسۆر سەری لە هێلکەی قازانجی گەل و نیشتمان نەجووقاوە.

ــ گەورەم ئەگەر ڕێم بدەی شارە زەردەواڵەی مەسەلەیەکی تریش دەورووژێنم...

* چاوەڕێم نووسینەکانتان لە ورووژاندنی خەڵکی شارەکاندا دژی نەیارە سەرەکییەکەمان، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبێ. ببوورە کاتی دیاریکراوی دیدارەکە دوایی هات. بەرپرسی دارایی چاوەڕێتە.

ــ قوربان مەرجەکانتان وەک ئەڵقە دەکەمە گوێم، هەمیشە خۆم بە ...

* ئەوانە مەرج نەبوون، تێبینی بوون.

1996 . 02 . 18

## میری هەڵپەرستان

من ناوم ڕەحمانە، نووسەرێکی گەورە نیم، وەلێ دەستی نووسینم هەیە. ساڵی پار کابرایەکی زمانزبر، کە لە بواری شیعر، ڕەخنە و وەرگێڕاندا تووشی نسکۆ هاتبوو، کۆمەڵێ ساتیری بەو مەبەستەی لە چیرۆکدا شتێ بە شتێ بکات، سەبارەت بە ژیننامەی من نووسی. نایشارمەوە تا بڵێی بەوە نیگەران بووم، کە دەمبینی بە پلەپەیژەی پەراسووی مندا، بەرەو جیهانی ناوبانگ دەرکردن سەردەکەوێ. ئەو زەلامە نەک هەر نەدەهات ڕاستگۆیانە بەسەرهاتی ژیانم بگێڕێتەوە، بەڵکو کە لێیان دەپرسی: ڕەحمان کێیە؟ دەیگوت: کەسێکی دیاریکراو نییە، زادەی خەیاڵە. یان قسەی لە قەوارەی خۆی گەورەتری دەکرد، وەک: من باسی هیچ ڕووداوێ ناکەم، خۆم ڕووداو دەخوڵقێنم. یان: گوی لە کەسێ ناگرم، لای کەم بەردێکی نەخستبێتە سەر دیواری ئەدەبی کوردی. جارێکیان لە کۆڕێکدا خوێنەرێکی لێزان، بازنەی ئابڵووقەی بە دەوریدا هێندە تەسک کردەوە، ناچاری کرد بڵێ: ‹کارەکتەرەکانی خەونی نیوەشەوێکی هاوینە، کەسانی ڕاستەقینە و دۆستی نزیکی شەکسپیر خۆی بوون. بابەتی سەرەکیی ڕۆمانێکی جێمس لۆرد پێوەندیی نێوان پیکاسۆ و دورای هاوسەرێتی. عیززەدین مستەفا ڕەسوول لە ‹ئوستاد›دا باسی مامۆستا بەشیر موشیر و ڕۆشنبیرە کوردە بەغدانشینەکان دەکا. موکری لە ‹ئەژدیها›دا بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە باسی هەندێ لەو هاوڕێ نووسەرانەی خۆیی کردووە کە لە چیا پێکەوە بوون. ئەوە گرنگ نییە، ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەگێڕینەوە یان خەیاڵکرد، گرنگ ئەوەیە چیرۆکێکی هونەری دەنووسین یان نا؟›

من زێتر پەستی دەستی ئەوە بووم، تا ڕستەیەکی ڕاستی لەسەر دەنووسیم، نۆ ڕستەی بۆ هەڵدەبەستم. هەر وەک نموونە: جارێ دەینووسی: ڕەحمان ئەندامی کارای کۆمیتەی باڵای کۆنگرەی گەلی کوردستانی هەڵوەشاوە بووە. یان: بەرپرسی یەکەمی ئەنجوومەنی گوندی تاقەماڵ بووە. یان: پێڵاوجووتکەری میوانی ماڵی هۆزانڤانێکی بەرزەفڕ بووە. من پار مۆڵەتی ماشێن لێخوڕینم وەرگرت، کەچی منی بە کۆنە شوفێری پاس لە قەڵەم دابوو.

بڕوا بکەن تا مۆڵەتی شوفێریم وەرگرت، جەرگم بوو بە ئاو. لە لێخوڕیندا، ناڵێم پێرفێکت بووم، وەلێ بایی ئەوەندەم لێ دەزانی کە لە تاقیکردنەوەدا بە ئاسانی دەربچم. ئەوی پشتی شکاندبووم، تیۆرییەکە بوو، هەرچیم دەکرد، هەر

دەرنەدەچووم. دەڵێن خـــوا کـــڵاوی بۆ بەڕوو کـــردووە، ڕۆژێکیـــان خـــەریکی خوێندنەوەی نامیلکەیە بووم،کە بۆ بەرپەرچدانەوەی بۆچوونەکانی دیرۆکنووسێکی کورد تەرخـان کرابوو. سـەرنـجم دا ڕەخنـەگر بە زاراوەگـەلێکی وا وشکەکـەڵەکی تێبینییەکانی هەڵچنیبوو، کە تەنیـا لە نێوان فیتـەرە دەستڕەنگینەکان و شوفێرە خاوەنئەزموونەکاندا باون. هـاتبوو بەو کەرەسانەی کە شای فیتـەران ئۆتۆمبیلیکی پێ هەڵدەوەشێنێتەوە، بەرهەمی مێژوونووسـەکەی بە جۆرێ هەڵوەشـاندبووەوە، کە دەتوانـم بڵــێـم هەلا هـەلای کـــردبوو. تـا ئەو نـامــیلکەیەم، کـــە خـــوێندنەوەیەکی نوێخوازانەی مێژووی دێرینمان بوو، چەند جارێ بە وردی نەخوێندەوە، لە تیۆریدا دەرنەچووم.
بۆ ڕاکـێـشـانی بەرە لەژێر پێی ئەو نـووســـەرە باڵاکـورتە زمـاندرێژە، تا لـە ڕێی ناوزڕاندنی مـن و نووسـەرانی دیکەوە، نـاوبانگی زێتـر پەیدا نەکا، لەمـەو دوا هەم باسی خۆم و هـەم باسی نووسـەرانی دیکەیشتان بۆ دەکەم.
منیش وەکوو هەمـوو نووسـەرێکی دیکەی کورد، لە شیعرەوە دەستم پێ کردبوو، وەلێ چونکە لە کـوردســتــان لەبەر سـەرقـاڵی بـە خـەبـاتـی ژێرزەمـینی و ناودۆڵی و سەرشـاخییـەوە، تەنانەت هەلی بڵاوکردنەوەی تاقە شیعرێکیشم بۆ نەڕەخسابوو، لە هەندەران وەک شـاعیر نەناسـرابووم، هەر بۆیە شیعرم بۆ هەر گۆڤارێ دەنارد ڕەفـزم بۆ دەهـاتەوە. لە شــاخ ناســیــاویم لەگـەڵ شــاعــیـرێکی بڵندهـەڵچـووی شـۆڕشگێڕدا پەیدا کردبوو. لە بەختی من  وازی لە شیـعر هێنا بوو، لە هەواری ڕۆژنامـەگەریدا بارگە و بنەی خستبوو، لە بەرلین بە ڕەش گـۆڤاری بۆ فـەقیـانە کەسکەکان بەڕێوە دەبرد. کەڵکم لـەو هەلە بینی و شیـعرێکی ڕۆژانی شـاخم، کە وەها دەستی پێ دەکرد:
‹قامکی تۆ تامەزرۆی خەنەیە
من تاڵی سمێڵم جێژووانی هەڵۆیە
بەرۆکم چاوەڕێی گوللەیە
ناوقەدت بیری لای پشتێنی لیرەیە.›
بۆ نارد. خوا هەڵناگرێ ئەویش دوای دەست تێوەردانێکی مامۆستایانە، بۆی بڵاو کردمەوە.
کـەس نـاناسـم هێندەی  ئەو شـاعـیـرە ڕۆژنـامـەنووسـە عـەوداڵی بەرژەوندیی خـۆی بووبێ. یـەکـەم کـەس بوو کـە بە پاداشت بۆ ڕادیۆی شـۆڕش بنووسێ. هـەمـیـشـە دەیگوت: ئێمـە نابێ هێندە لە میرەوە نـزیک بین، کە سـەرسمی دا، ململان لە تەک ئەســتـۆیدا بشکێ، وەلێ نابێ زۆریش لێـوەی دوور بین، ئەگـینـا دەسـتکەوتێکی ئەوتـۆمــان نابێ. یان دەیگوت: ئینســـان تەنیـا جـارێ دەژی، ئەو ژیانەیش پێـچی مێـزەرێکە، بۆیە پێویستە زۆرترین چێژ و خـۆشی لێ وەربگرین. بڕوا بکەن ئەوی

پێی دەڵێن ملململانێی چینایەتی لەم تێزەی ئەبیقۆرەوە سەرچاوەی گرتووە و تەنانەت موپاسانیش هەر لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ئەم بیرۆکەیەدا بووە.
جارێکیان گوتی: ‹بۆ ئەوەی لە ڕێی تەلەفۆنی سەر جادەوە قسەی خۆت بکەی، دەبێ پارەی تێ بکەی، بێ پارە تێکردن یەک وشەت ناڕوا. منیش وەک ڕۆژنامەنووسێ، تەلەفۆنی سەر جادە ئاسا، ئەوی خوازیارە وا بنووسم وەک دەیەوێ، دەبێ هێندە بدات، وەک دەمەوێ. کرێکاری وریا دەزانێ هێزی بازووی خۆی بفرۆشێ. خۆ کۆیلە نییە، هەتا هەتایە هەر خزمەتی خاوەنکارێکی دیاریکراو بکات. هەر کە یەکێکی دیکە بەڵێنی زێتری پێ دا، یەکسەر شەقێکی مزر لە خاوەنکارە دێرینەکەی هەڵدەدا. منیش بەرهەمی بیرم بەوە دەفرۆشم کە بە گرانتر دەیکڕێ. ئەمە مافێکی سەرەتایی خۆمە، مەگەر کەسانی دواکەوتوو ئەم خاوەنکار گۆڕینە، بە هەلپەرستی لێک بدەنەوە. حیزب ڕووناکبیرێک پەسەند دەکا کە وەک دەیەوێ بیخاتە گەڕ. منیش ئیش بۆ حیزبێ دەکەم، داخوازییەکانم جێبەجێ بکا. با تۆزێ واقیعبین بین، وڵات چۆن بەوانە ئازاد دەکرێ کە خۆیان دیلی دەستی بێگانەن؟ ئەوی لە ڕووی ئیکۆنۆمییەوە سەربەست نەبێ، چۆن دەتوانی لە باری سیاسییەوە سەربەست بێ؟ کام لایەنی بچووک وابەستەی هێزێکی لە خۆی گەورەتر نییە؟ کام ڕۆژنامەی ئەورووپایی دەوێرێ دژی کارگە مەزنەکان بنووسێ؟ ئاخر ژیانی ئەو ڕۆژنامانە بە بڵاوکردنەوەی ڕێکلامەوە بۆ ئەو کارگانە، بەندە. ئازادیی ڕاستەقینە خەونێکی زڕە.›
لایەنی لاوازی کافوور لای موتەننەبی ڕەشپێستییە، ئاخر پێی وابوو ئەوی ڕەشپێست بێ، پیس و دزێوە. ئەوەیش بانگەشەکردن بوو، بۆ چەسپاندنی کۆیلایەتی و ڕەگەزپەرستی. جێی داخە موتەننەبی ئەو شاعیرە مەزنە، توانیوێتی شێوەیەکی جوان و بالا، بەو ناوەڕۆکە پۆخڵ و نزمە بدات. شاعیرە ڕۆژنامەنووسەکەی ناسیاوی منیش، لە بواری بڵند نیشاندانی بیرۆکەی نزمدا، بالای ئەوەندەی موتەننەبی بەرز بوو. ئەو هاوڕێیە بیست ساڵی ڕەبەق سروودی ‹سەوزە مەڕۆ لە دواتم›ی دەگوت، ساڵێک دەبێ، یان نابێ هێندە بە خەستی خووی داوەتە ‹کراس زەردێ،› لە هەموو بۆنەیەکدا دەیچڕێ.
ئەگەرچی دەزانم نووسەر نابێ ئامۆژگاریی خوێنەر بکا، بەڵام من لەبەر بەرژەوەندیی ئێوە قوربانی بە لایەنی هونەریی چیرۆکەکەم دەدەم و دەڵێم: گلۆڵەی هەموو خاوەنکارەکانی دیکە ڕوو لە لێژییە، ئەوی لە دووی قازانجی خۆی وێڵە، با چی زووترە بلیت لەسەر ئەسپی یالزێڕین ببڕێ، ئاخر میری هەلپەرستان لە خوێندنەوەی داهاتوودا، داوێن لە شانی فەتتاح فاڵ دەسوێ و هەمیشە پێشبینییەکانی هێندە ڕاست دەردەچن، دەڵێی لە غەیبەوە ئاگادار دەکرێتەوە.
2000. 05. 31

## تەلەفۆنەشیعر

دەڵێن شەکسپیر گوشارێکی زۆری لەسەر بووە، ڕۆمیۆ نەمرێنێ و بە جولیتی شاد بکات. گەلێ جار ڕووی داوە، منداڵان نامەیان بۆ ڕادیۆ ناردووە و داوایانکردووە فلان چیرۆک هەر بەردەوام بێ و نەگاتە کۆتایی. جاری وا بووە زنجیرەیەک کە لە تیڤیدا نیشان دراوە، ژمارەی ئەڵقەکانی گەیشتۆتە سەد و بینەر هەر لێی تێر نەبووە و خوازیار بووە هەر درێژەی هەبێ.
شەیتان پەلەی کرد، چاوی خۆی کوێر کرد. زێدەڕۆیی ناکەم ئەگەر بڵێم لە بواری پەلەکردندا، تامی شەیتان دەدەم. وەک دەزانن دوای ئەوەی پازدە ساتیرەچیرۆکم سەبارەت بە ڕەحمان، کە کەسێکە خۆم ئەفراندوومە، نووسی، هاتم پاسەکەیم وەرگەڕاند و کۆتاییم بە ژیانی و بە ساتیرنووسین هێنا.
هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ساتیرەکانەوە چەندین ڕۆژنامە، هەفتەنامە، مانگنامە و وەرزنامە، لە کوردستانی بندەستی خۆمان و بندەستی ئێران و تەنانەت لە هەندەرانیشەوە، پێوەندییان پێوە کردم و ئامادەیی خۆیان نیشان دا، گرنگترین ستوون، یان لاپەڕەی دوایی هەموو ژمارەیەکیان، بۆ ساتیرم تەرخان بکەن.
من حەزم لە دووبارەکردنەوەی خۆم نییە. وام پێ باشە هەر ساڵەی خەریکی بەزمێ بم. هەر هی ئەوەیشە تا ئێستا دە دوازدە حیزب و شەش حەوت ژنم گۆڕیوە. ئەوە بوو تکا و پاڕانەوەی هیچ سەرنووسەرێکم، بە هێند نەگرت و ڕەحمانم کوشت. ساڵی پار چەندین دەزگای بڵاوکردنەوە هەوڵیان دا ساتیرەکانم چاپ بکەن، بەڵام ملم نەدا و خۆم چاپم کردن. چاپی یەکەم نەکەوتە سەر ئەرز. ناچار هەمدیسان کۆمەڵەساتیرم چاپ کردەوە. چاپی دووەمی کەوتنە ناو بازاڕی و تەواوبوونی یەکێ بوون، بۆیە بڕیارم داوە، بۆ ئەوەی چاپی سێیەمی زوو تەواو نەبێ، نەیخەمە بازاڕەوە، بەڵکو لە ڕێی پۆست و کەتەلۆکەوە بیفرۆشم. بەڵام ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوان، یان ڕاستتر ساتیرەوان، لە خەیاڵێک.
دوو مانگ زێترە ڕۆژانە دەیان نامەم لە خوێنەرە بەوەفاکانمەوە پێ دەگات و داوای زیندووکردنەوەی ڕەحمانم لێ دەکەن. منیش چونکە بۆ لەشکری لە ژمارە نەهاتووی خوێنەران، نەک بۆ هەڵبژاردە، دەنووسم، بۆیە لە بە کوشتدانی ڕەحمان

پەشیمانم و ناچارم سەرلەنوێ ژیانی پێ ببەخشمەوە. ئەگەر هەڵبژادەیش لەسەر ئەم غەفڵەتە هونەرییە، بەر خەنجەری ڕەخنەیان دام، پێیان دەڵێم: ئەوە نەبوو شەکسپیریش هەندێ لە قارەمانەکانی خۆی دەکوشت و دواتر تارماییەکانیانی دەهێنایەوە؟

ئەوی هەڵەی کرد، دەبێ ئامادە بێ، باجەکەیشی بدا. دانی پێدا دەنێم، بڕیاری بە کوشتدانی ڕەحمان هەڵەیەکی کوشندە بوو، لە ئەنجامی پەلەکردنەوە تێی کەوتم. داوای بەخشین لە هەموو ئەو خوێنەرانەم، کە بە بیستنی هەواڵی مەرگی ڕەحمان، ژان پەڕییە جەرگیان، دەکەم..

*

من شاعیر نیم، وەلێ شیعرناسم. ئەوی تۆزقاڵێ ویژدانی هەبێ، مشتومڕ لەسەر ئەم ڕاستییە ناکا. ماوەیەک بوو، بێ ئیش بووم، لە دڵی خۆمدا گوتم: جا بۆ گۆڤارێ دەرنەکەم؟ هەر وایشم کرد.

هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤارە بۆردا، لە هەموو گۆشەیەکی دنیاوە، شیعرم بە سەردا باری. کارەسات ئەمە نەبوو، چونکە هەر لە سەد شیعر، یەکێکیانم بڵاو دەکردەوە، ئەوە کارەسات بوو ڕەحمان ناو بە ناو بە تەلەفۆن شیعرێکی دوور و درێژی تازەی خۆیی بۆ دەخوێندمەوە و دەیویست ڕووگیر ببم و بڵێم: زۆر جوانە، بینێرە، بڵاوی دەکەمەوە. منیش چونکە سەرنووسەرێکی شەرمن نەبووم، هەر جارەی بیانوویەکم بۆ ڕەتکردنەوەی شیعرەکانی دەبینییەوە. جارێکیان گەیشتە تینی و گوتی:

- تۆ لەمێژە دەستی بە من دەکەی. بە ڕاشکاوی پێم بڵێ، منت پێ شاعیرە، یان نا؟

* سەرەتا پێویسە ئەوەت پێ بڵێم کە پێشتر کورتەشیعر، چیرۆکەشیعر، ڕۆمانەشیعر و پەخشانەشیعر هەبوون، تۆ داهێنەری تەلەفۆنەشیعری.

- کەوایە پێ دەچێ ناوەڕۆکی شیعرەکانم پەسەند نەکەی؟

* مانای شیعر لە دەرەوەی شیعردا نییە، لە ناو شیعردایە و لە کاتی نووسینی شیعردا لە دایک دەبێ. تۆ دێیت بیرێک کە پێشتر هەتبووە، دەخەیتە ناو قاڵبی کێش و سەرواوە، کە پێش لە دایکبوونی تۆ، ئەو قاڵبە هەبووە، بەڵام شیعری ڕاستەقینە، وەک باشلار بۆی چووە، شێوە و ماناکەی هاوزەمان لەگەڵ نووسینیدا سەرهەڵدەدەن. تۆ دێی باسی خەباتی چینایەتی دەکەی، ئەمەیش شتێکی کۆنە و لە دەرەوەی شیعریش ڕوو دەدا. تۆ دێی ئەو بابەتە لە قاڵبی کێشی سواوی چواربڕگەیی دەدەی، شیعریش قاڵب ناناسێ. شیعر وەک چۆن دەربڕینێکی ڕووکەش نییە، لە قاڵبی کێش و سەروادا، هەروایش خولانەوە نییە لە بۆشاییدا و بێ مانایی و بێ ڕێساییش نییە.

ـ دەزانم تۆ بیر و باوەڕی منت بە دڵە، بەڵام دیارە لە تەکنیکی شیعرەکانم ڕازی نیت، کەوایە مەردی چاک بە و فێری تەکنیکی شیعرنووسینم بکە!

* شیعر خۆ کۆلارە دروستکردن نییە، پێت بڵێم چۆن دەکرێ! بیر و باوەڕ دەربڕینیش ئیشی سیاسەتوانە، نەک شاعیر. شاعیر دەپرسێ، وەڵام ناداتەوە. ئەوی وەڵامی ئامادەی پێ بێ، کادیرە، نەک شاعیر. شیعر دەبێ گۆلە هێمنەکان بهەژێنێ، گوێ ڕابتەکێنێ و چاو ئەبڵەق بکات. شیعر تاکتیک نییە، لە خزمەتی ستراتیجدا بێ، شیعر خۆی ئامانجە. شیعر سەرکێشییە لە بواری زماندا. شیعر دەربڕینە بە وێنە، وێنەیەک کە خوێنەر تووشی حەپەسان بکات. شیعر پێشێلکردنی هەموو ئەو ڕێسایانەیە کە زۆربە لە سەری ڕێک کەوتوون. شیعر شتێک ناڵێ، لە گوتنی شتێک بێدەنگ دەبێ. شتێک ناداتە بەر ڕووناکی، شتێک بە تەمومژ دادەپۆشێ. شیعر مانایەک لە چەند دێڕێکدا کۆ ناکاتەوە، مانایەک پەرتوبڵاو دەکاتەوە.

ـ کەواتە تۆ بانگەشە بۆ شیعری بێ مانا و تەمومژاوی دەکەی؟

* تەمومژ: ‹مانا ڕەتکردنەوە نییە، بەڵگەی هەبوونی مانایە. لە شیعری تەمومژاویدا مانا هەیە، بەڵام درەنگ خۆی بە دەستەوە دەدا. ئەوە ئیشی ڕەخنەگرە ڕووناکی بخاتە سەر ناوەڕۆکی شیعری سەخت و پەراوێز و شوێنە سپی و بۆشاییەکانی بەسەر بکاتەوە. سەرنجی شیعری ئەدونیس بدە، جاری وا هەیە، پەراوێزی شیعری دەبێتە دەق و دەقی شیعری دەبێتە پەراوێز.›* ئەوی شیعر لە پەخشان جیا دەکاتەوە، ناڕاستەوخۆیی و تەمومژێکی هونەرییە، وەلێ ئەو شاعیرەی زێدەڕۆیی لە خەستکردنەوەی تەمومژدا بکات، دەرگا لەسەر خودی خۆی دادەخا و پێوەندیی بە خوێنەرەوە نامێنێ و تەنیا بۆ خۆی دەنووسێ. کە پێشوازی لە شیعری شاعیری وا ناکرێ، هەڵەی خۆیەتی، نەک خوێنەر. دەبێ ئەوەش بڵێم، شیعری نەمر: شیعرێکە پرۆژەیەکی نوێی پێ بێ و لە ڕێساکانی شیعری باو یاخی بووبێ.

ـ تۆ لەبری ئەوەی هانم بدەی، نائومێدم دەکەیت.

* هانی چیت بدەم، تۆ پێش من دەستت بە نووسین کردووە و هاوتەمەنی باوکیشمی!

ـ دەزانم، تۆ منت پێ شاعیرێکی تەقلیدییە. ببوورە کە ناچارت کردم بڵێم، منیش تۆم پێ شێتە. ئاخر شێت: کەسێکە دژی دابونەریتی باو ڕەوتار بکات، تۆیش داوای یاخیبوون لە شتە باوەکان دەکەی.

* حەزرەتی محەمەد، چونکە بە گژ دابونەریتی باوی کۆمەڵگەی جاهیلیدا دەچووەوە، کافرەکان بە شێتیان لە قەڵەم دەدا! نیسابووری پێی وایە شێتی بیست و یەک جۆری هەیە. لای ئەو هەرچی باسی خەوشی خەڵکی بکا، شێتە. لەم

دیتنەوە دەشێ من چونکە باسی خەوشی شیعری تۆم کردووە، شێت بم. ئەو زاتە ‹زۆربلێ›ش بە شێت تێدەگا، کەواتە تۆش، چونکە میری هەڵەوەڕانی، لە ڕوانگەی ئەوەوە، شێتی.

*

تەلەفۆنەکەی بە سەردا داخستم. ئیدی لەوساوە ببڕای ببڕ، نە بە چاک، نە بە خراپ دەنگی نەما.

2000. 06. 17

* محمد الغزی، سقوط دوله المعنی، الزمان ٣/٥/٢٠٠٠ لندن.

## بیرەوەرییەکانی گوێگرێکی زیز

خۆ مەرج نییە نووسەر کە نیازی گێڕانەوەی بیرەوەریی هەبوو، هەر لە ناو بێشکەوە دەست پێ بکات و تا کەناری قەبر نەیبڕێتەوە. من ناوم ڕەحمانە، خەڵکی سەقزم. سێ ساڵە ژنم هێناوە، سێ کچم هەیە. ئەگەرچی لە کۆڕ و کۆمەڵدا، خۆم وەک پیاوێکی ژنخواز نیشان دەدەم، بەڵام لە ئێوەی ناشارمەوە، هەر لە منداڵی یەکەمەوە وەک هەر پیاوێکی دیکەی کورد، بە هیوای کوڕ بووم و هەر تامەزرۆییشم بۆ کوڕ، کردمی بە باوکی سێ کچ. کابرایەکی دەمهەراش کە لە بنکەی لایەنێک، چونکە باجی لێ نادا، بە نرخێکی هەرزان سەرتاشی دەکات و لە بەدبەختی من تۆزێ تورکیش دەزانێ، هەر کە بیستی سێیەم کچمان بووە، ناوی نام: ڕەحمان سێقزی، ئاخر کچ بە تورکی قزە.
وەختی خۆی لای خۆمان ئازادیی بیروڕا دەربڕین نەبوو، لێرە ئەگەرچی هەیە، بەڵام بۆ من خێرێکی وای تێدا نییە. لە ستۆکهۆڵم، چی زۆرە؟ ڕادیۆی کوردی. تەلەفۆن بۆ هەر کامیان دەکەم، بە بیانووی کەموەختییەوە قسەکانم پێ دەبڕن و لێ ناگەڕێن بە تەواوی دەرد و زووخاوی دڵی خۆم هەڵبڕێژم.
سەیرە خۆیشم نازانم، بۆچی هێندە شەیدای ئەو ڕادیۆ کوردییانەم. بڕواتان هەبێ، نەک هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی گوێ لە هەموویان دەگرم، بەڵکو تەلەفۆن بۆ هەموویشیان دەکەم. هیچ پرۆگرامی هیچ ڕادیۆیەکیان نابوێرم. بەشداریی یەکە بە یەکەیان دەکەم، هەر لە گۆرانی داواکراوەوە تا مشتومڕە فیکرییە خوێناوییەکان و تەنانەت چەلەحانێ جوێناوییەکانیش. ڕێ دەکەوێ، هاوزەمان دوو ڕادیۆی کوردی پێکەوە دەست بە پەخش دەکەن، لەم حاڵەتانەدا دوو ڕادیۆ دێنم و گوێ لە هەردوو لایان دەگرم، یان لە یەکێکیاندا قسەدەکەم و گوێ بۆ ئەوی تریان شل دەکەم. یان کە لە یەکێکیاندا دەپەیڤم، لەوی تریاندا سەرەی ئاخاوتنم گرتووە. گرنگترین ئیشم هەبێ، لەبەر گوێ بۆ ڕادیۆ ڕادێران پەکی دەخەم. لە کاتی پەخشی ڕادیۆدا، نە دەرگا لە کەس دەکەمەوە، نە وەڵامی تەلەفۆن دەدەمەوە. ئەگەر ماڵەکەم ئاگری تێ بەربووە، ڕادیۆکە بەجێ ناهێڵم.
جارێکیان زەنگم بۆ ڕادیۆی شەوچەرە، بەو مەبەستەی چەند بروسکەسەرنجێ سەبارەت بە ئازادیی ژنان دەرببڕم، لێ دا. ژنێ کە پرۆگرامەکەی بەڕێوە دەبرد، لای خۆی ڕێگەم بۆ خۆش بکا، پێی گوتم:
‹کاکە تۆ تەواو بێتام و ناخۆشت کردووە، ڕادیۆ نییە تەنگت پێ هەڵنەچنیبێ، جار

نیـیـه زەنگ لێ نـەدەی، پرۆگـرام نیـیـه بەشـداریی تیـا نـەکـەی، قـەت لە کـورتی نایبڕیتـەوە. برای بابم: ببوورە، ئەمشەو ناتخەمـە سەر ئەنتێن و ناهێڵم یەک وشە بدرکێنی، بەڵام بەڵێن بێ هەفتـەی داهاتوو ماوەی ڕادیۆکەمان کە دوو سـەعاتە، هەر هەمـووی بۆ تۆ تەرخـان دەکـەین و هەر ئێـسـتـاش گـوێگرە ئازیزەکـان لەو بارەیەوە ئاگادار دەکـەینەوە. خـۆت تەواو تەیار و ئامـادە بکە! هەرچیت هـەیە، بە ئارەزووی دڵی خـۆت بیـڵێ، بەڵام بە مـەرجێ ئیـدی ببـڕای ببـڕ تەلەفـۆنمـان بۆ نەکەیتـەوە. بە ڕاست تۆ کە هێندە شـەیدای ڕادیۆی، بۆ ئێرگـەیە ناکەیتـەوە؟ خـۆ ڕادیۆمان بۆ تۆ دانەناوە! ئەوە تۆ گوێگری ئازیزی یان بەڵای خوای!›
ئای لەو ژنە دەمگـەرمـە، دەتگوت بەڕوو لـە زاریدا تەقـیـوە. بە درێژایی ژیانم وا نەتۆقـیـوم. هەر ئەوق بووم. دەتگوت تەلەفـیـزیۆنێکی گـلـۆپی دەنگ سـووتاوم. بە جـۆرێ حـەپەسـام، ئاسمـانی بەرین، بـە ڕووی چۆلەکـەی وشـەمدا، وەک قـەفـەزێکی تەنگی لێ هات.
ئێستا بیر و بۆچوون و دیتنەکانم، بۆ بڵاوکراوە کوردییەکان دەنێرم. جێی داخە چونکە بەرپرسی هیـچـیـان ناناسم، هەمـیـشـە ناوی نازداری خـۆم لە پۆسـتـەی خوێنەراندا دەبینمـەوە، بەڵام من بڕوام بە مـەحـاڵ نییـە، ئاخر مـەحـاڵیش چەرچڵ گوتەنی: خـەونێکە، ئەگەرچی دوا دەکـەوێ، بەڵام هەر دێتە دی. لە فەرهـەنگی مندا زاراوەی ورەبەردان، جێی نابێتـەوە و زۆر لەوە جیرِ و قـیـرسـیـچـمـەترم، هـەروا بە ئاسـانی گـۆڕەپانی شـەڕی پیـرۆز و ڕەوای فـیـکریی چۆڵ بکەم. مـاوەیەکـە پەیتـا پەیتـا، لە ڕێی نامـە و فـاکس و پۆسـتـی ئەلکترۆنییەوە، گوشـارێکی هەمـەلایەنە و بەربڵاوم خـسـتـۆتە سـەر بەرپرسـانـی بڵاوکـراوە کـوردییـەکـانی ئـەورووپا، بەو ئومـێـدەی ڕۆژێ دابێ، دەرگـای پەخش بە ڕووخـسـاری گـەردلێنیـشـتـووی نووسـینەکـانمـدا بکەنەوە و گـۆرانی و شـەقـژنی پۆلە قـاز و قـوڵینگـی وشـەکـانم، هێمنیی ئاسمانی جیهان بشڵەقێنن.
سـەرکەوتووترین نووسـەریش گلانی بە خۆوە دیوە. بەئازارترین نسکۆی من، ئەو جارە بوو کە دەستـەی نووسـەرانی گۆڤـاری بەربانگ، لە لاپەڕە 25 ی ژمارە 116 یاندا، بۆیان نـووسـیبـووم: ‹بنێشت بە تورکی سـاقـزە؛ بەوەدا هـەر وەکوو بنێشت توند پێـمـانەوە لکاوی و بە هیچ جـۆرێ لە بەرۆکـمـان نـابێـتـەوە، هـەق بوو ناوت ڕەحمـان ساقزی بێ، نەک سـەقزی.› ژانی بەسوێی تیری ئەم پلارە، زێتر خـۆشـەی کـردم و لە دڵی خـۆمـدا گـوتم: ڕامبـۆی گـەورەشـاعـیـر، ڕێگـەیەکی سـەدان جـار تاقیکراوەی بێ ترس و کۆسپی نەگرتە بەر، ڕێیـەکی نوێی بینییـەوە، دەبێ منیش شاڕێیەکی تایبەت بە خۆم بدۆزمەوە.

2000. 06. 21

## پیاسەی نێو دارستان

لە مێژە باوی ئەو گوتەیە نەماوە کە دەڵێ: « ئەوی هەق نەبێژێ، شەیتانێکی لاڵە.» گرنگ ڕاستی گوتن نییە، ئاخر ڕاستی هەمیشە بۆ گوتن ناشێ. ئەوە گرنگە ئەوی دەیڵێین درۆ نەبێ. من تەمەنم لە نێوان پەنجا و شەستدایە. لێرەدا ئەگەرچی ڕاستیم نەدرکاندووە، وەلێ درۆیشم نەکردووە. ساڵێ لەمەو بەر لە سەر کۆمەڵێ ناکۆکیی کۆن و نوێ، لەگەڵ ژنەکەمدا لە یەکدی جوێ بووینەوە. ئەوە چەند مانگێکە دەمەوێ لە ڕێی لاپەڕەی «کۆنتاکت»ی ڕۆژنامەی شارۆچکەکەمانەوە ژنێکم دەست بکەوێ.

یەکەم جار لە پێناوی ڕاوی ژنێکدا، بەم کورتە ڕستانە خۆمم ناساند: «تەمەنم لە نێوان پەنجا و شەستدایە. حەزم لە پیاسەی هێمنی دوو بە دووی دارستان و لە خواردنی دووقۆڵیی ئێوارانی بەر تیشکی مۆمە. ئەگەرچی باری ئابووریم تا بڵێی باشە، وەلێ نە جگەرە دەکێشم و نە هێندەیش شەیدای خواردنەوەم. ڕووخۆش و چالاکم و بۆ ئەوە دەست دەدەم متمانەم پێ بکرێ. ماچت دەکەم و لە ئامێزت دەگرم. »

ڕۆژان تێپەڕین و هیچ ژنێ پێوەندی پێوە نەکردم. زۆر جار بیرم بۆ ئەوە دەچوو، منیش وەک ڕەحمان بکەم. ئەو پیاوە، وەک تەمەن لە من هەڵکشاوتر بوو، نە دانێکی ئۆرگینالی لە دەمیدا مابوو، نە تاڵێکی ڕەش لە قژیدا، کەچی لە دوای ڕاپەڕینەوە سێ جار گەڕابووەوە و هەر جارەی بە دیجلەدا ژنێکی پەڕاندبووەوە شام و دواتریش گەیاندبوویە سوێد. ئەگەرچی بە ساڵێ ژنێکی دەگەیاند، کەچی دوای شەش مانگ لێی جیا دەبووەوە. بریا ئەوی بەو دەکرێ، بە منیش دەکرا.

دوای سێ چوار مانگ نائومێدی، نامەیەکی دیکەم بڵاو کردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: «تەمەنم لە شەست کەمترە. جگەرەکێش و سەگدۆستم. چێشتلێنەرێکی باشم. ئارەزووی گەشت و گوزار دەکەم. تامی تەنیاییت دەڕەوێنمەوە. خۆشیت پێ دەبەخشم و هاوبەشی خەمت دەبم. ڕاموسان و لێکئالان. »

ئەمەیان دوو درۆی خاوێنی تێدا بوو، ئاخر لە ژیانمدا نە لێوم بەر جگەرە و نە دەستم بەر سەگ کەوتووە.

مانگێ بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم نامەیەشدا تێپەڕی و ژنێ زەنگی لێ نەدا. ئیدی فێری هونەرەکە بووم، هەفتەی یەکێکم بڵاو دەکردەوە. ئەوە بوو دوای نزیکەی

بیست نامەی جیاواز، شەوێکیان ژنێ زەنگی لێ دا و ئامادەیی خۆی بۆ یەکتری بینین، دەربڕی. کە بۆ ڕۆژی داهاتوو، یەکدیمان بینی، بە کەڵکی پیاسەی شان بە شانی نێو دارستان نەدەهات، دەبوو بۆ ئەوەی ڕەت نەبا، بچمە ژێر باڵی، ئاخر دەستی بە گۆچانەکەیەوە دەلەرزی.

ڕەحمانی خاوەن ئەزموونی ناسیاوم، تازە نامیلکەیەکی بە ناونیشانی: چۆن لە باشووری کوردستانەوە شەکرەژنێک بۆ باکووری ئەورووپا دێنی، بڵاو کردبووەوە، دوای ئەو کارەساتە دانەیەکم لێ کڕی و بلیتی گەڕانەوەم بڕی.

2000. 07. 05

## ئەدەبی بەرگری

بە داخـەوە تا هەنووکە کـەس دەسـتی نەپەرژاوە، قسە نەسـتەقـەکانی ڕەحـمـان بنووسـێـتـەوە، چونکە کـاری باش ئەگـەر درەنگیش بکرێ، باشـترە لەوەی هەرگـیز نەکرێ، لەمەو دوا هـەوڵ دەدەم، ئەو ئەرکە مێژووییە ڕابپەڕێنم.
ڕەحمان لە شـار کادیرێکی چالاک بوو، زۆر بـە گەرمییـەوە و سۆفییـانە سـەرقـاڵی خـەباتی نهـێنی بوو، کە لە کۆتایی سـالانی حـەفتـادا ناوی بـۆ سـەربازی هاتەوە، پێوەندیی بە شـۆڕشی نوێی گـەلە بەشـخوراوەکەمـانەوە کرد و لە تیپی بیست و یەکی سەگرمە، بوو بە بەرپرسی دارایی و بە بیست و دوو ڕۆژ هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە و وازی لە پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن و کوردایەتیش هێنا.
ڕەحـمـان پیـاوێکی سـووکـەڵە بـوو، هەر پەنجـا کیلۆ دەبوو. باڵایشی هەر مـەتر و نیوێ دەبوو، کە وازی لە خەبات هێنا، سەرتیپەکەی پێی گوت:
- من دەزانم وردە بۆرژوا ڕاڕا و حـولحـولین، زوو زوو با دەدەنـەوە، کـوڕی تەنگانە نین، ئەمبـەر و ئەوبەریان زۆرە و وەک بەندۆڵی سـەعـاتی چاڵمـە، لەمپـەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی ڕاست دەچن، بەڵام تۆ لە بۆرژوای بچووکیشت تێپەڕاند و هەر زۆر زوو ورەت بەردا و گۆڕەپانی تێکۆشانت چۆڵ کرد!
* ئاخـر وەک دەمـبـینی، من بۆرژوایەکی زۆر بچـووکـم، هەر بۆیە هێـجگار هـێندە زوویش ڕووخام.

*

ڕەحـمـان لە کـوردسـتـان کـە لە شـار بـوو، وێڕای خـەباتی نهـێنی، لە بواری نووسـینیـشـدا چالاک بوو. کـە گـەیشـتـە سـوێد، خـووی دایەوە چیـرۆکنووسـین. جـارێکیـان لە ئێـوارەکـۆڕێکی نووسـەراندا، باس باسـی ئەدەبی بەرگـری بوو، کۆڕگێڕ لە ناساندنی ڕەحماندا کە قسەکەری سـەرەکیی بوو، گوتی: شاسـواری بواری ئەدەبی بەرەنگاری. کە ڕەحـمـان لە باسـەکـەی بووەوە و سـەرەی پرسـیـار و کۆمێنتار* هات، وەک ڕاهاتووم خۆم پێ ڕانەگیرا و گوتم:
- من سەرجەمی بەرهەمی بڵاوکراوەی تۆم خوێندۆتەوە، پێم وایە هیچ چیرۆکێکت ناکەوێتە خانەی ئەدەبی بەرگرییەوە.
چاویلکـەکـەی کـردەوە چاوی، سـەرنجێکی قـووڵی ئامـادەبووانی دا، قـومێ ئاوی خواردەوە و بە کاوەخۆ گوتی:
* گرنگترین خـەسـڵـەتی ئەدەب ئەوەیە کە زێتر لە یەک لێکدانەوە هەڵدەگرێ. پێ

دەچێ تۆ سەرپێیی و ڕووکەشانە بەرهەمی منت بە سەر کردبێتەوە، ئەگەر نا بۆ نموونە لە چیرۆکی ‹جگەرەیەکی داگیرساو›دا، ئەگەر بێتەوە بیرت، کە قارەمانی چیرۆکەکەم چوار جگەرە دەکڕێت و یەکێکیان دادەگیرسێنێ، لەوێدا مەبەستم لەوەیە، کە کوردستان چوار پارچەیە و لە یەکێکیاندا ئاگری شۆڕش هەڵگیرساوە. ‹پێنج خشتەکی› چیرۆکێکی دیکەی منە، کە پاڵەوانەکەی تاک دینارییەک دەردەهێنێ و بە شاعیرە گەورەکە دەڵێ: دەتوانی ئەم دینارەم بۆ تەخمیس بکەی؟ ڕەنگە تۆ وات لێکدابێتەوە، کە داوای چوار دیناری لێ دەکا. نەخێر، مەبەستی ئەوەیە، مەسەلەی کورد لە هەر پێنج پارچەکەدا، هەر یەک مەسەلەیە و شاعیری نەتەوەیی نابێ لایەنگری ناوچەگەری بێ و پێویستە شیعر بۆ سەراپای کوردستان بڵێ. ئەدەبی بەرگری: بەگەڕخستنی ڕەمزە، نەک بڵندکردنەوەی دروشمی زەق و نەڕەنەڕکردن. بیکۆن گوتەنی: ‹ڕووبار تا قووڵتر بێ، هێمنترە،› نووسەری گەورەیش دەنگی نزمە، وەلێ بەرهەمی بەرزە.

2000. 07. 07

* تەعلیق

## ناواخن


وتوویژ ........................................................ ٥
خەم و شیعر .................................................... ٧
دال و نوقتە .................................................... ٩
گەڕان لە دووی سەروا ........................................ ١١
شاعیری گۆڕستان .............................................. ١٤
گەڕان لە دووی ژن ............................................ ١٨
چەک و قەڵەم ................................................ ٢١
کۆیلەی دلۆڤان ................................................ ٢٤
سەعاتی ئاو ................................................... ٢٨
خەجێ قالۆرە .................................................. ٣٠
هونەری وەرگێڕان ............................................. ٣٣
ڕاوەپیرێژن .................................................... ٣٥
مەمک و نارنجۆک ............................................. ٣٨
ڕەخنە لە خۆ گرتن ............................................ ٤١
ژن لە ڕوانگەی سەرکردەوە .................................. ٤٣
حەبی خەو .................................................... ٤٦
بەسەرهاتی قەڵەمێکی سەرکێش ............................... ٤٩
نامەی دڵداری................................................... ٥٣
دیمانەیەک لەگەڵ ڕێبەرێکی گەلدا ..............................
٥٦
دیدارێکی نێوان نووسەرێک و سوڵتان........................... ٥٨
میری هەلپەرستان ............................................. ٦٢
تەلەفۆنەشیعر .................................................. ٦٥
بیرەوەرییەکانی گوێگرێکی زیز ................................. ٦٩
پیاسەی نێو دارستان .......................................... ٧١
ئەدەبی بەرگری ................................................ ٧٣

**بەرهەمی چاپکراوی نووسەر**

**کۆمەڵە شیعر**

تاڤگە و بنار ١٩٧٨

سەمای گوڵاڵەسوورە ١٩٨٧

هەڵەبجە غەززەی خەمناکە ١٩٨٨

لە سایەی چەقۆدا ١٩٩٠

پەپوولە پاییزە ١٩٩٣

هاژە ١٩٩٦

نووسین بەبێ وشە ١٩٩٩

**ساتیر**

بۆ بازرگانانی ڕێگەی سوور ١٩٩١

دەفتەری بەرباخەڵی بیرەوەرییەکانم ١٩٩٨

هونەری ڕاوەژن ٢٠٠٠

**ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

وشەکان دەگەڕێنەوە مەداری خۆیان ١٩٧٩

ناوەڕۆک و شێوە لە چیرۆکی کوردیدا ١٩٩٢

سەبارەت شیعری هاوچەرخی کوردی ١٩٩٢

شیعر و هەڵوێست ١٩٩٤

یەکێتی نووسەرانی کورد چی بەسەر هات؟ ١٩٩٤

گۆرانییە باڵنەکراوەکان ١٩٩٤

شیعر و تەور ١٩٩٨

زەردەخەنەی هەنسک ٢٠٠٠

نامەیەک لە هەولێرەوە ٢٠٠٠

**وەرگێڕان لە سوێدییەوە**

کورتەی مێژووی سوێد ١٩٩١

کورتەی جوگرافیای سوێد ١٩٩٢

چاوشارکێ (چیرۆکی منداڵان) ١٩٩٣

بەرهەمەکانم بەم ناونیشانە داوا دەکرێن
Hamasaeid Hassan
VASA V. 20 B
641 32  K- HOLM
Sweden

من ئەو شتانە دەڵێم کە زۆربە پێی وایە، بۆ گوتن ناشێن، ئەو شتانە دەنووسم کە نووسەرانی دیکە لێیان بێ دەنگن. کە دەنووسم هیچ شاکارێکی هیچ نووسەرێکی مەزن، ناکەم بە نموونەی باڵا و پێوانە، خەو بە ڕچە شکاندنەوە دەبینم. من وای بۆ دەچم بەرهەمی ئەدەبی نەک هەر پێوەندییەکی قووڵ و پتەوی بە واقیعەوە هەیە، بەڵکو بەشداری لە گۆڕینیشیدا دەکا، ئەوە نەبوو ڕۆمانی کووخەکەی مام تۆم، یاسای ئەمریکای سەبارەت بە کۆیلە گۆڕی.

KONSTEN ATT FÖRFÖRA
KVINNOR

SATIR

Hamasaeid Hassan

stockholm

2000

ISBN 91-972097-8-3

# [illegible]

# هونەری ڕاوەژن